دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٦٣

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

شەممە ● ١٢ی جۆزەردانی ١٣٨٦ ● ٢ی ژوئەنی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## ئەمریکا، دانیشتووانی ئەو وڵاتەی لە ئاکامەکانی سەفەر بۆ ئێران ئاگادار کردەوە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەك دا ئەمریکاییەکانی لە ئاکامەکانی سەفەر بۆ وڵاتی ئێران ئاگادار کردەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم بەیاننامەیەدا نووسی: هاووڵاتانی ئەمریکایی لەوانەیە کاتی سەفەر بۆ ئێران یا لە ماوەی مانەوە لە ئێران دا بکەونە بەر ئازارو ئەزیەتو دەستبەسەری.

لە بەیاننامەکەدا گوتراوە: لەم دواییانەدا بەرپرسانی ئێرانی ڕێگایان لەوە گرتوە ژمارەیەك هاووڵاتی ئێرانی ـ ئەمریکایی کە لەبەر کاروباری شەخسی چوو بوونەوە ئێران، لەم وڵاتە بچنە دەرو، هێندێك لەوانیان بە تاوانی پرمەترسیی وەك جاسووسی خستۆتە زیندان.

ماڵپەڕی: ایران امروز

# ئێران، جەهەننەمێك بۆ ژنان



قادر وریا

ئەو دیمەنانەی ماوەیەکە لە سایتە ئینتێرنێتی‌یەکان‌و تەلەڤیزیۆنە فارسی زمانەکان بەتایبەتی VOAدا لە باری ڕەفتاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنانی ئێران دەیان بینین، لە زۆر بارەوە جێگای سەرنجن. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ژێرناوی پەرەپێدانی چاکەو گێڕانەوە لە خراپە "(امر به معروف و نهی از منکر)" پۆلیسی تایبەتی خۆیان لە گیانی ژنان بەرداوە تا لە خراپە بیانگێڕنەوەو ناچاریان بکەن "ڕێوشوێنەکانی ئیسلام لە بارەی چۆنیەتیی خۆ داپۆشین‌و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دروست" بگرنەبەر. بەڵام ئەو دیمەنانەی دەیان بینین شتێکی تەواو پێچەوانەمان پێشان دەدەن.

ئەو ژنانەی بە تاوانی بەدحیجابی دەدرێنە بەر لێدان‌و شەڵاڵی خوێن دەکرێن، وەك لە زۆر هەڵشاخان‌و بەگژدا هاتنەوەکانیان لەگەڵ سەرکوتکەران‌و پەلاماردەران را دەردەکەوێ نەك فەسادو بەرەڵڵایی‌و بێ ڕەوشتی، بەڵکوو سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێك کە لەبەرکردنی جلوبەرگی دڵخوازو ڕێکخستنی ڕواڵەت بە گوێرەی سەلیقەی خۆیەتی، داوا دەکەن. ئەوان هەروا کە هێندێکیان لەو پەڕی بوێری‌و بێزاری‌دا هاوار دەکەن ئازادییان دەوێ، بەڵام سەربەست بوون لە هەڵبژاردنی جلو بەرگو ڕێکخستنی قژو خۆداپۆشین دا، لقێکی بچووك لەو ئازادییانەیە کە ژنانی ئێران لە هەموو بوارەکان دا داوای دەکەن‌و، دەسەڵاتداران بە ئەنقەست ئەو داوایەی ئەوان لە پشتگوێ خستنی حیجابی ئیسلامی‌و بە گوتەی خۆیان لە بەرەڵڵایی‌و بێ‌ڕەوشتی‌دا، دەنوێنن. ئەم ژنانەی لەسەر شەقامەکان دەکەونە بەر دەستدرێژیی پۆلیسی دەوڵەتی‌و لەگەڵ ئەو پەڕی وەحشیگەری‌و سووکایەتی بەرەو ڕوو دەبن، بەشێکی کەم لە میلیۆنان ژنی ئێرانن کە سەرەڕای هەموو کۆسپ‌و لەمپەرێکی قانوونی‌و کولتووریی دروستکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە، توانیویانە لە بواری جۆراوجۆردا خۆیان پێبگەیەنن‌و، لەگەڵ هەموو ئەو دیوارە بەرزو ئەستوورانەی بە دەوریان دا هەڵچنراوە، لە بارەی پەیبردن بە ماف‌و ئازادییەکانی خۆیان شانبەشانی ژنانی دنیای ئازاد بچنە پێش.هەر شۆر بوونەوەیەك بەنێو بەرهەمە هونەری‌و ئەدەبی‌یەکانی ژنانی ئێران‌و سووکە ڕامانێك لە داهێنان‌و پێشکەوتنی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی ئەوان دا، پێمان دەڵێ ئەوان لە باری فکرو مەعریفەت‌و عەقڵ‌و هۆش‌و بڕوا بەخۆبوونەوە زۆر لە وەگەورەترن لەو دۆزەخە هەزار بەهەزارەدا کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆی دروست کردوون‌و، لە مرۆڤبوونی خستوون، بحاوێنەوەو، لێی بێدەنگ بن. ئەم ئیرادەیەی پاڵ بە ژنانی ئێرانەوە دەنێ بەگژ پۆلیسی چەك لە شان‌و گۆپاڵ بەدەست دا بێنەوەو لێچکەو رووسەری‌یەکانیان وەك دیاریی ئەم ڕێژیمە ئازادیکوژە بە بەرچاوی کامێراکانەوە بخەنە ژێر پێ، بزووتنەوەیەکی ژنان بە پانایی ئێرانی لە پشتە کە داواکارە هەرچی نایەکسانی‌و کۆت‌و بەندی قانوونی‌و ناقانوونیی ئەم ڕێژیمە بۆ ژنان بە دیاریی هێناوە، هەڵ بوەشێنەوە. ژنانی ئێران هەم لە باری تێگەیشتنەوە بەو ئاستە گەیشتوون کەچی دیکە حاشا کردن لە مرۆڤ بوونی خۆیان تەحەمول نەکەن، هەم گەیشتوونە ئاستێك لە بێزاری‌و تووڕەیی کە ڕێگایەکی دیکەی بێجگەلە تەقینەوە بە رووی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستییان دا بۆ نەماوەتەوە.

بێدەنگ نەبوون لەم جینایەت‌و تاوانانەی لە ئێران بە دژی ژنان دەکرێن، ئەرکی هەموومانە.دەسەڵاتدارانێك کە بیرکردنەوەو ڕوانینی دژبەژن‌و کۆنەپەرستانەیان‌و سیاسەت‌و کردەوەکانیان، لەبارترین هەلومەرجی بۆ پەرەگرتنی فەحشاو بێ‌ڕەوشتی‌و کەڵکی خراپوەرگرتن لە ژنان‌و لێك هەڵوەشانی بنەماڵەکان لە کۆمەڵی ئێران دا ڕەخساندوە، چاری هەموو گەندەڵ بیری‌و گەندەڵکاریی خۆیان لە سەرکوتی ژنان دا دۆزیوەتەوە. ئەویش لە ساڵێك دا کە کومیسیۆنی مافی مرۆڤ بە دەنگی ڕێژیمە دژی ئینسانی‌یەکانی وەك کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمەی لە لیستی وڵاتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤ دەرهاویشتوە! دەبا لەگەڵ ئەو لێچکەو رووسەری‌و جلوبەرگە داسەپاوانەی ژنان بە سەرو چاوی خوێناوی‌یەوە لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران، فڕێیان دەدەنە بەرپێیان، دەمامك لەسەر کۆماری ئیسلامی‌و پشتیوانەکانی لە کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەیی‌یەکان دا، فڕێ بدەین‌و نیوەڕۆکی ڕاستەقینەیان لە قاو بدەین. ئێران، لە سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا بووە بە جەهەننەمێك بۆ هەموو دانیشتووانی، بەڵام ژنان لە ریزی پێشەوەی قوربانی‌یەکانی ئەو دۆزەخە دان. ئێستا کە ئەوان لە ریزی هەرە پێشەوەی کەسانێك دان کەلەو دۆزەخە ڕاپەڕیون، با وێکڕا بە فریایانەوە بچین.

## جۆرج بووش داوای ئازادیی ئەمریکایی‌یە بەرەگەز ئێرانی‌یەکانی کرد





سەرکۆماری ئەمریکا داوای کرد ئەمریکایی بە ڕەگەز ئێرانی‌یەکان کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون ئازاد بکرێن.

لە بەیاننامەیەك دا، جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا ڕای‌گەیاند: " ئێران دەبێ هەرچی زووترو بێ هیچ مەرجێك ئەو چوار ئێرانی‌یە ئەمریکایی‌یە کە بە تاوانی جاسووسی گرتوونی، ئازاد بکاو زانیاریی پێویست لە بارەی مەئمووری پێشووی پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکا (FBI) کە لە ئێران بێ‌سەرو شوێن کراوە، بڵاو بکاتەوە."

بووش گوتی:" دەستبەسەر کردنی ئەو کەسانە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە توندی مەحکووم دەکەم. ئەو کەسانە خۆیان تەرخان کردوە بۆ پێکهێنانی پێوەندیی نێوان خەڵکی ئێران‌و ئەمریکا ئەوەش ئامانجێکە کە دەوڵەتی ئێران دەڵێ پشتیوانیی لێ دەکا." ماڵپەڕی: "اخبار روز"

## جێژنی دوو جێژنی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزب لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دا



دوانیوەڕۆی هەینی ١ی ژوئەنی ٢٠٠٧ (١١ی جۆزەردانی ١٣٨٦) لە ساڵۆنی ڕێورەسمەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسی ڕێورەسمێکی شاد بە بەشداریی سەدان منداڵ‌و بە ئامادە بوونی بنەماڵە حیزبی‌یەکان‌و ژمارەیەك میوان بەڕێوە چوو. ئەمساڵ لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دا، شانبەشانی ڕێزگرتن لە منداڵان، تێپەڕینی ٥ساڵ بەسەر تەمەنی پاشکۆی تایبەت بە منداڵانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، " دنیای منداڵان"و دەرچوونی ٦٠ ژمارەی ئەم بڵاو کراوەیەش کرا بە جێژن.

لە سەرەتای جێژنەکەدا ٥مۆم بە نیشانەی تێپەڕ بوونی ٥ساڵ بەسەر تەمەنی " دنیای منداڵان"دا لەلایەن ٥ منداڵەوە داگیرسا. دواتر پێنج منداڵ کە هەریەکەی کارنامەی ساڵێك لە تەمەنی "دنیای منداڵان"یان دەگێڕایەوە هاتنە سەر شانۆو پانۆرامایەك لە دەستکەوتەکانی ئەم بڵاو کراوەیان پێشکێش کرد.

٩

## ڕێژیمی ئێران دەیەوێ دەرچوونی بڕیارنامەی سێهەمی ئەنجومەنی ئاسایش دوا بخا

ئەگەرچی وتووێژەکانی نێوان خاویەر سۆلانا بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاو عەلی لاریجانی، دەبیری شووورای بەرزی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە سەر هەڵپەساردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ئاکام نەگەیشت، ڕۆژی هەینی ١ی ژوئەن، هێندێك لە ڕاگەیانەکان ڕایان گەیاند کە عەلی لاریجانی ئامادەیی ئێرانی بۆ تەحویلدانی سەرجەم زانیارییەکانی پێوەندیدار بە چالاکی‌یە ئەتومییەکانی ئێران بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیی ڕاگەیاندوە.

هەواڵدەریی ئاسوشیتێدپرێس لە زمانی کاربەدەستە ئاگادارەکانەوە ڕای‌گەیاند کە هاوکاریی ئێران لە بواری ڕەتکردنەوەی چالاکییە ناوکییەکانی ڕابردوو بە خاڵێکی گرنگ دەژمێردرێ‌و ڕوونی دەکاتەوە کە هەوڵەکانی ئێران لەم بوارەدا ئاشتیخوازانە بوون یان نا؟ هەر ئەو کاربەدەستانە دەڵێن وا دێتە بەرچاو کە ئەم هەنگاوەی ئێران بۆ وەدواخستنی بڕیارنامەی سێهەمی ئەنجومەنی ئاسایش لە بارەی ئێرانەوە بێ کە زۆر لە دوو بڕیارنامەکەی پێشتر توندتر دەبێ.

سەرچاوە: ڕادیو فەردا

## وەزیری بەرگریی ئەمریکا:
## هەر ئێستا گوشارەکان بۆسەر ئێران زیاد بکەن

ڕابرت گەیتس وەزیری بەرگریی ئەمریکا داواکارە گەمارۆی توندتر لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانی‌یەوە، بخرێتە سەر ئێران‌و، وریا کردنەوەی‌دا کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕادەگا.

گەیتس لە کۆبوونەوەی ئاسایشی نیونەتەوەیی لە سەنگاپووردا گوتی کە زانیاری‌و هەڵسەنگاندنەکانی ئەمریکا دەری دەخەن کە ئێران لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٥دا دەتوانێ چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ. ناوبراو گوتی هێندێکیش لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ساڵانی ٢٠٠٨ یا ٢٠٠٩دا ئێران ئەم توانایەی دەبێ. ڕابیرت گەیتس لە قسەکانی‌دا داوای کرد ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، گوشارەکانی خۆی بۆ سەر ئێران، نەك ساڵی داهاتوو، بەڵکوو هەر ئێستا زیاد بکا. دیارە ناوبراو هەر لەو کاتەدا گوتی بە قازانجی هیچ کەس نیە کە ئەم کێشەیە لە ڕێگای سەربازی‌یەوە چارەسەر بکرێ.

ماڵپەڕی: BBC Persian




وڵاتی مالیزیم چۆن دیت ١١



نەوەی نوێ‌و واقعی هەنووکەیی فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٠



هێمنایەتیی عێراق لە کوێی ناکۆکییەکانی نێوان واشنگتۆن‌و تاران دایە؟ ٩



جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ ٨



وتووێژ لەگەڵ سەرنووسەری "دنیای منداڵان" ٥



وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە چل ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٧ـ٤٦دا ٢

### مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێوڕەسمی چل ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦دا:

# سەربەرزین کە مێژووی حیزبەکەمان ڕووداوی وا گەورە (ڕاپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦) و قارەمانانی وا گەورەی تێدا هەڵکەوتوون

**ڕۆژی ٢٥ی بانەمەڕ ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی چلەمین ساڵی دەست پێکردنی ڕاپەڕینی پڕشانازیی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات لە ساڵانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی هەتاوی (٦٨ ـ ١٩٦٧ی زایینی)دا بەڕێوە چوو. لەو ڕێورەسمەدا کە ڕاپۆرتەکەی لە ژمارەی ڕابردووی "کوردستان"دا بڵاو بۆوە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وتارێکی گرنگی پێشکێش کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن زادە لەو ڕێورەسمەدایە:**

هاوڕێیانی خۆشەویست! خوشك و برا بەڕێزەکان! ئەم کاتەتان باش و بەخێر بێن بۆ کۆڕیادی ڕاپەڕینی پڕشکۆی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی١٣٤٧ـ ١٣٤٦ دا. سوپاسی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە زەحمەتیان کێشاوە و ئەو مەراسمەیان بەو بۆنەیەوە پێك هێناوە. سوپاسی ئێوەش دەکەم کە بۆ ڕێز گرتن لە یادی قارەمانێتی و فیداکاریی کۆمەڵێك لە باشترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و هاوسەنگەرانی خۆتان لێرە کۆبوونەتەوە.

کۆبوونەوەیەکی کە ئەمڕۆ گرتوومانە دەگەڵ هەموو شانازی، زۆر کەمترە لەوەی وڵامدەری ڕووداوێکی تاریخی، گەورە و گرانی مێژووی حیزبەکەمان و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بێ. ئەم ڕاپەڕینە هەڵدەگرێ کە ساڵانە لە نێوخۆی وڵاتەکەمان، لە کۆمەڵی زۆر بەرفراوانتر یادی بکرێتەوە.

زۆر جار ڕووداوە تاریخییەکان حەقی خۆیان پێنادری و بە تایبەتی لە وەختی خۆیان دا وەکوو هەن نابیندرێن. ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧ـ ١٣٤٦ یەکێك لە بەرچاوترینی ئەو ڕووداوە مێژوویانەیە. ئەو وەخت سیستمی حکوومەتی لە وڵاتەکەماندا سیستمێك بوو کە ئیدیعای دەکرد: ئێران جەزیرەی ئارامی نێو ئۆقیانووسی پڕ تەلاتومی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بۆیە بە هەموو وەسیلەیەك و بە هەموو توانایەك هەوڵی دەدا هەر دەنگێکی موخالیف لە گەرووی دا کپ بکا. وەسایلی پێوەندی وەکوو ئەورۆ پێشکەوتوو نەبوو، ئینتەرنێت نەبوو، ڕۆژنامەی ئازاد نەبوو، موبایل و تەلەفون لە ئیختیاری خەڵك دا نەبوو و پێوەندیی تێکۆشەرانی بەشداربووی ئەو ڕاپەڕینە لەگەڵ دنیای دەرەوە لەو پەڕی کزی و بێدەرەتانیی خۆی دا بوو. بۆیە ئەو ڕاپەڕینە دەنگی لێوە نەهات. نەك لە ئێران دەنگی نەدایەوە، نەك لە ناوچە ڕەنگدانەوەی نەبوو. تەنانەت هەموو بەشەکانی کوردستانیش، هەموو بەشەکانی کوردستان هەر لە کوردستانی خۆمان ئاگایان لێ نەبوو، یان داستان و ئەفسانەیان لێ ساز دەکرد کە داستانی زۆر جالب جالبی لێ ساز ببوون. یان ئەوە ئاگایان لە حەقایقی ئەو بزووتنەوەیە و ڕووداوەکانی ئەو بزووتنەوەیە نەبوو.لەوە ناخۆشتر ئەوە بوو تەنانەت لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا ئەو ڕاپەڕینە وەکوو هەبوو سەیری نەدەکرا. وەختێك لە ساڵی ١٣٥٢ کۆنگرەی سێهەممان گرت، دوو باسی زۆر گرینگ و پڕ موناقشە هاتنە پێشێ یەکیان لە سەر کۆنگرەی دوو بوو کە ئایا لە تاریخی حیزبی دێموکراتدا بە کۆنگرە حیساب بکرێ یان نا؟ ئەوەی دیکەیان ڕاپەڕینی ٤٧ ـ٤٦ بوو کە ئایا وەکوو یاخی بوونێك سەیری بکرێ یان وەکوو ڕووداوێکی پرشانازیی مێژووی حیزبەکەمان. پاش موناقشەیەکی زۆر کە لە سەری کرا کە بەخۆشی یەوە هەردووکیان ئەو حەقەیان پێ درا کە دەبوو پێیان درابا.

کۆنگرەی دووهەم بە هەموو کەم و کۆڕیەکانیەوە بەشێکە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناحەق بوو بسڕێتەوە. ڕاپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦ یش کە سەعی دەکەین کەمێکی باس بکەین، بەشێك لە باشترین ڕۆڵەکانی مە بەشداری بوون، بەشێك لە بەقیمەتترین خوێنەکانی ئێمەی تێدا ڕژان، تەجروبەیەك و ئەزموونێك و شانازیەکی زۆر گەورەی بۆ حیزبی دێموکرات بەجێ هێشت. بۆیە ئەویش هەر بەو چاوە سەیر کراوە، سەرئەنجام بە مەنتیقی شۆڕشگێڕانە بڕیار درا کە ئەوە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆری بەو ڕاپەڕینەو بە زۆر ڕووداوی مێژوویی دیکەی قەرزدارە. ئیستا کە بڕیارمان داوە بە خۆمان دا بچینەوە و ڕەخنە لە ڕابردووی خۆمان بگرین زۆر بەجێیە ئیعتراف بکەین کە ئێمە زۆر ڕووداوی تاریخیمان بەو جۆرەی کە هەیە، نەك هەر بایەخ پێنەداون تەنانەت سەبتی مێژووشمان نەکردوون.

لێرە ئیشارە بەوە کرا کە مانگی بانەمەڕ چلەمین ساڵڕۆژی بەرپا بوونی ئەو ڕاپەڕینەیە. با من عەرزتان بکەم ئەوساڵ چلەمینساڵیادی ئەو ڕاپەڕینەیە، چونکە بەو پەڕی ئینسافەوە دەڵێم ئێمە نەمانتوانی لە نێو هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دا ڕۆژێك بۆ سەرەتای ئەو ڕاپەڕینە ساخ کەینەوە. ئەوە نەقسێکی گەورەیە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. لەوانەش بگەڕێتەوە، بەداخەوە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستاش نازانین گڵکۆی زۆر لە شەهیدانی ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧ لە کوێن. با ئازا بین بڵێین ئەوە عەیبێکی گەورەیە، کەم و کۆڕی یەکی گەورەیە بۆ حیزبێکی سیاسی کە خۆی بە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی حەقخوازانە دەزانێ و، میللەتی کوردیش ئەو حەقەی پێداوە. دەزانین دوو لە شەهیدانی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ دوو برای موعینین، سولەیمانی موعینی و عەبدوڵڵا موعینی. لە سەر گڵکۆی شەهید سولەیمانی موعینی خوشکەکانی بۆ براکانیان دەگرین. هەر یەکێ خوشکێکیان هەیە لە دایکی خۆیانە و ئەوی دیکەش خوشکێکی هەیە کە لە دایکی خۆیەتی. خوشکەکەی کاك عەبدوڵا بە خوشکەکەی کاك سولەیمان دەڵێ و دڵخۆشی دەداتەوە و پێی دەڵێ: هیچ نەبێ تۆ گڵکۆیەك هەیە کە لە سەری ڕاوەستاوی و فرمێسکی لە سەر دەڕێژی بەڵام من نازانم گڵکۆی براکەم لە کوێیە. کەوابێ ئەو ڕووداوە بۆیە دەبێ زۆری لە سەر بڵێین، زۆری کار لە سەر بکەین، ئەو دەینانە بۆ وان و زۆر شەهیدی دیکەی ئەو ڕاپەڕینە ئەدا بکەین.

ئەو ڕووداوە بۆوەی دەبێ بیجگە لە حیزبی دێموکرات، مێژوونووسانی کورد لێی بکۆڵنەوە. خوێندکارانی دانیشگاکان تێزی دوکتورای لە سەر بنووسن. هۆیەکانی بەرپا بوونی ئەو ڕاپەڕینە، ڕووداوەکانی، پێوەندییەکانی، هۆیەکانی ڕووخانی، قارەمانەتییەکانی، عەیبەکانی، کەم و کووڕییەکانی هەموویان بۆوە دەبن کە کتێبیان لە سەر بنووسن، زۆریان لە سەر بگوترێ و تەحقیقی زۆریان لە سەر بکرێ تا وەکوو سەرمایەیەکی بەنرخ وەکوو ئەزموونێکی گەورە بدرێنە دەستی نەوەکانی دوارۆژ. ئەوانە دەبێ لەمەودوا ڕێگەی ئەو شەهیدانە بگرن و هەوڵ بدەن ئاواتەکانیان بێنە دی.

زۆر بە ڕاشکاوی و سەراحەت و شوجاعەتەوە دەبێ بڵێین ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧ ڕاپەڕینێك نەبوو بە دڵخواز دەستی پێ بکرێ. بەداخەوە ئەگەر حیزبەکەمان لەوبارەیەوە کەموکۆڕی هەیە، ئێمە وەکوو تێکۆشەران ڕەنگە پتریشمان هەبێ. ئەمن نامەیەکی مێژوویی مەلا ئاوارەی شەهیدم لێ فەوتا کە سەنەدێکی گەورە بوو بۆ ئەورۆ. لە پاییزی ١٣٤٥دا نووسیویێتی. دیارە ئەو لە کوردستانی گەرمێن بوو، ئەمن لە کوێستان بووم. بۆم دەنووسێ کەلیمەکەیم لە بیرە دەڵێ: دەزانن ماوەیەکە مقۆ مقۆی خەباتی چەکدارانە لە نێو کادر و پێشمەرگەکاندا دەستی پێکردوە. شۆڕشی چەکدارانە بە بێ چەك، شۆڕشی چەکدارانە بە بێ پوول، شۆڕشی چەکدارانە بە بێ تەشکیلات، شۆڕشی چەکدارانە بە بێ پشتی جەبهە! بۆیە داوات لێدەکەم چەندی دەنگت دەڕوا هەوڵ بدە، بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو فیکرە بکەی با گەلەکەمان و حیزبەکەمان تووشی کارەسات نەبن.

ئەم فیکرە، فیکری مەلا ئاوارە بە تەنیا نەبوو، فیکری هاوڕێیانی دیکەش بوو. لە سەروبەندی ڕۆژێکی وەك ئەوڕۆدا کە بەداخەوە دیسان وەکوو ڕەخنە لە خۆم دەڵێم تاریخەکەیم دەقیق لە بیر نیە کە هاوڕێیانی ئێمە لە باشووری کوردستانەوە گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەوەڵ دیدار بوو کە من دەگەڵم دەکردن و لە واقیعدا ئەوەڵ ڕۆژی گەڕانەوەی یەکجاریشیان بوو. باسیان کرد مەرحووم سولەیمانی موعینی وەکوو نەفەری یەکەمی هاوڕێیان دەچوو کە چەند کادر و حدودی چل، پەنجا پێشمەرگە بوون. گوتی: ئێمە ڕێگەمان بۆ نەماوەتەوە، هاتووینەوە لە وڵاتی خۆمان بژین، خەبات بکەین تا شەهید دەبین. یانی لە ڕاستیدا ئەو هاوڕێیانە وەختێك بڕیاریان دا کە مقاومەتی چەکدارانە بکەن لە بەینی دوو ڕێگەی تەسلیم و مقاومەت دا دەبوو هەڵبژێرن و، هەروەك شیاوی هەموو ئینسانێکی شۆڕشگێڕو بەبیروباوەڕە، ئەوان مردنی سەربەرزانەیان هەڵبژارد، بەڵام تەسلیم بوونیان هەڵنەبژارد. زۆر جار ئەو میسالەمان بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات لێداوە کە دەڵێن دێموکرات پۆڵایە دەشکێ بەڵام ناچەمێ، یانی دەمرێ بەڵام تەسلیم نابێ. کەوابێ ئەو ڕاپەڕینە ئامادە نەکرابوو. بەرنامەی کوردخایەن و درێژەخایەنی نەبوو لە باری تەداروکاتیەوە لە حەددی سیفر دا بوو. زۆر چاکم لەبیرە ڕەحمەتیی مەلا ئاوارە پەیکێکی ناردبوو، بۆ لای ڕێبەرێکی کوردی باشوور، داوای لێکردبوو کە شتی بۆ بنێرێ یانی مەبەستم ئەوەیە کە بزانن ئەو ڕاپەڕینە و ئەو عەزەمەتە بە چ ئیمکاناتیکەوە بەڕێوە چوو تا بزانن عەزەمەتی ئەو فیداکارییە چەند زۆرە، هەزار فیشەکی بۆ ناردبوو دەگەڵ دووسەد دینار پوول لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی پاش ١٣٥٨دا ئەگەر ١٠٠٠٠ فیشەکمان دەدا بە هێزێك هەستی بە مەغدووری دەکرد. حەقیشی بوو چونکە جاری وابوو تووشی شەڕی وادەبوو کە بە ڕۆژێکی ١٠٠٠٠ فیشەکی دەویست. کەوابێ چەکی ئەو هاوڕێیانە ئەوەی کە ئەوان پشتیان پێ بەستبوو دوو شت بوو یەکیان ئیرادەیەکی پتەو بۆوەی یان بەسەربەرزی بژین یا بە سەربەرزی سەر بنێنەوە. ئەوی دیکە، پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك بوو. بەڕاستی ئەو ڕاپەڕینە دەگەڵ ئەوەی بۆخۆی وەك کوتم ناتەواو بوو ئامادە نەکرابوو. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەمی تێدا بەشدار بوون، پێموایە هیچ وەختێك ژمارەی پێشمەرگەکانمان نەگەیشتنە ٢٠٠، تەنانەت نەگەیشتە ١٥٠ش، لەگەڵ ئەوەی ڕێژیمی شا ڕاستی دەکرد، کە دەیگوت ئێران جەزیرەی ئارامە، زەبروزەنگ ئێرانی کردبوو بە گوڕخانەیەکی بێدەنگ، بەڵام لەو حاڵەدا ئەوان بە ئازایەتی و قارەمانەتیی خۆیان ئەو جەزیرە ئارامەیان هەژاند. خەون و خەیاڵی ڕێژیمی پاشایەتییان لە هەموو قوڵەچۆماخ و داروودەستەکەی بەڕاستی ئاڵۆز کرد. ئەوان هەر لە مەیدانێك دا قارەمان نەبوون لە هەموو مەیدانەکاندا قارەمان بوون. ئەوە لەبەر ئەوە نیە کە ڕەفیقی خۆمانن و شەهید بوون و یادیان دەکەینەوە، بەڵکوو وەکوو حەقیقەتێك دەبێ

٤ ←

> **ئیستا کە بڕیارمان داوە بەخۆمان دا بچینەوە و ڕەخنە لە ڕابردووی خۆمان بگرین زۆر بەجێیە ئیعتراف بکەین کە ئێمە زۆر ڕووداوی تاریخیمان بەو جۆرەی کە هەیە، نەك هەر بایەخ پێنەداون تەنانەت سەبتی مێژووشمان نەکردوون.**



**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## بۆکان

### تەقەی هێزە ئینتیزامییەکان لە چەند ماشێن

ــ رۆژی هـەینی ٢٨ی بانەمەڕ لـە جادەی بۆکان سەقز مەئمورانی بە ناو (مبـارزە بـا مـواد مخـدر) تەقـە لـە ماشێنێکی تویۆتـای بارهـەڵگر دەکـەن بەڵام گوللەکان وەبەر ماشێنێکی پراید دەکـەوێو لـە ئاکـام دا ماشـێنەکە وەردەگەڕێو یەکێك لـە سەرنشینەکان دەکوژرێ.

شایانی باسە هێزەکانی ئینتیزامی لـە شـەقامی (شـهدا)ش تەقـە لـە ماشێنێکی "پژۆ" کە باری بێنزینی پێ دەبێ دەکەنو لە ئاکام دا ماشێنەکە ئـاگر دەگـرێ و دەبێتـە خـەڵوز و شۆفێرەکە خۆی دەرباز دەکا.

## سنە

### دوو ئەندامی بنەماڵەیەك بەهۆی رووخانی ماڵەکەیان گیانیان لەدەست دا

رۆژی پێنج شەممە ٢٧ی بانەمەڕ بە هـۆی بـارینی بـارانێکی زۆر لـە شاری سنە خانووبەرەیەکی کۆن لـە گـەڕەکی ئاغەزەمانی ئەو شارە تێك رووخا. لـە ئاکـامی ئـەو رووداوەدا ژنێـكو کچـێك گیانیان لە دەست دا.

شایانی باسە لە ئاکامی ئەو شەپۆلی باران بارینەدا لە شـارەدێی نایسـەریش ئاو چۆتە نێو ژمارەیەك لە خانووەکانی ئەو شارەدێیەو زیانو خەسارێکی زۆری بە دانیشتووان گەیاندوە.

## بۆکان

### بەڕێوەچوونی تەرحی ئیرشاد

ماوەیەکە هێزی ئینتیزامی لە شاری بۆکـان جموجۆڵێکیـان لـە ژێـر نـاوی بەڕێوەبردنی "طرح ارشاد" دەست پـێ کردوە. ئـەو هێزانـەی کـە ئـەم تەرحـە بـەڕێوە دەبـەن نـاوی خۆیـان نـاوە "پۆلیسی ئیرشاد". پۆلیسی ئیرشاد بە ماشـێن بـە نێـو شـەقامەکانی شاردا دەگـەڕێنو بـە بیـانووی جۆراوجـۆر بـۆ وێنە "بەدحیجابی" لاوەکان دەگرنو لە بەرچـاوی خـەڵك سـووکایەتییان پێدەکەنو دەیانبەن بۆ پاسگا.

### سنە: دووساڵ زیندان بۆ کەسێکی سنەیی براوەوە

بـە پێـی هـەواڵێك کـە هەواڵدەری موکریـان بـڵاوی کردۆتـەوە، دادگـای شۆڕشـی ئیسـلامیی سـنە، کەسـێکی خـەڵکی ئـەو شـارەی بـەناوی محەمـەد ئـارام نووسـرەتپوور (شـوان) کـوڕی ئـیرەج بـە تـاوانی هـەنگاونان لـە دژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات بـە دوو سـاڵ زیندان مەحکووم کرد.

نـاوبراو کۆتاییـەکانی سـاڵی رابردوو، ماوەیەکی لە زیندان دا تێپەڕ کردو پاشان بە هۆی وەسیقە ئازاد کرا، لە دادگای سەرەتاییدا بە حـەوت سـاڵ حەبسی تەعزیری مەحکووم کرا، بـەڵام لە دادگای چاو پێداخشاندنەوەدا بـۆی کـرا بـە دوو سـاڵ زینـدانی. پێویسـتە بگوترێ محەمـەد ئـارام نووسـرەتپوور، موهەندیسی عومرانو ئەندامی پێشووی تیمی میللیی شاخەوانیی ئێرانە.

## هەمەدان

### رێورەسمێك بە بۆنەی کۆتایی هاتنی خولی یەکەمی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندکارەکان

رۆژی ٣ی جــوزەردانی ١٣٨٦ بەبۆنەی کۆتایی هـاتنی خـولی یەکـەمی فێرکردنــی زمــانی کــوردی بــۆ خوێنــدکارانی زانکــۆی هەمــەدان رێــورەسمێکی رێزلێنــان لەلایــەن ئەنجومــەنی "بــەیان"ی زانکــۆی هەمەدانو ناوەندی "ئەدەب"ی بۆکان لـە سـالۆنی سینەمای زانکـۆدا بـەڕێوە چوو.

لـەم مەراسـیمەدا بڕوانامـەی فێـر بوونی زمانی کوردی لەلایـەن ناوەنـدی ئەدەبـەوە بەسـەر ١٩ کـەس لـە خوێنـدکارانی زانکـۆدا دابـەش کـرا. هەروەها رێـز لـەو خوێندکارە کوردانە گیرا کـە بـۆ دەورەی ماجستێر (فـوق لیسانس) دەرچوونو، خەڵاتیان پێدرا.

لـەو مەراسـیمەدا مامۆسـتایان شـەریف حوسـێن پـەناهیو مسـتەفا ئیلخـانیزادە وتاریـان خوێنـدەوە. مامۆستا قالەمەڕەش بە شمشاڵ لێدان کۆڕەکەی رازاندەوە. لە کاتی شمشـاڵ لێدان دا، مامە قالە چەند جار سروودی ئـەی رەقیبـی بـە شمشـاڵەکەی لێـدا. پاشـان گرووپـی مـوزیکی بۆکـانو گرووپی هەڵپـەڕکێی "خـان"ی سنەش بـە گـۆرانیو هەڵپـەڕکێ درێـژەیان بـە بەرنامەکە دا.

پـاش بـەڕێوە چـوونی بەرنامەکـە، لەلایـەن بەسیجو حەراسـەتی زانکـۆوە بەرپرسـی ئەنجومـەنی بـەیان، بـانگ کـراو هەڕەشـەی لێ کـرا. لـە کـاتی بەڕێوەچـوونی رێوڕەسمەکـەدا، لـە حاڵێك دا هێشتا بەرنامەکە تـازە نیـوە ببـوو، حەراسـەتی زانکـۆی نـاوبراو، بـەرقی سـالۆنەکەی کوژانـدەوە. پێویستە بگـوترێ لـە سـالۆنی شـوێنی بەڕێوەچـوونی بەرنامەکـە دا ئـەم وتەیـەی جاناتـان رانـدال بـە خـەتێکی گەورە نووسرابوو: " کردها تنها ملتی هستند که در سرزمین خود بیگانه‌اند" (کوردان تەنیا نەتەوەیەکن کە لە سـەر نیشـتمانی خۆیـان، بـە بێگانــە دادەنرێن).

پێویستە بگوترێ بە پێـی ئامـاری زانکـۆی هەمـەدان، زۆرینــەی خوێنـدکارەکانی ئـەو زانکۆیـە واتـە نزیکـەی سـەدی ٧٠ی خوێنـدکارەکانی کوردن.

## شنۆ

### لاوێکی زەحمەتکێش بە هۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەست دا

رۆژی ٥شـەمە ١٣٨٦/٣/٣ لاوێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵە بـەناوی کـامران جەهاندڵ کوڕی محەمەد خەڵکی ئـاوایی "پێگەڵـە" کـە لـە گونـدی "خانلـەر" کەڵەوان بوو، بەهۆی دەست تێوەردانی مینێـك کـەلافاو لـە کۆنـە پایـەگای خانلـەرەوە لەگـەڵ خـۆی هێنـابووی، هەردوو دەستو چاوێکی لە دەست داو بـەهۆی سـەختی برینـەکانی رەوانـەی ورمـێ کـرا، بـەڵام بەداخـەوە بـەهۆی قورسـی برینـەکانی لـە یـەکێك لـە نەخۆشخانەکانی ورمێ گیانی لەدەست دا.

### توندوتیژی لە دژی خراپ پۆشی "بدحجابی" لە سنە هەروا بەردەوامە

دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە دووی جۆزەردان بۆ جارێکی دیکە هێزەکانی خـەبات دژی (بـدحیجابی) هێرشـیان کردە سەر لاوانو بەتایبەت کچان.

ئـەو توندوتیژییانـە لـە سـەر لـە بەیانیـەوە دەسـتی پێکـردو لـە دوانیوەڕۆدا گەیشـە بـەرزترین ئاسـتی خۆی. بەپێی ئەو هەواڵە لە یەکێك لـەو هەڵکوتانانـەدا، هێزەکـانی رێـژیم هێرشیان کردە سەر کچێك لە شـەقامی شەشـی بەهمـەنو بـە زۆریو بـە شـێوەیەکی ناحـەزو تـەواو سـووك کچەکەیان سواری ماشێن کرد کە ئـەو کردەوەیـەی هێزەکـانی رێـژیم بـوو بـە هـۆی دەربڕینـی نارەزایـەتی لەلایـەن لاوانو رێبوارانی ئەو شەقامە.

## مەهاباد

### دەرئەنجامەکانی گران بوونی بەنزین

رێکـەوتی ٨٦/٢/٢٩ پـاش راگەیاندنی گران بوونی بەنزین لەلایـەن دەوڵـەتو راگەیەنـە گشـتییەکانو وەرگرتنی کارتی ئەلکترۆنی "هوشمند" کە بە پێی ئـەو کارتـە هـەر ماشێنێك مانگانە حەقی وەرگرتنی تەنیا ٩٠ لیتر بـەنزینی هەیـە، خـەڵکێکی زۆر کـە بەهۆی نەبوونی کارو پیشە خەریکی موسـافیر کێشـینو تـا ئێسـتا نەیانتوانیوە کارتی هوشمەند وەرگرن، رژاونەتـە بەنزینخانـەکانو دەگـەڵ بەرپرسـانی بەنزینخانـەو ئیتلاعـاتو ئاگاهی تووشی هەراو کێشەو پێکدادان بوونو بوون. هـەر دوانیـوەڕۆی رۆژی ٨٦/٢/٢٩ بەنزینخانـەی "خـاتوو جەعفـەری" قـەرەباڵغترین رۆژی خـۆی تێپـەڕ کـرد کـە خـەڵکی دامـاو و چارەرەش دوای چەندین کاتژمێر سەرە گرتنو چاوەڕێیی بێ ئـەوەی بـەنزین وەرگرن گەڕانەوە ماڵەکانیان.

### دروست کردنی ناوچەی قەدەغەکراو لە ناوچەکانی کوردستان

بە پێی راپۆرتێك کە حەوتەنامەی هـاوار بـڵاوی کردۆتـەوە فەرمانـدەرانی هێزی ئینتزامیی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئـاوا رایانگەیانـدوە ناوچـەیەکی قەدەغـەکراو لـە سـنووری پیرانشـارو مـاکۆ دروسـت دەکـرێ. کـەرەمی فەرمانـدەری هێـزی ئینتزامیـی ئازەربایجانی رۆژئاوا لـەم پێوەندییـەدا گوتوویـەتی ئەمسـاڵ سـنووری تەمەرچیان بە دروست کردنی دیوارێکی بێتـۆنیی بـەرز کـە چـواردە کیلـومیتر درێژایی هەیە دەبەسترێ.

نـاوبراو هـەروەها گوتوویـەتی لـەم گەڵاڵەیـەدا کـە مەبەسـت لـەو بەسـتنی سـنوورەکانی ئێـرانو تورکیـەیـەو بـەهاوکاریی بەرپرسـانی ناوچـەیی تورکیە بەڕێوەدەچێ لە سیمی خاردار، بورجـەكو سیسـتمی ئیلکترۆنـیو.... کـەڵك وەردەگیرێ. جگـە لـەوەش لـە ٢٧خـاڵی دیکـەی سـنووریش هێـز دادەنرێ.

## مەهاباد

### بە هۆی ئاگر کەوتنەوە لاوێکی مەهابادی گیانی لەدەست دا

شەوی ٤ی جۆزەردان، لـە گـەڕەکی فەرهـەنگیانی مـەهاباد، لاوێکـی مـەهابادی بـە نـاوی کـەریم لـوتفی ئیلاهیی لە کاتی بـەتاڵ کردنی بـەنزین لـە حەسـاری ماڵەکـەیان، بەداخـەوە ئاگری تێبەردەبێو دەسبەجێ گیانی لەدەست دەدا. خێزانی نـاوبراویش کـە ویسـتوویەتی رزگـاری بکـات، ئـاگری تێبـەربووەو نزیکـەی لـە سـەدا ٩٠٪ی جەستەی سووتاوەو لـە ورمێ لـە ژێـر چاوەدێری دوکتور دایەو لە ژیانی هیـوا بڕاو بووە.

## سەقز

### گرووپی تێرۆریستیی "جندالاسلام" هەڕەشەی کوشتنیان لە هونەرمەندانو رووناکبیران کردوە

ماوەیەکـە گرووپێکـی تێرۆریسـتی بەناوی "جندالاسلام" لە شـاری سـەقز لـە رێگـای تەلەفوونـەوە هەڕەشـەی کوشتن لە هونەرمەنـدانو رووناکبیرانی ئەو شارە دەکا. بە پێی زانیارییەکان ئـەم گرووپـە رۆژی ٦ی جـۆزەردان هەڕەشـەی کوشـتنیان لـە شـاعیرو نووسەر سەید زاهید حوسێنی کردوە. شایانی باسە ئەم گرووپە لە ژمارەیەك لـە کەسـانی بونیادگـەرای ناوچـە کوردنشـینەکان پێـك هـاتوەو لەلایـەن ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیمەوە یارمـەتییان پێدەکرێو فەرمانیان پێدەدرێ.

## سەردەشت

### لە ئاکامی تەقەی هێزە ئینتیزامییەکان دوو کەس بریندار بوون

لە گوندی دۆڵەتووی سەردەشت هێزە ئینتیزامییەکان دەسـتیان بـە سـەر باری ژمارەیەك کاسبکار داگرت. رێکـەوتی ٩ی جـۆزەردان لـە کاتێـك دا ژمارەیـەك لـە کاسـبکاران نـەوتو گازوئیلیـان بـەرەو سنوور رادەگـوازت لـە گونـدی دۆڵـە تـوو کەوتنە کەمینی هێزە ئینتیزامییەکانەوەو دەسـت بەسـەر بارەکانیـان داگیرا. دوای ئەوەی کە کاسبکاران ناڕەزایـەتییان لـەم کارەی ئـەو هێزانـە دەربـڕی کەوتنـە بـەر پـەلامارو لـە ئاکـام دا دوو کـەس لـە کاسبکاران بە هۆی تەقەو لێدان لەلایـەن ئـەو هێزانـەوە بریـندار بـوون. نـاوی بریـندارەکان بریتیـە لـە ئـاوارە کـوڕی ساڵحە دۆڵەو جەلال خەڵکی میراوێ.

## دێولان

### دوو مەئمووری هێزە ئینتیزامییەکانی شاری دێولان کەوتنە بەر پەلاماری خەڵك

دوو مەئمووری هێزە ئینتیزامییـەکانی شاری دێولان بە ناوەکـانی "پـەروینی"و یەزدان فەر" کـە نیـازی دەسـتدرێژی بـۆ سـەر ژنێکیـان هـەبوو، کەوتنـە بـەر پـەلاماری خـەڵكو بریـندار بـوون، هێـزە ئینتیزامییەکان فریـای ئـەم دوو کەسـەی خۆیان کەوتنو لە دەست خـەڵك دەریان هێنانو رەوانـەی نەخۆشخانەیان کـردن. هێـــزە ئینتیزامییـــەکان شـــوێنی رووداوەکەیان بەجێ هێشت. کۆمەڵێك لـە لاوانی شاری دێولان پەلاماریان بردە سەر بنکـەی هێـزە ئینتیزامییـەکانو بەردبارانیان کردن. بەڵام زۆری نەخایاند کە هێزەکان بەرەورووویان بوونەوەو چەند کەسیان لێ دەستبەسەر کردن.

پێویستە بگوترێ ئـەو دوو مـەئموورە بـە بـەڵێنی جێبـەجێکردنی گرفتـی پەروەندەی مێردی ئـەو ژنـە لـە دادگای دێـولان هـەوڵ دەدەن کـەڵکی خراپـی جینسـی لـەو ژنـە وەربگـرن، بـەڵام نیازەکەیان بەر لە جێبەجێبوون ئاشکرا دەبێو خەڵکی توورە هەر لە بەر دەرگای ماڵی ئەو ژنە، پـەلاماریان دەبەنـە سـەرو بریندایان دەکەن.

### گیان لە دەست دانی کەسێك بە هۆی وەرگەڕانی ماشێن

رۆژی هەینی، ٤ی جۆزەردان کەسێك بـە نـاوی تـەها رۆسـتەمیوەند خـەڵکی سیوچ سەر بە ناوچەی مەیدانانی بانە بە هـۆی وەرگـەڕانی ماشـێنەکەی لـە کوێستانەکانی پشتی مەنیجەڵان گیانی لە دەسـت دا. نـاوبراو مرۆڤێکـی بـاشو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو.

بـەم بۆنەوەیـەوە سەرەخۆشـی لـە بنەماڵـەو کـەسو کـاری تـەها رۆسـتەمی وەند دەکەین.

## شنۆ

### خەڵکی شنۆ گاڵتەیان بە هێزی بەسیجو بەکرێگیراوەکانی کرد

رۆژی ٥شـەمە ٨٣/٣/٣ کـە بـە نـاوی "رۆژی ئازادسازیی خۆرەمشەهر" ناودێر کراوە، بەسیجو خۆ فرۆشـەکانی شاری شنۆو دەوروبەری بە چەندین ماشێن لە ناو شاردا مانۆڕیان داو بە خەیاڵی خۆیان هێزو توانای خۆیان بـە خـەڵك نیشان دا، بەڵام خەڵك دایاننە بەر جوێنو گاڵتـەیان پـێ کـردنو نیشـانیان دا، کـە بـەکرێگیراوانو هێـزە دژی گەلیـەکانی سـەر بـە رێـژیم، وەك کۆماری ئیسلامی نەك هەر هـیچ رێـزو پێگەیـەکیان لـە نێـو خـەڵك دانیـە، بـەڵکوو زۆریـش سـووكو بێزراون.

## سنە: دوکتور عەلی روخزادی کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٢٧ی بانەمەڕ دوکتور عەلی روخزادی بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کـرد. دوکتـور روخـزادی مامۆسـتای زانکـۆو دوکتـورای لـە زمـانو ئـەدەبیاتی فارسیدا هەبوو جگە لـەوەش پسپۆریی لەسـەر زمـانی زگمـاکیی خـۆی هـەبوو. ناوبراو چـەند بەرهـەمی لەسـەر زمـانو فونـوتیکی زمـانی کـوردی پێشـکێش بـە کتێبخانەی کوردی کردوەو لەم دواییانـەش دا کتێبێکـی دیکـەی ئامـادەی چاپ بوو.

کۆچی دوایی ئەم خزمەتگوزارەی زمـانو وێـژەی کـوردیو ئـەو کەسـایەتییە فەرهەنگییە بۆتە مایەی خەمو کەسەری خـەڵکی سـنەو کۆمەڵگـەی فەرهـەنگیو رووناکبیریی کوردسـتان. بـەم بۆنەیـەوە خۆمـان بـە هاوبەشـی خـەمی بنەماڵـەو دۆستانی دەزانین.

## شنۆ: کۆچی دوایی مرۆڤێکی حیزب دۆستو نیشتمانپەروەر

رۆژی سێشـەممە ٢٥ی بانەمـەڕ، مـام کـەریم ئەرجومەنـدی خـەڵکی شـێوە سماك، ئەندامی حیزبی دێموکرات، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مام کەریم مرۆڤێکی دڵسۆز، نیشتمانپەروەرو حیزب دۆست بوو. جگە لەوەی بۆخۆی لە هیچ چەشنە هاوکارییەك لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزب درێغـی نـەدەکرد، برایەكو کورێکیشی لە رێزەکانی حیزب دا، ساڵانێکی زۆر خزمـەتی بزووتنـەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیان کرد کە براکـەی، بـە نـاوی عەبـدوڵڵا ئەرجومەنـدی گیانی لە پێناوی ئامانجەکانی حیزب دا بەخشیو شەهید بوو. مـام کـەریم سـاڵی ١٣٦٤ بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ حیزبـی دێمـوکرات بـۆ مـاوەی ٦ مـانگ کەوتـە بەندیخانەو زۆر گـیرو گرفتـی دیکەشـی سـەبارەت بـە ئەندامـەتی لـەم حیزبـەدا، لەلایەن رێژیمەوە بۆ دروست کرا. بەڵام شانازیی بە قوربانیدان لە پێناوی حیزبی دێموکراتو گەلی کورد دا دەکرد.

"کوردستان"بەرێزەوە یادی ئەم کەسایەتییە نیشـتمانپەروەرە دەکاتـەوەو بەبۆنەی کۆچی دوایـی ئـەو، بـە گـەرمی سـەرەخۆشـی لـە بنەماڵـەو کەسـوکاری دەکا.

## سەردەشت: کۆچی دوایی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر

رێکەوتی ١١ی جۆزەردان نیشتماپەروەرێك بەناوی مام حوسێن ئەحمـەدزادە ناسراو بە حوسێنی حەمـە کـۆتر خـەڵکی ئـاوایی "دۆڵـە گـەرم" لـە تەمـەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کـرد. مـام حوسـێن کـە یـەکێك لـە دڵسـۆزانو ئـۆگرانی لـە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی کوردسـتان بـوو، بـەردەوام هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کردوە. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکـەی دەکەین.

## کۆچی دوایی حەسەنی مەلا بایز نیشتمانپەروەری ناسراوی ناوچەی رەبەت

رۆژی ٧ی جۆزەردان کەسایەتیی ناسراوو نیشتمانپەروەری ناوچـەی رەبـەت بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. حاجی حەسەن دۆستێکی نزیـكو بەئەمـەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هەمیشە هاوکارو یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، نـاوبراو جێگـای بـاوەڕی خـەڵکی ناوچـەکە بـووەو هەمیشـە بـە دڵسۆزییەوە هەوڵی بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەیان داوە.

بەبۆنەی کۆچی دوایی حاجی حەسەنی مەلا بایز سەرەخۆشـی لـە بنەماڵـەو کەسو کاری ناوبراوو هەموو خەڵکی ناوچەی رەبەت دەکا.

## مەهاباد: کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی حیزب

سـەرلەبەیانی رۆژی ٢٩ی بانەمـەڕی ١٣٨٦، دایکـە رابـی سـارەبانی دایکـی شەهید محەمەد زەندش لە سەرچنار کۆچی دوایی کرد.

رابیی سارەبانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە سەرچنار (کەلبەزەراخان) لە دایك بووە. رابی سارەبانی دایکی شەهید محەمەدی زەندەش (محەمەد بێکەسە)ە.

رابـی سـارەبانی بەرلـەوەی محەمـەدی کـوری لـە دایـك ببـێ هاوسـەرەکەی لەدەست دەدا. بەڵام سەرەڕای هەژاریو نەداری، محەمەد دەنێتەبـەر خوێنـدنو محەمـەدی کـوڕی بـەهۆی زیرەکیـیەوە هـەڵ دەبـژێردرێ بـۆ دانـش سـەرای شەبانەروزیو پاش تـەواو کردنـی دەرس دەبێتـە مامۆسـتاو دەنێردرێتـە ئـاوایی زەرشۆرانی ناوچەی هەوشارو لەوێ مامۆستایەتی دەکا. پاشان دەبێتـە مـودیرو مامۆسـتای گونـدی نـەبیکانیو سـاڵی ١٣٦٢ پـاش کوشـتارەکانی ناوچـەی چۆمیمەجیدخان دەبێتە پێشمەرگەو لە رێکەوتی ١٣٦٣/٣/٢٦دا شەهید دەبێو پـوورە رابـی محەمـەدی تاقانـەی لـە دەست دەداو لەگـەڵ کچـەکەی لـە ئـاوایی کـەلبیرەزاخان دەمێنێتـەوەو سـەرەنجام کاتـژمێر ٧ی بـەیانیی رۆژی ٢٩ی بانەمەڕی٨٦ی هەتاوی دڵی لە لێدان کەوت.

## سنە: مردنی ژنێك سێ حەوتوو دوای خۆسووتاندن

ژنێك لە رۆژی هەینی ٢٤ی خاکەلێوە کە لە حەساری ماڵەکەی خـۆی، ئـاوری لە جەستەی خۆی بەر دابوو بە دوای تێپەربوونی نزیك بە سێ حەوتوو، رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ گیانی لە دەست دا.

ئەو ژنە کە ناوی فەهمیەیە ٣٨ ساڵی تەمەنەو لەو ماوەیەدا لە ژێر چاوەدێری وردی پزیشکی دابووە. بەڵام هەوڵەکان بۆ رزگار کردنـی ئـەو بـێ ئاکـام مایـەوە. هەتا ئێستا لە هۆیەکانی خۆسوتاندنی ئەو ژنە زانیارییەك لە دەست دانیە.

## سەردەشت: ژنێك خۆی سووتاند

رێکـەوتی ٢٠ی بانەمـەڕ لـە گونـدی ئاغـەڵانی سەردەشـت ژنێـك ئـاگری لـە جەسـتەی خـۆی بـەردا. بـە پێـی زانیارییـەکان ئـەو ژنـە کـە نـاوی نەجیبـە سۆفیزادەیە بەم هۆیەوە تووشی سووتانێکی زۆر بووەو بۆ نەخۆشخانەی ورمـێ راگوێزراوە بەڵام دوای حەوتوویەك گیانی لە دەست داوە. هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە بە دروستی روون نەبۆتەوە.

### مەهاباد: کچێك ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

سەرلەبەیانی رۆژی ٨ی جۆزەردان لە گەڕەکی پشت سیلۆی مـەهاباد کچێك بەناوی سەکینە رەسووڵزادە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو گیانی لەدەست دا. دەگۆترێ کە هۆکاری ئـەم خۆکوژییـە دژایـەتیی بنەماڵەکـەی لەگـەڵ پێکهێنـانی ژیانی هاوبەشی ناوبراو لەگەڵ خۆشەویستەکەی دا بووە.

دریژەی

# هەواڵەکان

## سەردەشت تێکهەڵچوونی کاسبکاران و هێزەکانی رێژیم

شەوی ٨٦/٣/٩ چەند ماشێنی کاسب کارانی ئالۆەتان و میراوێ کە باری ماشێنەکانیان گازۆڵو نەفت بوو و بەرەو گوندی دۆڵەتوو دەچوون، لە دەشتی مردواوێ لەلایەن "گرووپی ویژە"ی شاری سەردەشت پێشیان پێدەگیرێو دەستبەسەر کەلو پەلو ماشێنەکانیان دا دەگرن.

پاشان خەڵکەکە هێرشیان بۆ دەکەنو شەڕو پێکدادان ساز دەبێ لە ئاکام دا ٢ کەس بە ناوەکانی ئاوارە کوڕی ساڵە دۆڵو ئەوی دیکە بە ناوی جەلال خەڵکی میراوێ بریندار دەبن. ئاوارە گوللەیەکی وەڕانی دەکەوێو جەلالیش سەری دەشکێ.

## ڕێورەسمێکی شاد بەبۆنەی کۆتایهاتنی ساڵی خوێندنی گەورە ساڵانەوە



ڕێکەوتی ٨٦/٢/٢٨، قوتابخانەی گەورە ساڵانی ئازادی (کەمپی ئازادی) بە هاوکاریی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە بەبۆنەی کۆتایی ساڵی خوێندنەوە ڕێورەسمێکیان پێك هێنا.

پێویستە بگوترێ کە ئەو قوتابخانەیە سەر بە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەو چەند ساڵێکە لە درێژەی سیاسەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا تێدەکۆشێو تا پۆلی شەشی سەرەتایی تێدا دەگوترێتەوەو چاوەڕوان دەکرێ لە ساڵانی داهاتوودا قۆناغی ناوەندی بۆ گەورە ساڵانیش لێ بکرێتەوە.

شایانی باسە کە لە بەیانیەوە تا ئێوارە درەنگانێك بە هەڵپەرکێو گۆرانیو گرتنی وێنەی سروشتی جوانی سەیرانگەو خواردنی جۆراوجۆری کوردی درێژەی کێشاو لە کۆتایی سەیرانەکەدا وتەی سپاسی قوتابیان بۆ مامۆستایان لەلایەن قوتابی عەبدوڵلا سەیداوە پێشکەش کرا.

پیویستە بگوترێ زۆربەی قوتابیانی ئەو خوێندنگایە ژنان پێکی دێننو ئەوەش جێگای دڵخۆشیو هیوایە بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵ تا لە رێگای خوێندەوار بوونەوە باشتر بۆ بەدەستهێنانی بە مافەکانی خۆیان تێ بکۆشن.

## بۆکان

### شاخەوانی ناوداری کورد، موقبیل هونەرپەژوو بە راهێنەری تیمی میللیی ئێران هەڵ بژێردرا

لە سەرەتای جۆزەردان دا فیدراسیۆنی شاخەوانیی ئێران، موقبیل هونەرپەژووی وەك راهێنەری تیمی میللییو کاوە ئاهەنگەریشی وەك ئەندامی تیمی میللیی شاخەوانیی ئێران هەڵ بژارد. ئەم دوو لاوە شاخەوانە هەر دوویان بۆکانین. موقبیل هونەرپەژوو هەر لەو رووداوەدا کە بووە هۆی مەرگی شاخەوانی بەناوبانگ محەمەد هەوراز لە گاشربرووم، بەتوندی بریندار بوو کە دواتر بەخۆشییەوە سلامەتیی خۆی وەدەست هێنایەوە.

### رۆئیا تلوعی هەڕەشەی لێکرا



تاران: بەرپرسانی ئەمنیەتی هەڕەشەیان لە خاتوو رۆئیا تلوعی کرد کە ئەگەر درێژە بە چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤ و بەشداری لە بەرنامەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن دا بدا، فیلمی دانپێدانانەکانیو ئەوەی وەك فیلمی نهێنییەکان ناوی براوە، بڵاو دەکرێتەوە.

بە پێی هەواڵی هەواڵنێرانی رێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤی کوردستان بەرپرسانی دەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی ماوەیەك لەوە پێش، هاوسەری خاتوو رۆئیا تلوعی چالاکی مافی مرۆڤیان بانگ کردۆتە وەزارەتی ئیتلاعاتو داوایان لاکردوە بە زووترین کات پەیامی هەڕەشەی کاربەدەستانی ئەمنییەتی بە ئاگاداریی رۆئیا تلوعی بگەیەنێت. لەو پەیامەدا کاربەدەستانی ئەمنییەتی رۆئیا تلوعییان ئاگادار کردۆتەوە کە ئەگەر دەست لە چالاکییەکانی مافی مرۆڤ هەڵ نەگرێو یان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیو رادیۆییەکاندا بەشداری بکا فیلمی دانپێدانانەکانی یان ئەوەی وەك فیلمی نهێنییەکان باسی لێوە کراوە لە راگەیەنە گشتییەکان دا بڵاو دەکەنەوە. کاربەدەستانی ئەمنییەتیی ئیدارەی ئیتلاعات هەروەها وتوویانە لە شوێنی کارو ژیانی خاتوو رۆئیا تلوعیو دوو کوڕەکەی لە دەرەوەی وڵات ئاگادارنو هەڕەشەیان کردوە ئەگەر ئەم جۆرە چالاکییانەی بەردەوام بن ناوبراو لە هیچ شوێنێکی دنیا ئەمنییەتی نابێ. شایانی باسە خاتوو رۆئیا تلوعی دوا بەدوای رووداوەکانی هاوینی ١٣٨٤ی ناوچە کوردنشینەکان، چەند مانگان دەست بەسەربوو. ناوبراو دوای ئازادی لە زیندان ناچار بوو وڵات بەجێ بێڵێ.

دریژەی

## قسەکانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە ڕێوڕەسمی چل ساڵەی راپەڕینی ٤٧ ـ ١٣٤٦دا

بگوترێ. ئەوان لە ئەسارەتدا لە بەرابەر شکەنجەگەران دا و لە بەرابەر جوخەی ئیعدام دا ئازا و موقاویم بوون.

رێژیمی شا رووخا و زۆر لە ئەسنادەکەی وەدەرکەوت. وەرەقە کاغەزێك دەرنەکەوت کە نیشان بدا ئەو تێکۆشەرانە زەعفیان لە خۆیان نیشان داوە. ئێستاش لە نەتیجەی خیانەتێکدا کە بە مەلا ئاوارە کرا، مەلا ئاوارە بەگیر هات ـ مەعلووم نەبوو داستانی گیرانی مەلا ئاوارە چۆن بوو؟ ئایا بەراستی فریوی خوارد؟ بەراستی زەعفی نیشان دا یا وەکوو هێندێ دەڵێن دەرماندراو کرا؟ بەڵام بەهەرحاڵ مەلا ئاوارە بە زیندوویی گیرا ـ بەڵام ئەوانەی کە جەنازەی مەلا ئاوارەیان وەرگرتۆتەوە شاهیدیان دا کە نە نینۆکی لە دەست و لاقان دا ماوە نە ددانیش لە زاری دا. یانی هەمووشتێکی قەبووڵ کردوە بۆ ئەوەی رازی حیزبەکەی و میللەتەکەی نەدرکێنێ. بۆیە دەگەڵ ئەوەی زیاتر لە ٢٠٠٠ ئەندامی رەسمیی هەبوو لە مەنتەقەی ژێر تێکۆشانی مەلا ئاوارە دا نالێم کەس نەگیرا بەڵام کەس لە سەری سابیت نەبوو کە ئەندامی حیزبی یە، بەڵام مام هێدی جوانی گوتووە کە دەڵێ:

**جاڕ بدەن با هەموو گوندو گەڕەکان**
**بێنو رێیەك بخەنە سەر کەنەکان**

(سەرکەنەکان شوێنی گوللە بارانی مەلا ئاوارە و مەلا کەچە ـ کە ناوی محەممەد بوو پێیان دەگوت مەلا کەچە ـ و رەحمانی محەممەدی وەتمان سارکەیییە جا دەڵێ:

**بێن ببینن کە شەهید ئاوارە**
**سەری چەند بەرزە لە سەر سێدارە**

هەر ئەوان ئەسیر نەبوون، زۆری دیکە ئەسیر بوون بەڵام ئەمانەتی میللەتی خۆیان پاراست. پشتیوانیی خەڵکیش دەرسێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمە. خەڵك لە وەزعییەتێکی ئاوادا بوون، شۆڕشگێرەکان مەنتەقەیەکی کەمیان بەدەستەوە بوو، ئیمکاناتی کەمیان بەدەستەوە بوو، رێژیم بە دەیان هەزار کەسی چەکدار کردبووە ژاندارم، ئەرتەشی، تەنانەت کارشناسانی دەربارو ساواك و .... بەڵام ئەو خەڵکە عەزیزانی خۆیان لە باوەش گرت. بەراستی لە هەر جێیەکی دەنگی تەقە بەرز دەبۆوە، پێشمەرگەکان کورو کچانی کوردیان لە تەنیشت خۆیان دەدیت بە دۆی سارد و چای گەرمەوە. تەنیا مەوردی کە دەڵێن چەم بێ چەقەڵ نابێ کە خەیانەتیان پێ کرا، ئەوەی مەلا ئاوارە بوو دەگەڵ [مەوردی] شەهید سمایل شەریف زادە.

بەڵام ئەو راپەڕینە کە ئەو عەزەمەتەی نیشان دا سەرمایەی گەورەمانی تێدا فیدا بوون. سەرمایەی وەکوو سولەیمانی موعینی و عەبدوڵلا موعینی ، مەلا ئاوارە، مەلا مەحمودی زەنگەنە، سمایل شەریف زادە، قارەمانی وەك ساڵە لاجانی، مینە شەم، سەید فەتاح و بە دەیان شەهیدی دیکە. ئەوانە سەرمایەی گەورە بوون، هەرکام لەوانە ئەگەر بۆ میللەتەکەمان مابان دەیانتوانی رێبەرێك یا فەرماندەیەکی بەوەج بن. ئەوانەمان لە دەست چوو بەڵام خوێنی ئەوانە بە فیڕۆ نەچوو. زۆر کەس دەیگوت گەورەییان بۆ بەجێهێشتین، ئێمە ئێستاش کە لێرە دانیشتووین سەربەرزین بەوەی کە مێژووی حیزبەکەمان رووداوی وا گەورە و قارەمانانی وا گەورەی تێدا هەڵکەوتوون. ئەوانە ئێستاش رەمزی هەرمانی میللەتی ئێمەن و ئولگوویەکن، نموونەیەکن بۆ فیداکاری، بۆ مقاومەت. ئەوان پێیان نیشان داین کە دوژمن هەر ئەندازەش پۆشتە و پەرداخ بێ موقاوەمەت لە بەرانبەری دا مومکینە. هێز لە دنیا دا نیە کە وورەی ئینسانی شۆڕشگێڕ تێك بشکێنێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە بڕیار هەبێ و ئیرادەیەك هەبێ کە نەك مردن ئینتخاب بکا، بەڵام ئەو وەختەی پێویست بکا کە لە مردن نەترسێ.

بەڵێ ئەو هاوڕێیانەمان بە هەموو شانازی یەکانەوە سەریان نایەوە. ئەوان مردن و درێژەی رێگاکەنیان بە ئێمە ئەسپارد. بۆ ئێمە شانازییە کە میراتگری ئەوان و رێبەرانی گەورەی دیکە وەکوو قاسملوو، شەرەفکەندی و دەیان کەس تەنیا لە ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب بین بەڵام ئیدی ئەوە ئەرکێکی قورسیشمان دەخاتە سەر شان. ئێمە نابێ فەقەت ئیفتخارەکەیان هەڵگرین، دەبێ ئاڵاکەشیان هەڵگرین. شانازی گەورە شەکاوە راگرتنی ئاڵاکەیانە. **دوکتور قاسملوو گوتوویەتی: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی رێگەکەیانە.** لە یادی ئەو راپەڕینە مەزنەدا و لە یادی ئەو شەهیدانەدا هیچ شتێکمان نیە کە بتوانێ وڵامدەری ئەو گەورەییە بێ، غەیری ئەوە کە عەهد بدەین پەیمان لەگەڵ ئەوان و لەگەڵ میللەتەکەمان ببەستین، پێکەوە بین، ئیرادەمان هەبێ، رێگەکەیان درێژە بدەین و لە روحی بەرزیان ئیلهام وەربگرین و لە ئەزموونەکانیان دەرس فێر بین. سڵاو لە یادی قارەمانێتی و فیداکاری و خۆبەخت کردن و لە خۆ بووردوویی هەموو شەهیدانی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ کە ئەگەر ناویان بەرین بەداخەوە ژمارەکانیان زۆرە، سڵاو لە یادی هەموو شەهیدانی رێگەی رزگاریی کورد و کوردستان، بە تایبەتی رێبەرانی شەهید پێشەوا، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و هەموو رێبەرانی حیزبی لە رەدەکانی سەرێ را تا رەدەکانی خوارێ، بە ئاواتی بەرقەرار بوونی ئامانجەکانیان ئەو ئاواتانەی کە ئەوان ژیانیان لە پێناوی دا بەخت کرد. بژی کورد بژی کوردستان

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### سوئێد

**بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حدك لە ٣٢هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی ی. ن . ك**

لە سەر بانگهێشتی کەرتی رێکخستنی ئۆیستریوتلەندی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ، چەند کەس لە هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی لینشۆپینگ بەشداری رێوڕەسمی ٣٢هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، هەیئەتی حیزب پێك هاتبوون لە بەڕێزان: کەماڵ حەسەن پوور، محەمەد شێخەپوورو شلێر حەسەن پوور، محەمەد بابەکری (حەمە کۆیی). لەم رێورەسمەدا شاندی حیزب پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی حیزبیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە.

### کانادا

**چاو پێکەوتنێکی دۆستانە لەگەڵ سێوێند رابینسۆن**

رۆژی ٢٦ی مای ٢٠٠٧ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژئاوای کانادا کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان ئەنوەر کەریمی، خەلیل ئەشکانیو سمایل ئیبراهیمی چاویان کەوت بە دۆستی لە مێژینەی گەلی کورد بەڕێز سێوێندرابینسۆن ئەندامی پێشووی پارلمانی کاناداو کادری پایە بەرزی حیزبی دێموکراتی نوێ.

تەوەری باسەکان لەم دیدارەدا بریتی بوو لە بارودۆخی نالەباری پەنابەرانی سیاسی لە تورکیە، زەبرو زەنگی ئەم دوایانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو هەروەها باسێك لە سەر هەلومەرجی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەڕێز رابینسۆن وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەم دیدارە پێی راگەیاندن کە لەمەو دوا لە چاورچێوەی رێکخراوێکی مافی مرۆڤ دا تێدەکۆشێو زیاتر لە جاران بەرگری لە مافەکانی نەتەوەی کورد دەکا.

### بێلژیك

**چاوپێکەوتنی بەرپرسی کۆمیتەی بێلژیکی حیزب لەگەڵ بێرت کۆڕنیلی**

رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٢ بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بیلژیك کاك کاوە ئاهەنگەری لەگەڵ بەڕێز "بێڕت کۆرنیلی" دۆستی کوردو زماناسو مامۆستای زانکۆی لۆڤنی بیلژیك دیداری کردو لەسەر بارو دۆخی سیاسیی ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی باسو گفتوگۆ کرا. شایانی باسە کە بەڕێز بێڕت کۆرنیلی لەسەر دۆسیەی ئێرانو کوردستان موتالا دەکاو یەکێك لە لایەنگرانو دۆستانی گەلی کورد لە وڵاتی بیلژیکە.

### نۆروێژ

**کۆبوونەوەی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

رۆژی ٢ی مای هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزب لە نۆروێژ لەگەڵ هەیئەتێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوە.

تەوەری باسەکان لەو کۆبوونەوەیەدا بریتی بوون لە: گۆڕانەکانی ئەو دواییانەی نێو حیزب، رابردووی پێوەندیی نێوان حیزبو سازمانی خەبات، پێوەندییەکانی حیزبو سازمانی خەبات لە داهاتوودا هەروەها چۆنیەتیی کار کردن بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ کاری دیپلۆماتیك لە وڵاتی نۆروێژدا. کۆبوونەوەکە پاش سێ کاتژمێرو گەیشتن بە هەندێ روانگەی هاوبەش لەسەر تەوەری باسەکان کۆتایی پێهات شایانی باسە کە هەیئەتی حیزب پێك هاتبوو لە بەڕێزان: هاشم رۆستەمی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب، ئازاد رۆستەمیو کاك محەمەد گادانی ئەندامی کومیتەی نۆروێژ هەیئەتی سازمانی خەباتیش پێکهاتبوو لە بەرێزان: توانا حوسێنی بەرپرسی کومیتەی نۆروێژ مەحموود یوسفی ئەندامی کومیتەی نۆروێژو لەتیف بەرپرسی کۆمیتەی شاری درامێنی سازمانی خەبات.

### نۆروێژ

**سمینارێکی هاوبەش بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی ئاربەیدە پارتی**

رۆژی ١٢ی مای ٢٠٠٧ کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئوستفۆلدو کۆمیتەی ئاربەیدەپارتی لە فرێدریکستاد سمینارێکی هاوبەشیان بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوستفۆلدو یەکیەتیی ژنانی ئاربەیدەپارتی پێك هێنا. بەرپرسییەکیەتیی ژنانی دیموکرات و بەرپرسی یەکیەتی ژنانی ئاربەیدەپارتی لە سمینارەکەدا بۆ بەشداران قسەیان کرد. لە کۆتاییدا بڕیار درا هەر دوو مانگ جارێك حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئوستفۆلدو ئاربەیدەپارتی سمیناری هاوبەش پێك بێننو وەك دوو حیزبی سیاسی پێکەوە کار بکەن. بەشدارانی ئەو سمینارە بریتی بوون لە:

جێگری شارەوانی فرەدریکستاد، کۆمیتەی ئاربەیدەپارتی لە فرەدریکستاد، کۆمیتەی ژنانی ئاربەیدەپارتی لە فرەدریکستاد، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئوستفۆلد،و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوستفۆلد

### بیلژیك

**دیدارێکی دۆستانەی کۆمیتەی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی کۆنگرەی نەتەوەیی**

رۆژی ٢٠٠٧/٥/١٤ دیدارێك لە نێوان هەیئەتێکی کۆمیتەی بیلژیك کە بریتی بوون لە بەرێزان کاوە ئاهەنگەری بەرپرسی کۆمیتەی بێلژیك، سارا محەمەدی و کەماڵ دادوەر لەگەڵ بەرێزان زوبەیر ئایدەر، سەرۆکی کۆنگرەی گەلو کاك عەلی یەگیت سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە وڵاتی بیلژیكو تاهیر کەماڵیزادە جێگری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێك هات . لەم دانیشتنە دۆستانەیەدا کۆمەڵێك باسو بابەت سەبارەت بە کوردستانو رۆژهەڵاتی نێوەراست، پێوەندیو چۆنیەتی مکانیزمی پێوەندیو هاوکاریی هەرچی زیاتری حیزبە کوردییەکان لەگەڵ یەکتر، بارودۆخی داهاتووی کوردستانو ئەگەری گۆرانەکانو هەڵوێستی کوردو زۆر بابەتیتر هاتنە ئاراوە. لە میانەی ئەم دانیشتنەدا کۆمیتەی بێلژیك داواکاری هاوکاریی هەرچی زیاتری حیزبو کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکانی نێو وڵاتی بێلژیك بووو بە هەوڵێکی پێویستی زانی کە لە شارێکی وەك برۆکسێل بە هۆی بوونی کومیسیۆنی یەکیەتیی ئورووپاو پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا کورد بە گشتی هەرچی زیاتر بۆ هاوکاری لەگەڵ یەکتر هەنگاو هەڵبێنێتەوە.

### کانادا

**دیدارێکی دۆستانە لەگەڵ پیتێر جولیان ئەندامی پارلمانی کانادا**

رۆژی ١١ مای ٢٠٠٧ هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە رۆژئاوای کانادا کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان ئەنوەر کەریمی بەرپرسی کومیتەو خەلیل ئەشکانی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی حیزب چاویان کەوت بە بەرێز پیتێر جولیان ئەندامی پارلمانی کاناداو بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا. تەوەری باسەکان بریتی بوو لە لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤو نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن رێژیمی ئیسلامیو سەرکوتی رۆژنامەنووسانو رۆشنبیران، هەروەها باسێکی دورو درێژ لەسەر ژیانی نالەباری پەنابەرانی کوردی ناسراو بە شیمالی عێراق لە تورکیە. پیتێر جولیان وێڕای دەربرینی داخو کەسەری خۆی بۆ نالەباریی ژیانو گوزەرانی ئەو پەنابەرانە بەڵێنی دا داخوازیەکانیان بگەیەنێتە پارلمانو دەسەڵاتدارانی کاناداو هەوڵ بدا بۆ وەرگرتنی زیاتری پەنابەرانی کورد بۆ وڵاتی کاناداو بەگشتی بۆ پشتگیری کردن لە مافی رەوای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

**عەلی بداغی:**

# "دنیای منداڵان" وەك ئۆرگانو ناوەندێکی منداڵپارێزی جووڵاوەتەوە

**لە ١١ی جۆزەردانی ئەمساڵ (١ی ژوئەنی ٢٠٠٧)دا، "دنیای منداڵان" پاشکۆی مانگانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" پێی نایە شەشەمین ساڵی تەمەنی خۆی. بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ٥ ساڵ لە تەمەنی ئەو پاشکۆیەو بڵاوبوونەوەی شەستەمین ژمارەی، "کوردستان" ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بەڕێز عەلی بداغی سەرنووسەری "دنیای منداڵان"و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" پێك هێنا:**



**❑ دنیای منداڵان چۆن لەدایك بوو؟**

**عەلی بداغی:** بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی منداڵان، ١ی ژوئەنی ٢٠٠٣ (١١ی جۆزەردانی ١٣٨١ی هەتاوی) بوو. ڕۆژنامەی کوردستان پێیخۆش بوو بەبۆنەی ئەم جێژنەوە دیارییەك پێشکێشی منداڵانی کوردستان بکا. بیرۆکەی دەرکردنی پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵان کە لەلایەن کاك قادر وریاوە هاتبۆە گۆڕێ، لەگەڵ پێشوازیی کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بەرەوڕوو بوو. بەمجۆرە "دنیای منداڵان" وەك پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٤٢، تایبەت بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە ئامادەو چاپو بڵاوبۆوە. دەرکردنی ئەم تایبەتنامەیە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خوێنەرانو بەتایبەت منداڵانی کەمپەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو ڕوو بوو. ئەوەش وای کرد کە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب سوور بێ لەسەر دەرکردنی "دنیای منداڵان" بەشێوەیەکی ڕێكو پێكو مانگانە. ٥ ساڵ لەوڕۆژە ڕادەبرێو دەبینین کە ئەمڕۆکە "دنیای منداڵان" ٥ ساڵەی تەمەنی خۆی جێژن دەگرێو شەستەمین ژمارەی خۆی وەك دیاریی ڕۆژی جیهانیی منداڵان پێشکێشی منداڵانی کوردستان دەکا.

**❑ خوێنەرانی ئەم بڵاوکراوەیە کێن؟ واتە "دنیای منداڵان" لە کوێو چۆن بڵاو دەبێتەوە؟**

— خوێنەرانو بەردەنگەکانی "دنیای منداڵان" لە پلەی یەکەم دا منداڵانی کەمپەکانی حیزبی دێموکراتو منداڵانی کوردی ڕۆژهەڵات نیشتەجێی باشووری کوردستانن. هەڵبەت بڵاڤۆکەکەمان وێڕای بڵاڤۆکە تەبلیغییەکانی حیزب بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕۆژهەڵاتیش دەنێردرێتەوەو لە شارەکانی باشووری کوردستانیش لە ڕێگەی کەسایەتییە سیاسیو ئەدەبیو ڕووناکبیرییەکان کە ڕۆژنامەی "کوردستان" یان بۆ دەچێ، دەکەوێتە بەر دەستی بەشێکی دیکە لە منداڵان.

دیارە "دنیای منداڵان" لە سایتی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دا لینك دەکرێو لەسەر تۆڕی ئینترنێت دا بڵاو دەبێتەوەو بەمجۆرە بەشێکی زۆر لە منداڵانی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتو نێوخۆی وڵاتیش دەتوانن لە ڕێگەی ئینترنێتەوە چاویان بە "دنیای منداڵان" بکەوێ.

پێم خۆشە ئەوەشی لێزیاد بکەم کە خوێنەرانی "دنیای منداڵان" تەنیا منداڵان نین، گەورەکانیش دەیبینن‌و دەیخوێننەوەو بۆ ئەوانیش سەرنج ڕاکێشو جەززابە. ئەوە بۆیە دەڵێم کە ژمارە نیە دوای دەرچوونی "دنیای منداڵان" لەلایەن گەورەکانیشەوە نامەو بابەتمان پێنەگاو پتر هان نەدرێین.

**❑ئەم بڵاوکراوەیە منداڵان دەری دەکەن یا گەورەکان؟ هاوکارییان بە چ شێوەیەکە؟**

— بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم کە شوێن پەنجەی منداڵان بەسەر زۆر لە بابەتو لاپەڕەکانی هەر کام لە ژمارەکانی دنیای منداڵانەوە دیارە. بەڵام تا ئێستاش وەك بۆخۆت دەڵێی ئەوە گەورەکانن کە سەرپەرشتیی دەرچوونی گۆڤارەکە دەکەن. هەڵبەت بەڕێوەبەریی "دنیای منداڵان" لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی کۆمەڵێك قەڵەمو توانای باشی منداڵان لە بوارەکانی نووسینو وەرگێڕان دا بدۆزێتەوەو پەروەردەیان بکا. دەبینین کە وا نیزیك بە ٢ ساڵە "دنیای منداڵان" لەژێر چاوەدێریی دەستەی نووسەرانی خۆیدا ئامادەی چاپو بڵاوبوونەوە دەبێ کە جگە لە سەرنووسەرو هاوڕێیەکی دیکە، هەر هەموو ئەندامانی دەستەی نووسەرانەکەی منداڵان خۆیانن. جیا لە ستافی نووسەرانی دنیای منداڵان، منداڵانی دیکەش لەنێو کەمپەکانی حیزب ڕاستەوخۆو لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانیش لە ڕێگەی نامەو تەنانەت منداڵانی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتیش لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بابەت بۆ دنیای منداڵان دەنێرنو هاوکاریی بڵاڤۆکی خۆشەویستی خۆیان دەکەن.

**❑ دەکرێ باسێك لە نێوەرۆکی ئەم بڵاوکراوەیەمان بۆ بکەی؟ واتە لە هەر ژمارەیەك دا چ بابەتێك بڵاودەبێتەوە؟**

دنیای منداڵانمان تایبەت بە قۆناغێکی تەمەنی یان ڕیزبەندیی تەمەنیی منداڵان نەکردۆتەوە، بەڵکوو هەوڵمان داوە تا "دنیای منداڵان" بە جۆرێك ئاوێنەی ویستیو خۆزیای هەموو منداڵان بێ. ئێمە هەوڵمان داوە لە هەر ژمارەیەکی دنیای منداڵان دا کۆمەڵێك شێعر، چیرۆکی وێنەیی، بابەتی زانستی، هەواڵ، ڕاپۆرت، قسەی خۆش، مەتەڵ، بابەتی سوودبەخشی هەمەڕەنگو خشتەو بابەتی سەرگەرمیی منداڵان بڵاو بکەینەوە. چاپی وێنەو نەققاشیی منداڵان لە هەر ژمارەیەك دا لاپەڕەیەکی دنیاکەمانی ڕازاندۆتەوەو




هەوڵیشمان داوە هەڵبژاردنی بابەتەکانی "دنیای منداڵان" بەجۆرێ کە هەر کام لەوان تەعبیر لە دنیای پاكو بێگەردی ئەوان بکەن. "دنیای منداڵان" بەردەوام چەندەها گۆشەی سابیتی بووە کە ئەم گۆشانە بۆ ناساندنی جوغرافیاو مێژووی کوردو ناساندنی کەسایەتییە مێژووسازەکانی نەتەوەکەمانو هەروەها خستنە بەر باسی کۆمەڵێك پرسی پەروەردەیی لەگەڵ گەورەکان تەرخان کراون. هەروەها گۆشەیەکی هەیە تایبەت بە نووسینی منداڵان خۆیان (تەنانەت ئەگەر بڕێکیش کرچو کاڵ بن).

**❑ دنیای منداڵان گەلێك کاری فەرهەنگیی دیکەی لە پێوەندی گەڵ منداڵان دا کردون، دەکرێ باسی ئەو کارانەمان بۆ بکەی؟**

لەپێش دا با ئەو ڕوونکردنەوەیەم هەبێ بەپێی ئایین نامە "دنیای منداڵان" پاشکۆیەکی ٨ لاپەڕەیی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، بەڵام قەت خۆی لە چوارچێوەی ئەم ئایین نامەیەدا بەرتەسك نەکردۆتەوەو بەلەبەرچاوگرتنی کارو کارنامەی ٥ ساڵەی "دنیای منداڵان" دەتوانین بڵێین وەك ئۆرگانو ناوەندێکی منداڵپارێزی جووڵاوەتەوە.

"دنیای منداڵان" جیا لە پەروەردەکردنی کۆمەڵێك قەڵەمو منداڵی بەتوانا لە بواری نووسینو وەرگێڕان دا کە سەرمایەی مەعنەویو ئەستۆندەکی بڵاڤۆکەکەن، توانیویەتی یەکەم فیستیڤاڵی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە) لە ڕێکەوتی ١٦ تا ١٩ ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی دا بەڕێوە ببات کە ئەم فیستیڤاڵە هەمەڕەنگەی وەرزشی، هونەری، ئەدەبیو موسیقییە پتر لە ٥٢ بڕگەی هونەری: شانۆ، هەڵپەڕکێ، سرود، گۆرانیو پێشبڕکێی زانیاریو حەرەکاتی نمایشیی وەرزشیو پێشبڕکێی خواردنی لەخۆگرتبوو. فیستیڤاڵەکانی دووهەمو سێهەمی منداڵانی کوردستانیش کە لە خەرمانانی ساڵەکانی ٨٤و ٨٥ی هەتاوی دا بەڕێوە چوون نوێنگەی دەرکەوتنو سەرکەوتنی باشی دنیای منداڵان لە هاندانو پەروەردە کردنی منداڵان دا بوون. لە هەر کام لەو فیستیڤاڵانەش دا پتر لە ٦٠ تابلۆو بڕگەی چالاکیی منداڵان پیشان دراون کە لە هەرکام لەو تابلۆیانەدا منداڵان بە باشترین شێوە دەوری خۆیان گێڕاوەو کارێکی سەرکەوتوویان پێشکێشی بەشدارانو ئامادەبووان کردوە کە هەر هەمووشیان تۆمار کراون. جیا لەوەش "دنیای منداڵان" نێوە نێوە پێشانگای نەققاشیو وێنەی بۆ منداڵانی بەهرەمەند پێك هێناوەو کۆڕی شێعری بۆ منداڵانی شاعیر بەڕێوەبردوە. فیستیڤاڵی نیوەی ساڵی خوێندنی ٨٥ ـ ٨٤ یش کە کۆمەڵێك چالاکیو پێشبڕکێی وەرزشیو ئەدەبیو کرانەوەی پێشانگای نەققاشی لەخۆوە گرتبوو، بەشێکی دیکەیە لە کارنامەی دنیای منداڵان ساڵی ڕابردووش "دنیای منداڵان"ە کتێبخانەیەکی تایبەتی بۆ منداڵانی کەمپەکانی حیزبی دێموکرات کردەوە کە پتر لە ٨٠٠ کتێبو بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵانی لەخۆ گرتوە.

هەروەها "دنیای منداڵان" ساڵانە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانو لە یادی دەرچوونی بڵاڤۆکەکە ڕێوڕەسمی جێژنی بەڕێوەبردوە کە لە هەر کامیان دا کۆمەڵێك چالاکیی تایبەت پێشکێش کراون. ئەوەش زیاد بکەم کە بەڕێوەبەریی "دنیای منداڵان" لەسەر بانگهێشتی ناوەندەکانی منداڵپارێزی باشووری کوردستان زۆرجار بەشداری فیستیڤاڵو ڕێوڕەسمەکانی ئەو ناوەندانە بوونو پەیامو چالاکییان لەو بۆنەو ڕێوڕەسمانەدا بووە.

**❑ بەڕێوەبەرانو بەرپرسانو بەگشتی ستافی ئەم بڵاوکراوەیە لەو ٥ ساڵەدا چ کەسانێك بوون؟ با ئۆرگانی ئەم بڵاوکراوەیە بزانن قەرزداری چ کەسانێکن؟**

هەروەك پێشتر باسم کرد بیرۆکەی دەرکردنی دنیای منداڵان بۆ یەکەمجار لەلایەن کاك قادر وریا هاتە گۆڕێو دوای ساغ بوونەوە لەسەر دەرکردنی بەردەوامو ڕێکوپێکی دنیای منداڵان وەك مانگنامەیەك، کاك برایم جهانگیری وەك یەکەم بەرپرسو سەرنووسەری دنیای منداڵان دیاری کرا. لە ژمارە ٥ی دنیای منداڵان ڕاو پاش ڕۆیشتنی کاك برایم جهانگیری بۆ دەرەوەی وڵات، ئەرکی بەرپرسایەتیو سەرنووسەریی "دنیای منداڵان" بۆ ماوەی ٣ساڵ کەوتە ئەستۆی من. بۆ ماوەی ساڵێکیش کاك ناسر فەتحی بەرپرسی "دنیای منداڵان" بووو، دواتر جارێکی دیکە ئەرکی سەرنووسەریو بەرپرسایەتیی "دنیای منداڵان" کەوتەوە سەرشانی من. "دنیای منداڵان" کۆمەڵێك هاوکاری بووە کە لە چوارچێوەی ستافی ئەم بڵاڤۆکەدا کاریان کردوە، وەك ڕەئوف خەتیبی، ئاسکە عوسمانی، گیابەند نستانی، هانا وریا، هانا ناسری، ژیلا مورتەزازادەو ڕەسوڵ سوڵتانی.

ئەمەکناسی پێم دەڵێ کە یادی ٣ هاوڕێی هاوکاری دنیای منداڵان بکەم کە لە سەرەتاکانی پێگرتنی"دنیای منداڵان" دا یارمەتیدەری بوون. کاك عومەر باڵەکی، خاتوو سوهەیلا قەویپەنجەو کاك ئەحمەد ساڵحی.

**❑ ڕۆڵی "دنیای منداڵان" لە پێشاندانی تواناو داواو خەونو خۆزیاکانی منداڵانو پێك ناساندنیان چ بووە؟**

ـ باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەر لاپەڕەکانی "دنیای منداڵان"و تابلۆکانی چالاکیی منداڵان لە بۆنەوڕێوڕەسمو فستیڤاڵەکانی دنیای منداڵانە. بەر لە هەموو شتێك "دنیای منداڵان" توانیویەتی جێی خۆی لە نێو دڵی منداڵان دا بکاتەوە، تا بتوانێ ئەوان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخا. سەرکەوتنی منداڵان لە بوارەکانی وەرزشی، نواندن، نووسینو دەرکەوتنیان لە بۆنەو ڕێوڕەسمەکان دا بەشی زۆری بەرهەمی خۆدیتنەوەیان لە چوارچێوەی "دنیای منداڵان" دا بووە. "دنیای منداڵان" توانیویەتی هەستی پشت بەخۆبەستنو متمانە بە خۆبوون لە نێو منداڵان دا بەهێز بکاو سەرکەوتنو بەرەو پێشچوونی ئاستی چالاکیی منداڵان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. لە هەمان کاتیش دا دنیای منداڵان هەوڵی داوە لاپەڕەو کارو چالاکییەکانی ئاوێنەی دەربڕی هەستو خولیاکانی منداڵان بێو چەندەش سەرکەوتوو بووە، قەزاوەتەکەی بە گەورەکانو منداڵان خۆیان دەسپێرم.

**❑ زۆر ڕێکخراوەو دامەزراوی دەوڵەتیو نادەوڵەتی تایبەت بە منداڵان لە کوردستانو دەرەوەی وڵات هەن. ئایا تا ئێستا هیچ هاوکارییەکیان کردوون؟**

ـ ئێمە کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێین، هەوڵمان داوە لەگەڵ زۆربەی ئەو ڕێکخراوەو NGOیانەی منداڵپارێزیی ئێرە پێوەندیمان هەبێو هەشمانە، بەڵام جیا لە سەردانو گۆڕینەوەی بڵاڤۆکەکان یارمەتییەکی ئەوتۆمان لەوان وەرنەگرتوە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دنیای منداڵان وەك پاشکۆی ڕۆژنامەی "کوردستان" پێناسە دەکرێ، نەك ناوەندو ڕێکخراو یان ئۆرگانێکی منداڵپارێزی. بە قسەی ئەم دامەزراو ڕێکخراوانەش مەرجی وەرگرتنی یارمەتیو هاوکاری لەوان بوونە ڕێکخراو یان دامەزراوە بوونی "دنیای منداڵان" وەك خۆیەتی. ئەگینا پێوەندیی گەرموگوڕمان لەگەڵ ناوەندەکانی منداڵپارێزیو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی منداڵانی هەرێمی کوردستان هەیە.

**❑ بەرنامەتان بۆ داهاتووی ئەم بڵاوکراوەیە چیە؟**


ئێمە بەردەوام لە پێناو خوڵقاندنو دەستەبەرکردنی کەشێکی ئارامو شیاوی کەسێتیی منداڵان هەنگاو داوێژینو بە پێی ئیمکاناتو ئالیەتی بەردەستمان بۆ دۆزینەوەو گەشەپێدانی تواناو ئیستیعدادە شاراوەکانی منداڵان تێدەکۆشینو هەوڵ دەدەین دنیای منداڵان پتر لە جاران نوێنگەی ویستو خەونەکانی منداڵانو بە تەواو مانا ئاوێتەی دنیای بێگەری منداڵان بێ.

**❑ دوا وتەت بۆ خوێنەرانی "کوردستان" یان هەر لایەنێکی دی لە ڕێگەی "کوردستان"ەوە:**

لە پێش دا سوپاس بۆ کوردستان کە وەك دایك کۆرپەی خۆی بەسەرکردەوەو دوا وتەشم ئەوەیە کە منداڵان شیاوی ژیانێکی ئارامو پڕبەختەوەرین. دنیای منداڵان، دنیایەکی پاكو بێغەلو غەشو ساکارە. منداڵان ئەو جۆرە پەروەردە دەبن کە فێردەکرێنو ئێمە گەورەکان بۆمان نیە ئەوان لە دنیای تایبەت بە خۆیان بکەین. با لێگەڕێین تا تام لە ژیانی منداڵیی خۆیان وەرگرن، با بە هەموو لایەك هەوڵی دەستەبەرکردنی ژیانی پڕئاسوودەییو تەناهی بۆ منداڵان، وەك وەچەی داهاتووو گەورەکانی پاشەڕۆژی کۆمەڵگاکەمان بدەین. با بە هانای منداڵانی کەمئەندامو بەد خۆراكو خاوەن کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بچین. دنیای سەوزو داهاتووی گەشی کۆمەڵگا لە گرەوی گرینگی پێدانو خەمڵاندنی ئەوڕۆی منداڵان دایە.

**برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### حوسێن فەتحوڵلایی

ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٧٣ لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاکی هەرێم، لە ناوچەی بەربنەی پیرانشار دەستەیەکی ٦ کەسی لە کادرەکانی حیزبی دێموکرات کەوتنە نێو کەمینی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە هەر هەموویان شەهید بوون. هەمووی ئەو پۆلە کادرە، لە ڕۆڵە بەبیروباوەڕ، شۆڕشگێڕو خۆشەویستەکانی حیزبی دێموکرات بوون. شتێك کە ئەوانی لێك جیا دەکردەوە، دەست بە قەڵەمی و تێکەڵاوی لەگەڵ نووسین و ئۆگری بە کاری ئەدەبی و هونەریی هێندێکیان بوو. حوسێن فەتحوڵلایی، مەحموود ئیسماعیلی و سیامەك نیزامی لەو تیپە مرۆڤانەی نێو ئەم پۆلە شەهیدە بوون.

حوسێن فەتحوڵلایی، کادری کومیتەی شارستانی مەهاباد بوو. گوڕوگاڵی کاروباری هونەری و نووسینی لە چالاکییە فەرهەنگی‌یەکانی نێو بنکەی پێشمەرگە بۆ وێنە دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری و ئامادەکردنی شانۆو سروودو پەخشان لە بۆنەو ڕێورەسمە حیزبی‌یەکان دا، دەست پێ‌کرد. کاتێك گۆڤاری "لاوان" لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی‌دا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد، حوسێن بوو بە ئۆگری ئەو گۆڤارەو، ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی لە ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕەوتی خەباتی خوێناوی و شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆی تێیان دا بەشدار بوو یا لە نزیکەوە دیتبوونی، دەیکردن بە هەوێنی نووسینی وتارو بیرەوەری و بۆ "لاوان"ی دەناردن. بە هۆی پێویستیی حیزب بەو کادرە لە بەشی تەشکیلاتی و دوور بوونی لە ناوەندەکانی نووسین لە نێو حیزب دا، بەداخەوە ئەم هەلەی بۆ نەڕەخسا لەم بوارەدا پەروەردە بێ و بەو جۆرە کە ئارەزووی بوو، ببێ بە قەڵەمێکی دیار. بەڵام قەڵەم و نووسین تەنانەت لە دوا ساتەکانی ژیانیش دا، هەر هاوڕێی بوون.

دیمەنی دەستەملانێ بوونی قەڵەم و کاغەزو دوا هەناسەکانی شۆڕشگێڕێکی زامدار، هەر ئەو کات لای پێشمەرگەی ئەدیب، هاوڕێ "ئاگری" بوو بە هەوێنی شێعری "بەرخودان" بەم پێشەکی‌یەوە:

..... شەهید حوسێن فەتحوڵلایی بە بریندارى کەوتە ناو گەمارۆی هێزەکانی ڕێژیم و تا دوا گوللە شەڕی کرد. بۆ سبەینێ کاتێك تەرمەکەی لەلایەن هاوڕێیانیەوە دۆزرایەوە، ئەو دێڕە شێعرەی بە فارسی نوسیبۆوەو لە پەنا خۆی دەبن بەردێکی نابوو:

**"تن من لاشەی فقر است، زندانی زورم**
**آه مردن!! حقیقت کرد مجبورم"**


ئەم شێعرەی خوارەوە بۆ ئەم یادە نووسراوە:

**تا کات پتر تێدەپەڕێ — دەبەخشی بە کوردستان و**
**کەلەپچەی گەمارۆش پتر — هەتا دوا کات**
**لە مەتەرێزت توند دەکرێ — دەجەنگی بۆ کوردستان و**
**" دەست هەڵنایە ! ! " — هەتا دواکات**
**ئاسمان شایەتی حاڵتە — دەونووسی بۆ کوردستان**
**شاخ شایەتی خۆڕاگریت — دەست هەڵنایە**
**مەتەرێزیش بۆ نەبەزیت — گوللە گوللە سینگی دوژمن**
**" دەست هەڵنایە ! ! " — دەپێکێت و**
**دەست هەڵێنە — دوایین گوللەش لە دەففەی**
**لە ناو گەرووی گەمارۆی تەنگ — سینگی خۆت دایە**
**یەکێ قەڵەمی گرتووەو ئەوی — دەست هەڵنایە**
**تریان ماشەی تفەنگ — سەرت بەرزە**
**جاسووس بەرەو سینگی دوژمن — وەکوو دوندی قەندیل وایە**
**لە گەڕدایە — دەست هەڵنایە**
**دەست هەڵێنە — چلۆن هەڵبێ؟!**
**دڵت هێندە ئاوەڵایە — لە سبەینێی ئەمڕۆکەدا**
**بە باڵای هەموو دنیایە“ — سەر هەڵنایە**
**هەتا دواکات**
**خوێنی دوو قاچی پێکراوت — کۆیە ١٣٧٣/٤/١**

## باوکی ...

رەسوڵ سوڵتانی

ئەو بەیانیەی بۆ یەکەمجار بیری لەو کەلەپچەیە کردەوە کە دەستەکانی شەتەك دابوو، تەمەنی کەمتر لە حەوت ساڵان بوو. تازە خووی پێوە گرتبوو. پێی‌وانە بوو ئەم کەلەپچەیە دەگەڵی گەورە دەبێ و تا مردن لێی نابێتەوە. دوایین کچی ماڵێ بوو، خوشکە گەورەکانی مێردیان کردبوو نەیدەزانی ئەوانیش کەلەپچەیان لە دەست دابوە یان نا. خوشکە گەورەکەی هیچ کات وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدابۆوە. باوکی پێی گوتبوو: "کچم کچی بابی: نامهەوێ وەك خوشکەکانی دیکەت چارەڕەش بی ئەوە کەلەپچە نیە گوێ مەدە قسەی خەڵکی." ئەویش باوکی لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەویست تەنانەت لە دایکیشی. هەرکات خەڵك لێیان دەپرسی ئەو کەلەپچانە چین؟ ئەو لەبەر ئەوەی نەکا دڵی باوکی لێ‌بێشێ نێوچاوانی تێك دەناو دەی‌گوت: نەخێر ئەوانە کەلەپچە نین جووتێ بازنەی بەختەوەرین. ئێواران کە لەبن دارەکەی بەرماڵیان دادەنیشت باسی ئەو کچانەی بۆ سروەی دەستە خوشکی دەگێڕایەوە کە بێ قسەیی باوکیان کردوەو جنێوی بەو پیرە پیاوەی ئاوایی دەدا کە نەی‌هێشتوە باوکان کەلەپچەی خۆشبەختی لە دەستی کچەکانیان بکەن. دەی‌گوت: کەس نیە بەو پیرە پیاوە بڵێ: منداڵی خەڵك بەدبەخت مەکە. ئەو باوەڕی بەوە هێنابوو کە ئەو کچۆڵانەی بێ ئیزنی باوکیان دەستیان دەکەنەوە چارەڕەشن. ئەو قسەیەی باوکی کردبوە گوارەی گوێی کە وتبووی: کچی خۆم، کچی بابی، نیگەران مەبە قەول بێ باشترین کوڕی دونیات بۆ هەڵدەبژێرم و کلیلی ئەو کەلەپچانەی پێ‌دەدەم. دەبێ کوڕێك بێ من شانازیی پێوە بکەم. ئەو پێی‌وابوو باشترین کوڕی دونیا ئەو کوڕەیە بابی بۆی هەڵ دەبژێرێ. "باوکی خۆم باش دەناسم بەس ئەو دەتوانێ بەختەوەرم بکا. ئێوە هەمووتان درۆزن و...." ڕاستی دەکرد، دیارە باوکی خواهەڵناگرێ یەکەم کچی بەبێ هیچ گێرەوکێشەیەك بە مێرد دا. بۆ کچەکانی دیکەی هێندێ مینگەمینگی کردو ئەوانیشی بەمێرد دان. دوای مێرد کردنی ئەوان بوو کە ئەو کەلەپچەیەی کردە دەستی کچە چکۆڵەکەی و سوێندی خوارد هەتا باشترین کوڕی دونیای بەدڵی خۆی بۆ هەڵ نەبژێرێ و ئەو کلیلانەی نەداتێ، ئیزن نەدا کەس دەستی بکاتەوە. ئەو، ڕۆژی کەلەپچە کرانەکەی وەك خەونێك بەبیر دادەهات، کە گەورەش بوو هیچ کات بیری لەوە نەکردەوە داوا لە کەسێك بکات دەستی لەو کەلەپچەیە دەربێنێ. پێی‌وابوو نابێ بەبێ ئیزنی باوکی کاری وابکرێ. زۆرجاران کلیلەکان لە گیرفانی باوکیەوە کەوتبوونە بەردەستی دەیگوت: نا، کاری واناکەم نابێ دڵی بابم لەخۆم بکەم ..." لە ئێوارەی چوارشەمەیەکی بانەمەڕ دابوو کە شێعری شاعیرێکی خوێندەوە، پێیان وتبوو ئەو شاعیرە گەنجە لە هەموو شێعرەکانی‌دا دژی دەست بەستراوی و کۆت و زنجیر دەدوێ و بێزارە لە دیلێتی. لەو ئێوارەیەوە کچی دیل، کچی کەلەپچە،کچی باوکی ڕقی ئەو دونیایەی لەو شاعیرە بوو. حەزی نەدەکرد ناوی ببیسێ. شاعیر ئەوەندەی شێعری چاوبە فرمێسك بۆ هۆندەوە تا دڵی نەرم کرد بەڵام دیسانیش ئەو هەر وا کەلەپچەی نەك هەر لە شاعیر بەڵکو لە هەموو کەس خۆشتر دەویست ژیان لە نێو کەلەپچەدا ژیان لە بازنەی هیواکانی باوکی‌دا بۆ ئەو ئازادی بوو: ئەو ئێوارەی شاعیرەکە چی پیاو ماقووڵ و دەمڕاستی ئاوەدانی بوون ناردنی بۆ وەرگرتنی ئەو کلیلە، باوکی وتبووی: ڕۆڵە، ئەمن ئەو کلیلانە دەدەم بەو کەسەی خۆم حەزم لێیەتی نەك تۆ، دەبێ کەسێك بێ من خۆشم بوێ نەك تۆ ئەمن هەڵم بژاردبێ نەك تۆ. تۆ وەك ئەوانی دیکە هەڵدەبژێری و نامهەوێ وەك ئەوانی دیکە بێ، کچە لە زمانی باوکیەوە دەیگوت ئەوان بەختەوەر نین دیارە لە هیچیان کەم نیە بەس قسەی بابمیان شکاندوە: شاعیر تادەساڵیش لە شێعرە چاوبە فرمێسکەکانی‌دا باسی لە کچێکی سەیرو سەمەرە دەکرد کە بە کەلەپچەی دەستی دەنازێ و بە ئازادیی ناگۆڕێتەوە. کچە گاڵتەی بە هەرچی گریان و دڵناسکێتی و شێعرو چیرۆك و ئازادی هاتبوو، بە تەشەرەوە گوتبووی: بابم لە خۆڕایی ئەوانەی نەکردۆتە دەستم بابم دەڵێ ئافرەت پرچی درێژەو عەقڵی کورتە، تەنانەت ئەوکاتەی باوکی دەگەڵ کابرایەکی پیری سوورکارە هاتەوەو کەلەپچەکانی لە دەستی دەرهێناو زنجیرێکی ئاڵتوونی کردە ملی ئەو کابرا سوور کارەکەی بە فریشتەی ڕزگاریدەر زانی و گوتی: بەس دڵی بابم لێ نەیەشێ



قەیناکا. تا ئەو کاتەش ئەو هەروا گاڵتەی بە ئازادی و هەموو شتێك دەهات. لەو ساتەدا بیرم لە نووسینی چیرۆکێك دەکردەوە کە باسی کچێکی چاو کراوەی بێزار لە کەلەپچە بکا. وتیان لێرە کچ نیە کەلەپچەی لە ماچ خۆشتر نەوێ و حەزی لە زنجیری ئاڵتوون نەبێ. گوتم: کەوابێ با چیرۆکی نیشتمانی کچانی کەلەپچە بنووسمەوە: ئاخر ئەمن:

**ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم**
**تەماشا کەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم**

## گریان

هۆزان

**ئەتۆ ناوت فرمێسکە، بۆیە من حەزم لە گریانە**

**دوێشەو کە دڵی من بەکوڵ و ژانەوە گریا**
**ئەستێرە بە زام و خەمی ئاسمانەوە گریا**
**شەو مەست بوو لە سەر تەرمی هەتاو چۆپی دەکێشا**
**مانگ ڕۆیی بە سەر حەسرەتی کێوانەوە گریا**
**دیلێتی ئەباری لە بزەی کیژی وڵاتم**
**ئازادی بە شوورەی ڕەشی زیندانەوە گریا**
**ئەسرین کە وەکوو تاڤگە لە دیدەی وشە دەڕژا**
**دەریا بە هەنیسکی دڵی بارانەوە گریا**
**کانیلە سەری وردە شەپۆلی کە لە هەش نا**
**دڵ پڕ بە بناری چەمی کوێستانەوە گریا**
**ئەنفالی بزەی کردووم کۆچی لە نەکاوت**
**لووتکەو ڕەوەزی شاخم بە جێژوانەوە گریا**
**گەوزیوە لە خوێنی دڵی خۆی عەشقی شەهیدم**
**خاکیش بە زمانی هەموو عاشقانەوە گریا**
**دوێ شەو کە چپاندم خەمی ئەو عەشقە بەگوێی‌دا**
**زریان بە هەناسەی سڕی زستانەوە گریا**



# لەسەرڕاوە بزێوە

فەرهاد سالْحی

مەستم خومارم سەرخۆشم، کەس...

دەزانی بۆچی خۆشم دەوێی؟ لە بەر ئەوەی تۆش وەك من قوولّی ... قوولّ وەك... قوولّو ئیتر هیچیتر. ئەم دێڕانەشم تەنیا لەبەر دلّی تۆ نووسیوە، لە خۆت دەرنەچی! من قەت خۆم سانسۆر ناکەم. دەزانی چی؟ نا..

خۆیان گالّتە جارن.. لێیان گەڕێ.. نا.... من دەبێ بزانم بەچی پێدەکەنن؟!

فشەیە... خۆت هەلّمەشیرێنە.. هیچت بۆجێبەجێ نابێ.

هەستە بەشان..

ها....ها.....ها

ماچەکەت بە دلّ بوو؟ بەو هیوایەی شتی باشتری بە دواوە بێ. سپاست دەکەم.. دەلّێی چی دوونیاکەیە ئیدی!

بە سەری مارگارێت دۆراس دەبێ ئەوەی پێم خۆش بێ پێی بگەم. بەیانی زوو هەستە لە خەو، زۆر تەمبەلّ بووی، دەبێ شەغرەیەك چیرۆكو شتیوا بخوێنینەوە. جگەرەکەت فڕێ دەو ئەوەندەش مەچۆ جگەری گۆشت. دەڕەندەیی دێنێ. لەسەر شاییو مایی زۆر چاوەچاو مەکە، لەلایەن منەوە لە حەوت مەملەکەت ئازادی بە کەیفی خۆت چاو برسیو شتی وا فریو بدە.

ئەرێ ئەو هەموو شتی وایەو منی وایەت لە چییە. کوڕە چی بکەم، ئەو بەناو نووسەرانە خۆ هیچیان بۆ نەهێشتووینەتەوە قسەی لەسەر بکەین، هێندەشیان شت سەقەت کردوە بە ئەبوولفەزیش راست نابێتەوە، ئینسانیش حەوسەلەی نیە ئەو هەموو شتە سەقەتە لەسەرڕاوە بزێنێتەوە.



بۆت بووینە بار گرانی نابابە، ئەو قسانە چییە؟

تا ئەو جێگایەی پێت دەکرێ بە وردی گوێ لە قسەکانم رابگرە، باش، هەولّ دەدەم!!

هەلّدەستم دەڕۆم ها! ئەو هاتوو چۆیەت لە چییە؟ ئەوە بۆ دەلّێی منت لێگوم بووە؟! دانیشە فلّسێك ناهێنی!

بالّانسەکەت تەواو بوو؟ ئا... دەیجا چییە، هیچ!!

بۆ ئەوەی چاکە خەلّکی پێیان وایە من ...ئێ....

وا چاکە وا ئاسوودەتری.

گوێ شلکە با گۆرانێکت بۆتێ هەلّکەم: ئای نیزام بۆخۆم نیزام ... لێ گەوهەرێ گیان گەوهەرێ.. سینگت کرماشان شاری لە دووری تۆیە رەشپۆشم

# ماچێك بۆ ئەم شەو

کوێستان عومەرزادە



دەرگاکان بخە سەر پشت
تا بۆنی سێوەکانی عەشق
رەت بێ
پەردەکان لادە
دەمهەوێ
لە پەنجەرەی غەریبترین ئێوارەوە
بدوێم
ماچێك ببەخشم
بە گەورەییت
بە ئامێزی پاکیزەییت
دەمهەوێ
بۆم بیت بە هەموو شتێك
شەرمی کچێنیم بشکێنێت
ترسی تەنیاییم هەلّگریت
ماچێك بۆ ئەم شەو
تەڕم کا لە گۆرانیدا
لە خەندەی با
ماچێ
بەلّێ تارمایی شەوم بەرێ
پڕم کا لە تابلۆی
رەشو سپی
بالّی ئالّترین کازیوەم
بگرێ



# ئەی نیشتمانی

## ئەنفالو زیندە بەچالّو وێرانم..

پیران قادرزادە



ئەی نیشتمانی ئەنفالو زیندە بەچالّو وێرانم.... ئەی نیشتمانی بریندارو خەونە نەزۆکەکان.. تۆ پێناسەی بوونو بەردەوامی.. تۆ دایكو هەناسەی داهاتومی.. تۆیەك سالّهایە کێم لە برینت دەچۆرێت، هەنگاو بە هەنگاو ناحەزانت پەڕەکانت هەلّدەقرچێنن.

بەلّام تۆی بە هێزتر لە قورسایی، پیرۆزتر لە مەلۆتکەیەکی باوك نەدیو.. توانیویەتی لە باوەشی پڕ لە مێهرت هەمدەم بە ئارامی رازەکانمان حەشاردەی..

ئای نیشتمانم..!!

تێر بە سیەکانت هەناسەی ئازادیت هەلّنەمژی، ئەژدەهاکانی دژبە عەشقو مرۆڤایەتی، بەرلەوەی سەرخەوێك بشکێنی لە فەزای ئەم هەموو سەربەخۆیەتدا.. برینێکی گەوەریان لە دلّە مەزنەکەت کرد، برینێك ئازارەکانی بەقەدەر ئەنفالو هاوکارەکانی تۆش بەقەدەر دایکانی شەهیدو منالّانی ئاوارە.

ئای نیشتمانم..!!

کوشتنو بەردەباران کردنی (دوعا)یك پڕ لە عەشقو پاکی.. کچە کوردێکی بێنازو پەپوولە ئاسا.. لە ئامێزی تۆی پیرە دایك، ویژدانی هەموومانی هەژاند.. تۆی گەورەو مالّو گەشەو جولّەمان... دێت هێشتا لێمان.. لە مرۆڤایەتیمان لە دڕەندەییو بێدەنگیمان.

هۆ نیشتمان..

ئێمە بێدەنگ نابین تا ئەو کاتەی جەلادەکانی عەشقو پاکی، نوێژی (دوعا) لە سەر پرچەکانی تۆی نیشتمان نەکەن...

(دوعا) گیان تۆش دروشمی خۆشەویستیو نەمری..

تۆ مەدالیای ئێستاو ئایندەی میللەتێکی بە پیتو بێ خەزانی...

تۆ جوانترین بەهارو متفەڕکی عاشقانی....

# وشە

وشەکان رێگا نادەن / لە دەریای قوولّی هەلّبەست دا / کەسێك بخنکێنم / ئارەزووی خنکاندنی نەبێ / دەمهەوێ / لە کانگای دووری بیرو ئاوات / نەوایەك بنوێنم / گەرمو گوڕ / دلّتەزێن / لاقی رۆیشتن شکاوە / لێوی گوتن بەستراوە / هەموو نادیارن / لە دوورەوە / بۆنی خوێنیان لێوەدێ / لە تاریکانێك / دەنگێك دەبیسم / تەمو مژ / چوار دەورەی گرتووم / وێنەیەکی خوێناوی / لە پێش چاوانی / هاتە دەر / بەلّێ / بالّی وشەیان شکاندو / تك تك خوێن / بەسەر دەریای هەلّبەستم دا دەچۆڕێتەوە

قادر قادری







# "ژن لە سینەمای ئێران دا"

نووسینی: ناسر رەسولّی

رۆلّی ژن لە سینەمای ئێران دا لە سەرەتاوە (دختر لر) تا سالّەکانی ٧٧ـ٧٨ بەم شێوەیە بوە دایك، نەنك، زڕدایك، کچەی تەنیا ، بێوەژنی تەنیا، کچە دەولّەمەندی عاشق، کچە فەقیری عاشق، بەسیجی عاشق،....و لەشفرۆش "

یانی چوارچێوەی رۆلّی ژن لە سینەمای ئێران دا نیشاندەری زەحمتکێش بوونو زەعیف بوونو توێژی دۆڕاوی کۆمەلّگا بووە. بۆ وێنە رۆلّی بیتا (فاعقە آتشین، گوگوش) لە فیلمی بیتا (١٣٥٤)دا نوێنەرو نیشان دەری ئەو کچانەیە کە لە مالّەوە هەلّدێن تەنیانو هەست دەکەن توانایی هەموو شتێکیان هەیە بەلّام لە کۆتاییدا بینەر وا هەست دەکا کە ئەو کچە زیاتر لە قسە هیچیکەی پێنیە، یانی لە راستیدا کۆمەلّگا لەمپەرە لەبەردەم تواناکانیدا. ئەو شێوە فیلمانە تا سالّەکانی ٧٧و٧٨ لە سینەمای ئێران نەبڕایەوە تا دوای هاتنە سەرکاری دەولّەتی خاتەمیو وەرگەڕانەوەی شەپۆلی نوێی سینەمای ئێران کە ئینجا دەستی دەرهێنەرەکان ئاوەلّە تر بوونو ئەو کەڕەت ژنان لە سینەمادا توانیان لە قالبە کلیشەییەکەیان بێنەدەرو تەنانەت رۆلّی (جاسوس، دز، کانگستر...) وەخۆبگرن.

هەروەها زمانی دیالۆگی ژن لە سینەمادا کە پێشتر لە ئارام بوون یان زمانی خیابانی زیاتر هیچی دیکە نەبوو بەلّام ئێستا شێوازی زمانی پیاوان هاوسەنگ دەرهاتووەو تەنانەت کردەوەیان تا ڕادەیەکیش چ لە بواری دەرهێنان ( تهمینە میلانی)(رخشان بنیاعتماد)و چ لە کاری ئەکتەریدا ( هدیە تهرانی- بهناز جعفری) زۆر بەتواناتر لە پیاوەکان دەنوێنن، هەروەها روپۆشی ژن ئەمرۆکە ئەگەرچی وەك سەردەمی فیلمی فارسی (زەمانی شا) ئازاد نیە، بەلّام تا رادەیەك لە چاو سالّەکانی ٦٠و٧٠ باشترە ( بچەهای بد، سربازان جمعە، خوابگاە دختران، غوغاو... ) نمونەی ئەو فیلمانەن کە ئەکتەرە ژنەکان تێیدا سەریان روت کردوە یا گۆرانی دەلّێن. لە راستیدا لە باری تەکنیکییەوە کاتێك فیلمێك ئەوها سکانسێکی بێ، زیاتر چ بۆ بینەرانی تایبەت (مخاطب)و چ بۆو کەسانەی کە بۆ رابواردن چاو لە سینەما دەکەن باشترو راحەت تر دەتوانێ قسەی خۆی بگەیەنێ. لە سەردەمی فیلمی فارسیدا ئەگەر فیلمێکی دراماتیك هۆکاری سەرکەوتنەکەی لە ئامێز گرتنی ژنو پیاوو یان بلّێین سکانسە (١٨ـ)کان بوو، ئێستا کە بە زمانی فیزیك بەستراوەو ئەوە زمانی دیالۆگە کە ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوەو لە راستیدا وەها سینەمایەك سالم ترە. ژن لە سینەمای ئەوڕۆکەی ئێران دا بە راستی بەتەواوی توانیوێتی غەیبەتی چەن سالّەی خۆی پڕبکاتەوە، هەر بۆیەش بەڕای من سینەمای ئێران (سینەمای ژن) ئەوڕۆکە زۆر سینەمایەکی سەرکەوتوە.



# جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ـ ٤٦

مستەفا شەڵماشی



مستەفا شەڵماشی

یەکێک لە دیاردە گرنگو بەرچاوەکانی جووڵانەوەی ٤٧ـ٤٦ تەشکیلاتی بوونی ئەو جووڵانەوەیە بوو. هەرچەند جووڵانەوە تەواوی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی نەگرتۆتەوە، لەو ناوچانەدا کە زۆرتر کاری دەکرد بە تەواوی چوو بوو دەنێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەتایبەت لە دێهات. لە زۆربەی گوندو شارەکانی ناوەندی کوردستان شانەو کۆمیتەی حیزبی پێک هێنرا بوون.

جێگای سەرنج بوو کە گوندنشینە نەخوێندەوارەکانی کوردستان، بەو پەڕی نهێنی کارییەوە، تێکۆشانی سیاسیی هەبوو. بناخەی رێکخراو بە شێوەیەک دارێژرابوو کە تەنانەت ئەندامی شانەی یەک گوندیش، یەکتریان نەدەناسی، هەر ئەندامێک تەنیا ئەندامانی شانەی خۆی دەناسی. کەڵوەرگرتن لە شێوەی زنجیرەیی رێکخراو، کە گونجاوترین شێوەی رێکخستنە بۆ جووڵانەوەیەکی وەک جووڵانەوەی گەلی کورد، لەو سەردەمیدا بە تەواوی بەرێوەدەچوو.

ئەوە بەو مانایە بوو کە هەر رێکخراوەی تەنیا یەک پێوەندیگری هەبوو. دیارە کلیلی پەیوەندی گرتن بە یەکێکی تری تەواو باوەڕپێکراویش دەگوترا بۆ ئەوەی بە لە نێو چوونی کەسی ژمارە یەک، ئەو بتوانێ پێوەندی بگرێتەوە. کارەکانی رێکخراویی کە بە نهێنی بەرێوە دەچوون، بە باشی لە ژێر چاوەدێریی بەرپرسی رێکخستن لە ناوچەدا بوون. هەم کۆنترۆڵی باش لەسەر رێکخراو هەبوو، هەم وەک ئۆرگانێکی زیندوو بە چالاکی دەگەڕا.

زەحمەتکێشانی شارو دێ کە ئاواتەکانی خۆیان لە نێو ویستی جووڵانەوەدا دەدی بە تەواوی پشتیوانی جووڵانەوە بوون. دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە هەلومەرجی نێونەتەوەیی، نێوخۆی ئێرانو تەنانەت نێوخوێ کوردستانیش بە تەواوی لە دژی ئەو جووڵانەوەیە بوونو هەر ئەوانەش هۆی سەرەکیی شکانی جووڵانەوەی ٤٧ ـ٤٦ بوون.

لە رادەی نێونەتەوەییدا جووڵانەوەی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران نەناسراو بوو، هیچ پشتیوانێکی ماددی یا مەعنەویی نەبوو. دەوڵەتی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی محەمەد رەزا شادا بەتەواوی بەستراوەی ئامریکاو وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوا بوو. ئەوانیش کە قازانجی سەرسوڕهێنەریان لە ئێران دا هەبوو، بەتەواوی پشتیوانییان لە رێژیم دەکرد. وەسیلەکانی پێوەندیی گرتن، دامو دەزگای بڵاو کردنەوەو پروپاگاندا، کە هەمیشە بە هەزار زنجیر بە هێزی دەسەڵاتداری ئەسڵی، واتە خاوەن کارتێلو کارخانەو بانکو بنکە ئابوورییەکانی ترەوە بەستراونەوە، تەنیا بەپێی ئامۆژگاری سەرۆکەکانیان جارو بار نێوی ئێرانیان دێنا. ئەویش زۆرتر بە مەبەستی نیشاندانی هێزی بە درۆی رێژیمی پادشایەتی. بۆ وێنە رێورەسمی جێژنی دووهەزارو پێنج سەد ساڵەی پادشایەتی، لە تەلەویزیۆنەکانی ئامریکاو ئورووپاوە راستەوخۆ بڵاو دەبۆوە. لە کاتێک دا هیچ وەخت باسی وەزعی زیندانیانی سیاسی، مافی مرۆڤ، وەزعی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران یا جووڵانەوە رزگاریخواز، وەک جووڵانەوەی کوردستان نەدەکرا.

لە نێوخۆی ئێرانیش دا جووڵانەوەی کوردستان هیچ پشتیوانێکی نەبوو. دەنگو باسی ئەو جووڵانەوەیە لە رێگای دامو دەزگا دەوڵەتییەکانەوە بڵاودە کرایەوە، کە بە چەتەو رێگریان ناو دەبردنو بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک تەرمی کادرو پێشمەرگە شەهیدەکانیان بە ناوی یاغیو رێگر بە شارەکانی ئێران دا دەگێڕا.

بە داخێکی گرانەوە لەو سەردەمیدا، رێکخراوێکی دیکەی سیاسی کە لە نێوخۆی ئێران نفووزی هەبێ، نەبوو تا درۆکانی دامو دەزگای ساواک لە قاو بدا. رێکخراوێک کە ناوێکی گەورەو شارێکی وێرانی بەدەستەوە بوو، حیزبی توودە بوو. ئەویش لە جیاتی ئەوەی لانی کەم لە دەرەوە پشتیوانی لە جووڵانەوە بکا، خۆی لێکردبوو بە باپیرێکی تەسلیم تەڵەب، کە فرمێسکی بۆ نەوەکەی هەڵ دەڕشتو داوای تەسلیمی لێدەکرد یا ئامۆژگاریی دەکرد بەناو پێوەندی بگرێ بە رێکخراوەکانی ئەوەوە لە نێوخۆی وڵات. رێکخراوێک کە بە هیچ جۆر وجوودی نەبوو. لە دەرەوەی وڵات رێکخراوێکی خوێندکاران هەبوو کە جارو بار هەڵوێستێکی دەگرت. کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران ئەوەندەی من بیستبم، چەند پۆستەرێکی لە شەهیدەکان بڵاو کردبۆوەو لە یەک دوو جێگا خۆپێشاندانو رێپێوانی کردبوو. هەروەها هەوڵیان دابوو رێکخراوی رووناکبیرانی کورد لە دەرەوەو کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق رازی بکەن کە لە دژی ئەو جووڵانەوەیە رانەوەستێ، بەڵام ئەو رێکخراوانە لە باری دیپلۆماسییەوە زۆر لاواز بوونو نەیان دەتوانی شوێن لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژیان دا بنێن یا تەنانەت لەسەر هێزی سەرەکیی سیاسی ئەو سەردەمی کوردستانیش. جگە لەوانە نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران هیچ جموجۆڵێکیان نەبوو.

رێژیمی پاشایەتی کە تازە "شۆرشی سپی شای" بە مەبەستی پەیدا کردنی بنکەی کۆمەڵایەتی بۆخۆی، هێنابووە گۆڕێ لە بەهێزترین سەردەمەکانی ژیانی خۆیدا بوو. دەزگای جاسووسیی رێژیم کە لە ژێر چاوەدێریی پسپۆڕەکانی سیای ئەمریکاو موسادی ئیسرائیل دا دەگەڕا، لانی کەم لە باری تەبلیغاتیو ترساندنی خەڵکەوە زۆر بەهێز بوو. هەموو کەس وایدەزانی کە لە نێو دیوارەکانی ماڵەکەی دا دەزگایەکی کۆنترۆڵی ساواک هەیە. هێزی نیزامیی رێژیم لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەوەندە ترسێنەرو بەسام بوو، کە ئیستیوارێکی ژاندارمەری حوکمی ناوچەیەکی پانو بەرینی دەکردو تەنانەت بۆخۆی سەڵتەنەتی ناوچەیی هەبوو.

جگە لە کوردستان کە سوننەتی دژایەتی لەگەڵ رێژیمو درێژەدانی خەباتی نەتەوەیی تێدا بوو، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران رێژیم توانیبووی تا رادەیەک بنکەی کۆمەڵایەتیش بۆخۆی پێک بێنێ، بە بەرێوەبردنی رێفۆرمێکی نیوەچڵی زەویو زارو بە سەرگەرم کردنی بورژوازیی میللی بە کاروباری بازرگانیو پوولْ دەرهێنانەوە، نفووزێکی هەر چەند کەمی لە نێو وتووێژی نەخوێندەواری گوندنشینو بازرگانی شاریدا بۆ خۆی پێک هێنا بوو.

بەڵێنە گەورەکانی لاسا کردەنەوەی ژاپۆنو رۆیشتن بەرەو دەروازەکانی شارستانیەتیی گەورە لانی کەم زاری هێندێک لە خەڵکی ئێرانی ئاودار دەکردو بە تەمای ئەو رۆژە خۆشانە بێدەسەڵات بە دوای رێژیم دا دەکشان.

دیارە دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە لە کۆتاییدا هەر ئەو بەڵێنانە بوونە مارو لە گەردنی رێژیم هاڵان چونکە ئاغاکانی لە دەرەوە بەو لافانە زۆر قەڵس بوون. لە نێوخۆی ئێرانیش دا کاتێک دیتیان ئەو بەڵێنانە بڵقی سەر ئاونو بە هۆی رێژیمێکی بەستراوە ناکرێ بەدی بێن، کۆمەڵانی خەڵک راپەڕین. بە کورتی هەلومەرجی نێوخۆی ئێران لە ساڵەکانی ٤٦ ـ٤٧دا، بە قازانجی جووڵانەوەی گەلی کورد نەبوو. بەڵکوو بە پێچەوانە لە دژی بوو.

لە نێوخۆی کوردستانیش هەلومەرج لەبار نەبوو. لە رادەی کوردستانی گەورەدا بەگشتی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ژێر نفووزی جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق دا بوو. ئەویش نەک تەنیا نەی دەتوانی یارمەتی بە جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران بکا، بەڵکوو هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، لەبەر گیرو گرفتی لە رادە بەدەری خۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێژیمی پاشایەتی بە جۆرێک پتەو بوو کە بەکردەوە مەجبوور بوو، لە دژی جووڵانەوەی ٤٧ ـ٤٦ راوەستێ. لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش خودی حیزبی دێموکرات بە دووبەش، دابەش ببوو. بەشێکی پاسیفیست کە حازر نەبوو بەشداری لە جووڵانەوە دا بکاو چاوەڕوان بوو دوای سەرکەوتنی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق، نۆرەی ئەویش بێ.بەشەکەی تریشی کە دیارە پێکهێنەری جووڵانەوەی ٤٧ ـ٤٦ بوو.



جووڵانەوەش بۆ خۆی تەنیا لە ناوەندی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، پەرەی سەندبوو. لە باکووری کوردستان زۆر لاواز بوو، لە باشووری کوردستانیش کە بەشی دەوڵەمەندو پڕ دانیشتووی کوردستانی دەگرتەوە، بە ناوەندی فەرهەنگی گەورەو شاری زۆر پڕ حەشیمەتەوە، زۆر بە کەمی لەم جووڵانەوەیەدا بەشدار بوو. رووناکبیرانی کوردستان زۆر بە کەمی بەشدارییان تێدا دەکرد، یا ئەگەر بەشداریش بوونایە، لە سەرەتایی ترین پلەی بەرپرسایەتیدا دەمانەوەو حازر نەبوون بۆ بردنە پێشی جووڵانەوە دەست لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرن. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە بەشی زۆری خەڵک، بە رووناکبیرو نەخوێندەوارەوە چاوەڕوانی ئەنجامی شۆرشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بوون.

جووڵانەوەی ٤٦ـ٤٧ لە بەر هۆیەکانی سەرەوە نەیدەتوانی بە لوتکەی سەرکەوتن بگا. بەڵام رێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە ئەوەندە بۆ مەسەلەی کورد دڵسۆز بوون، کە بیریان لە سەرکەوتنی یەکجاری نەدەکردەوە. بە کورتی ئەوان حازر بوون گیانی خۆیان بەخت بکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن ئاگری خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران بکوژێتەوە. هەر وەک بەشی هەرە زۆریشیان لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەخت کرد.

بەشی زۆری وێنەو ناوی ئەو شەهیدانە لە کتێبێک دەرهێنراوە بەناوی " شەهیدانی نەمری حیزبو گەل" کە لە لایەن (ح.د.ک.ئ. رێبەرایەتی شۆرشگێر)ەوە بڵاو کراوەتەوە:

سمایلی شەریف زادە، عەوڵا گرۆێ، مەلا ئەحمەد شەڵماشی (مەلا ئاوارە)، مەلا سمایل فەقێ بیسی، سولەیمانی موعینی، عەوڵا موعینی، ناجی، باپیر شکاک (نحۆ)، فیروز (برای نحۆ)، مام رەزا، مامی سەید فەتاح نیزامی، سەید فەتاح نیزامی، میرزا محەمەد شادمانی، مەلا رەحیم (میرزا ئەحمەد)، حوسێن رەحمان رابی، مەلا مەحموود زەنگەنە، عەلی عەوڵا گوڵی، خەلیل مستەفاپور (شەوباش)، مینە شەم، محەمەد دەرویش ئەحمەدی، حەسەن خورخورەیی، برایمە سوور، محەمەد رەسووە مەرە، عەلی رەحیم گوێ ڕەش، دەرویش عوسمان، حوسێن چل کۆچ، قادرە شەل، عەلیە گەلە، قادر پەنیرە، حاجی حەسەنە سوور، رەحمان وەتمان چاوشین، حەمەدەمین شیرێژ، سلێمان کەرقەشان، رەسووڵ پیران، عەوڵای بایز قنجەی، ساڵح عەوڵا فەقێ، حەمەسووری دۆڵەتوی، مراد شیرێژ، سەید یەعقووبی باوەلەی، ئەحمەد عەلی عەجەم، رەشید یاوەری، محەمەد هەمزە ریتالی، نیکو کرماشانی، وسێن هەمزە ریتالی، بەهمەن ئەحمەدی رەشید بەگ، حەسەن ئەحمەد توفیق بەگ، حەمەدەمین ساڵح فەتاحی، حاجی نیازی، محەمەد مەنگور، عەوڵا کوڕی مەلا نەجمەدین، عەبدول مەجید ئەمیرزادە ئاڵوەتان، محەمەد حاجی سووری، مەحموود کوڕی عەزیز کوێخا، برایم دێبوکری مەحموودی، ساڵح لاجانی، مەلا کەچە.

هەر وەک لە پێشەوە باس کرا، جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ ـ٤٦ ، بوو بە دەستەچیلەی خەباتی دوارۆژو سێبەری تێکۆشانی سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستانی هەڵگرت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە زیندوویی راگرتو ریشەی ئەو حیزبەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا زێندوو کردەوە. هەرچەند زۆربەی رێبەرانی جووڵانەوە شەهید بوونو هەرچەند پاشماوەی کادرو پێشمەرگەکان مەجبوور بوون دیسان کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بەجێبێڵنو ئاوارە بن، بەڵام خەباتو تێکۆشان درێژەی کێشاو شانەو رێکخراوەکان هەڵ نەوەشان.

ئەو کادرو پێشمەرگانەی ئاوارەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق ببوون، هەر بە شێوەی تەشکیلاتی لەگەڵ یەکتر پەیوەندییان هەبوو. سەرەڕای کەندو کۆسپی لە رادە بەدەری ژیانو لەگەڵ گەلێک گیروگرفتی سیاسی کە لە هەموو لایەکەوە بۆیان دەهاتە پێش، دیسانیش خەباتی سیاسییان درێژە دەدا. لە بەر ئەوەی هێندێک لەو پێشمەرگانەی کە دوای تێشکانی جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، پەنایان بردبوو بۆ شۆرشی کورد، ئەوانیش بەداخێکی گرانەوە، چەند کەسێکیان تەحویلی رێژیمی پاشایەتیی ئێران دایەوە، وەک: (ساڵح لاجانی، عەلی گوێڕەش...) کە لە سێدارە دران. دەستەیەک لە کادرو پێشمەرگەکان کە لە شارەکانو گوندەکانی کوردستانی عێراق دا بڵاو بوونەوە جگە لەو دوو دەستە پێشمەرگەو کادرانە، ژمارەیەکی زۆر کادری حیزبی، هەر لە جووڵانەوەی چەکداریدا بەشدار نەببوونو لەگەڵ شۆرشی کوردستانی عێراق کاریان دەکرد یا لە وڵاتانی ئورووپایی بوون.

کادرو پێشمەرگە ئاوەرەکان، دیسان چەند کارەساتی دڵتەزێنی دیکەیان بە سەرهات. کاک هاشمی حەق تەڵەب کە بە قادر شەریف بەناوبانگ بوو، بە دەستی ساواکو بە هاوکاریی نۆکەرانی ساواک لە نێو کوردستان عێراق دا لە مزگەوتێکی شاری سلێمانی نامەردانە کەوتە بەر هێرشی نارنجۆکو شەهید کرا. هەروەها " کاوە" (مەلا حوسێنی مارەغانی) لە نێو مەقەری خۆیدا بە دەستی ساواک کە وەک عامیلی نفووزی نادربوویە نێو پێشمەرگەکان، بەناوی "محەمەد ئەمین جوانمردی" خەڵکی ناوچەی سەقز لە شیرن خەودا کەوتە بەردەستریژو شەهید کرا. ئەو جینایەتە لە شاری قەڵادزێ رووی داو بەداخەوە ئەو جینایەتکارە گۆیا بە هاوکاریی نۆکەرانی ساواک لە کوردستانی عێراق بە هاسانی توانی بگاتەوە ئێران. ئەو خۆفرۆشە (محەمەد ئەمین جەوانمەردی) کە گۆیا لە نێو حوجز قەفێیان را هاتبووە نێو مەقەری پێشمەرگە ئینسانێکی زۆر خەتەرو خۆرێکخەر بوو. لە پێشدا بە شێوەیەکی گەلێک شارەزایانە خۆی لەگەڵ پێشمەرگەکان رێکخستبوو، کارێکی وای کردبوو کە هەموویان متمانەیان پێ بێ، تەنانەت "کاوە" کە ئەو کاتی بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە بوو، بە جۆرێک باوەڕی بەو ئینسانە فێڵبازە کردبوو، کە کردبوویە ئێشکدەری سەر سەری خۆی. ئەو کابرایە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانو رووخانی رێژیمی پاشایەتی خۆی ون کردو ئێستاش دەستی عەداڵەتی نەگەیوەتێو بە سزای کردەوەی خۆی نەگەیشتوە. دیارە ئەرکی سەرشانی هەموو شۆرشگێرانی رێگای کوردایەتییە کە ئەو خائینە بدۆزنەوەو بە سزای کردەوەو خیانەتەکانی بگەیەنن.

سەرەڕای ئەو زەربەیەش کادرو پێشمەرگەکان لێک بڵاو نەبوونو درێژەیان بە کاری حیزبی دا. ساڵی ١٣٤٨ دەستەیەک لە کادرە هەڵکەوتووەکانی حیزبو لە پێش هەموویانەوە شەهید دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بوون، چ ئەوانەی لە نێو شارەکان بوونو چ ئەوانەی لە دەرەوە بوون، پەیوەندییان گرتو توانیان بەشی زۆری ئەوان لە دەوری یەک کۆبکەنەوەو تەکانێک بە تەشکیلات بدەنو حیزبی دێموکرات بەرەو قۆناغێکی تازە رێبەری بکەن. ئەو یەکگرتنەوەیە دەکرێ بە بەردی بناغەی رێکخستنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە قەڵەم بدرێ. بەتایبەت کاتێک وتووێژ لە نێوان شۆرشی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی بارزانیو دەوڵەتی عێراق دەستی پێکرد، هەلێکی باش رێکەوت کە زۆربەی کادرو پێشمەرگە ئاوارەکان لە دەوری یەکتر کۆ بنەوە. ئەو لێک خڕبوونەوەیە بوو بە هۆی پێک هێنانی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات کە لەوێدا بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی زانستیانە دارێژراو پەسند کرا. پاشان لە ماوەیەکی کورت دوای کۆنفرانسی سێهەم، کۆنگرەی سێهەم پێک هات کە ئەویش بە نۆرەی خۆی لە تەواو کردنی ئۆرگانەکانی رێبەری حیزبیو پێک هێنانی تەشکیلاتی تازەدا، نەخشێکی زۆر گەورەی هەبوو.

بەرهەمی ئەو تەکانە تازەیە ئەوە بوو، کە رۆژنامەی "کوردستان"

←

# هێمنایەتیی عێراق لە کوێی ناکۆکییەکانی نێوان واشینگتۆن و تاران دایە؟

عەوڵلا بەهرامی



سەرەنجام ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی مای باڵیۆزانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق دوای ٢٨ ساڵ بە میوانداریی و نێوبژیوانیی سەرۆک وەزیرو ڕاوێژکاری بەرزی هێمنایەتیی نەتەوەیی عێراق وەك هەرسێك لایەن باسییان لێوە کردوە بۆ باس کردن لە سەر هێمنایەتیی عێراق کۆبوونەوە. ئەم وتووێژانە لە ڕاستیدا جێبەجێ کردنی بەشێك لەو پێشنیارانە بوو کە لەگەڵاڵەی دەستەی موتاڵای عێراق (بیکەر ـ هامیلتۆن)دا خرابووە بەر دەم جۆرج بووش سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان.

ساکارترین پاساو بۆ ئەم ڕووداوە دەگمەنە ڕەنگە ئەوە بێ کە ئەمریکا بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانەی لە عێراق تووشی هاتوە ناچارە لەگەڵ وڵاتێك کە دەورێکی گرنگی لە شێواندنی هێمنایەتی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا هەیە وتووێژ بکاو ڕەنگە بۆ زاری کردنیشی هێندێك ئیمتیازی بداتێ. دیارە ئەم بۆچوونە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو گوشارانەی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپاییەکانییەوە کەوتۆتە سەر ڕێژیمی تاران بەڵگەمەندتر دەبێ. چونکە تا ئێستا دوو بڕیارنامەی ئەنجومەنی هێمنایەتی ڕووبەڕووی ئێران بوونەتەوە تەنانەت ئەگەری دەرچوونی بڕیارنامەیەکی توندتریش سەبارەت بە خۆبواردنی ئێران لە وڵامدانەوەی خواستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی (دەست هەڵگرتن لە پیتاندنی یورانیۆم) هەیە.

بۆچوونی دووهەم ئەوەیە کە ئامانجی ئەمریکا لە وتووێژ لەگەڵ ئێران خستنە رووی بەڵگەکانی دەستێوەردانی، ڕێژیمی تاران لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و یارمەتییە دارایی و لوجستیکییەکانی بە گرووپە توندەڕەوە شیعە و سوننییەکانی عێراقە لە پێناوی زەمین گیر کردنی سوپای ئەمریکا لە عێراق. دیارە دەسەڵاتدارانی ئێرانیش و لە سەرووی هەموویانەوە ڕێبەرو سەرۆك کۆماری ڕێژیمی ئیسلامی بۆ پاساودانی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا، کە هەمیشە بە کارێکی ناڕەوایان داناوە، وایان نواندوە کە ئەوان بە پێداگریی ئەمریکاو لە سەر داوای دەوڵەتی عێراق ملیان بۆ ئەم وتووێژانە ڕاکێشاوە و لەوان دا بەرپرسایەتییەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر هێمنایەتیی عێراق وەبیر ئەمریکاییەکان دێننەوە...

هەرچەند هەردووك لایەن وتووێژەکانیان بە "ئەرێنی" داناوە بەڵام هەر وەك ڕەوتی باسەکانی ئەو دانیشتنە دەری خستوە دوولایەن تۆمەتەکانی خۆیان ڕووبەڕووی یەکدی کردۆتەوە و داکۆکییان لە دەوری خۆیان لە تەناهی و هێمنایەتیی عێراق دا کردوە. تەنانەت نوێنەری ئێران لەو وتووێژانەدا بیلانێك لەو شتەی خستە بەردەم ئەمریکاییەکان کە ئەو ناوی بوو خزمەتەکانی ئێران پێش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە! ئەویش تەنیا بەو مەبەستە خۆیان بە خەمخۆری سەربەخۆیی و یەکگرتوویی و هێمنایەتیی عێراق نیشان بدەن و ڕێگە نەدەن ئەمریکاییەکان سەبارەت بە دەوری دەستێوەردەرانە و تێکدەرانەی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی و هێمنایەتیی عێراق دا بیانخەنە ژێر گوشارەوە.

ڕەنگە دژوار بێ لێرەوە پێش بینی بۆ ئاکامەکانی ئەم وتووێژانە بکەین کە بە گوتەی کاربەدەستە عێراقییەکان بڕیار وایە مانگێکی دیکە و دوای ئەوەی هەردوو لایەن پێشنیارەکانی یەکدییان تاوتوێ کرد دەست پێدەکەنەوە، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە و گرنگتر لەوانەش ناتەبایی بەرژەوەندییەکانی هەر دوولا لە عێراق زۆر بە دوور دەزانرێ ئاکامێکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی هەر دوولا دەستەبەر بکا.

گومان لەوە دانییە کە بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە عێراق نەك هەر لێك جیاوازن بەڵکوو پێکەوە لە دژایەتیش دان. سەرەکی ترین بەرژەوەندیی ئەمریکا لە عێراق لە پێش دا لە گەڕانەوەی جێگیرو تەناهی لەو وڵاتە دایە. دواکەوتنی جێگیری لە عێراق بە واتای زیان و خەساری زۆرتری گیانی و دارایی و لە ئەنجام دا شکست یان دواکەوتنی سەرکەوتنی ئەمریکا لە عێراقی لێدەکەوێتەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەمڕۆکە پرسی عێراق و جێگیری و تەناهی لەو وڵاتەدا بۆ ئەمریکا بۆتە بەشێك لە بەرژەوەندی و تەناهیی نەتەوەیی ئەو لەو لاشەوە بەرژەوەندیی ڕێژیمی تاران لە پێش دا لە دامەزرانی ڕێژیمێکی ئیدیۆلۆژیکی شیعە یان باڵادەستیی شیعەکان لە عێراق دا، شکستی ئەمریکا لە عێراق و سەرەنجام شکستی ئامانجەکانی ئەمریکا لە عێراق واتە دامەزرانی دەوڵەتێکی دێموکراتیك دایە. لە ئەنجامی ناتەبایی و دژایەتیی ئەو بەرژەوەندییانەی نێوان ئەو دوو وڵاتە دایە کە دەکرێ بڵێین ڕێژیمی تاران بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و یارمەتی بە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان و تێکدانی هەرچی زیاتر باری هێمنایەتی و جێگیریی ئەو وڵاتە لە ڕاستیدا شەڕی ئەمریکا دەکا. دیارە ئەو دژایەتییەی ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانی تەنیا لە ناکۆکیی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق دا کورت نابێتەوە، بەڵکوو ناکۆکی و دوژمنایەتییە ٢٨ ساڵەکەی نێوان ئەو دوو وڵاتەش هۆکارێکی دیکەی ململانێی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق پێك دێنێ.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ ئەگەر ئەم وتووێژانە ئاکامی دڵخوازی ئەمریکاییەکانی لێنەکەوێتەوە پرسی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری عێراق و یارمەتیی ئێران بە گرووپە تێرۆریستییەکان چ ڕوگەیەك بەخۆیەوە دەگرێ؟ چونکە وەك دیارە ئەمریکاییەکان هەم پێش دەستەبەر کردنی پێنج کەس لە ئەندامانی سوپای قودس لە هەولێرو هەمیش دوابەدوای ئەم ڕووداوە گەلێك بەڵگەیان لەسەر دەوری تێکدەرانەی ڕێژیمی ئیسلامی لە کاروباری عێراق و یارمەتیی ئەو وڵاتە بە خۆش بوونی ئاگری توندوتیژییەکان بە دەستەوەیە. دیارە ڕەنگە وڵام دانەوە بەم پرسیارە هەروا سانا نەبێ، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە ئەمریکاییەکان ناکرێ پێشبینیی ئاکامێکی ئەوتۆیان نەکردبێ بۆیە زۆر وێدەچێ ئەگەر ڕێژیمی تاران درێژە بەم سیاسەتەی خۆی لە عێراق بدا ڕەهەندێکی دیکە بە شێوازی ڕێگە گرتن لە دەستێوەردانی ئێران بگرنەبەر. دووریش نیە دەوڵەتی عێراق ناچاریی هەم بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و هەمیش بە قازانجی دابین بوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق ناچار بێ (هەرچەند شیعەکان لەودا زۆرینەن و بەشێك لەوان لە ژێرکارتێکەریی ڕێژیمی تاران دان و یارمەتیی جۆراوجۆری لێ وەردەگرن) بە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی دا بچێتەوە و بە شێوەیەکی ڕاکشاوانەتر دەوری تێکدەرانەی ئەو ڕێژیمە لە قاو بدا.

دریژەی

# جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێكوپێك دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد. ڕۆژنامەی "کوردستان" نەك بڵاو کراوەیەکی سیاسی ڕێكو پێك بوو لە کوردستان، بەڵکوو سەرچاوەیەکی بەنرخیش بوو بۆ گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی. تەنانەت نەخشی باشی هەبوو، لە جێگیر بوونی نووسینی کوردیدا بە تایبەت بە زاراوەی سۆرانی، کە ئەو سەردەمی بە هۆی پرۆسەی ئاشتییەوە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق نەخشێکی زۆر گەورەی هەبوو. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمیدا زۆر وتاری سیاسی، ئابووری، زمانەوانی، هونەری، تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی بەنرخ بڵاو دەبوونەوە. بەتایبەت بە هەڵسەنگاندنی شەهید دوکتور قاسملوو لە باری سیاسی و ئابوورییەوە، بە نووسینە پڕ نێوەرۆکەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە بە زمانێکی کوردی پاراو دەینووسی، بە شێعرو وتارە هونەری و فەرهەنگییەکانی مامۆستا هێمن و زۆر نووسەری دیکەی وەك کاك کەریم حیسامی و هیتر ببوو بە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەمەندی کوردی و خزمەتێکی باشی بە فەرهەنگی نەتەوەیی دەکرد.

لە باری چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتیشەوە ئەو حیزبە پێی نایە نێو قۆناغێك کە پڕ بوو لە پێوەندی گرتنی دیپلۆماسی و چالاکیی ڕێکخراوەیی. حیزبی دێموکرات دوای ئەو هەنگاوە گەورەیە خاوەنی ڕێبەرییەکی تارادەیەك ڕێكو پێك، جووڵانەوەیەکی بە دیسیپلین و سیاسەتێکی پەسند بوو. هەر بۆیە توانی تەنانەت لە نێو خۆی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش دا دیسان بە شێوەی نهێنی چالاك بێتەوە. هەر چەند دیارە لە ڕادەیەکی بەرتەسك دا یەکێك لە هەنگاوە باشەکان ئەوە بوو کە دەست کرا بە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی کادر بۆ داهاتوو. دیارە دەبێ ئەوە بزانین کە لەو سەردەمەیدا ئەو حیزبە ئەفرادی خوێندەوارو لاوی زۆر کەم لە ئیختیار دا بوو تا پەروەردەیان بکا. ئەوەی هەبوو زۆرتر کادرە قەدیمییە ئاوارەکان بوون، لەگەڵ پاشماوەی پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦، کە بەداخەوە زۆریان نەخوێندەوار بوون. لەگەڵ ئەوەش هەوڵی زۆر باشی ڕێبەرایەتی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی خوێندەوار بوونی هێندێك لەو پێشمەرگانەو بەشداریی بەشێك لە کادرەکان لە دەورەی جۆراوجۆری کادردا. تەنانەت چەند کەسێك نێردرانە یەمەنی جنووبی بۆ دیتنی دەورەی نیزامی و چریکی.

دەبێ ئەوە بە ڕاشکاوی بگوترێ کە زۆربەی کادرو پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە بە ڕەنجی شانی خۆیان دەژیان و کاروباری حیزبیشیان بەڕێوە دەبرد. تەنانەت موشاویر یا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەبوو کە بە زەحمەت و تێکۆشان ژیانی ڕۆژانەی خۆی دابین دەکرد. هێندێك لە کادرو پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی قەڵادزێ و ڕانیە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق زۆربەیان مەجبوور بوون کۆڵکێشی بکەن و ڕۆژ تا ئێوارە ئارەق بڕێژن، ئێوارەش کە گەڕانەوە کۆبوونەوەی حیزبی بکەن و یان چەند ڕۆژ وەدوای مەئموورییەتی حیزبی بکەون. لە نێوخۆی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش دا، تا ڕادەیەك چالاکی هەبوو. بەتایبەت کادرو پێشمەرگەکان بە نهێنی، لە دەستەی چوار ـ پێنج کەسیدا سەریان لە نێوخۆی وڵات دەداو لەگەڵ ئەندامانی حیزب پەیوەندییان دەگرت، بڵاوکراوەکانی حیزبییان بەوان دەگەیاند کە لە نێو کۆڕی زۆر بچووکی ڕووناکبیریدا دەخوێندرانەوە. یەکێك لە کادرە هەرە چالاکەکانی ئەو سەردەمە، شەهیدی پایەبەرز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەهید مەلا قادری وێردی بوو. شەهید مەلا قادر بە شێوەیەك دڵسۆزی ڕێگای کوردایەتی بوو، کە سەرەڕای کەندو کۆسپی زۆرو خەتەری بەرچاوی ئەو سەردەمە، هیچ کاتێك لە سەفەر بۆ نێوخۆی وڵات سڵی نەکردوە. شەهید مەلا قادر کە لە بنەماڵەیەکی حیزبی لە دایك بووە کوری شەهیدی پایە بەرز، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا ڕەحیم وێردی بوو، تەواوی دام و دەزگای جاسووسی و نیزامی ڕێژیمی پاشایەتی بە هیچ دەزانی و بۆ کاری حیزبی، هەتا قووڵایی کوردستان دەڕۆیی.

ساڵی ١٣٥٣، دوای پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەم، کە لەوێدا پێداگیرابوو لەسەر گرنگیی چالاکیی سیاسی لە نێوخۆی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران دا، شەهید وێردی لە هەوەڵین کەسانێك بوو، کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە گرنگە، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند. دوای کۆنگرە کە لەوێدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بە خۆی و تیمێکی سێ کەسییەوە، بەرەو نێوخۆی کوردستان وەڕێ کەوت. بە داخێکی گرانەوە ئەو کادرە هەڵکەوتووە لەو سەفەرە پڕ مەترسییە نەگەڕایەوە. لە شاری بانە کەوتە نێو داوی جاسووس و چەکدارەکانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە و لە شەڕێکی قارەمانانەدا، کە بە تەنیا دەمانچەیەك تا فیشەکی ئاخری شەڕی کردو سەرەنجام شەهید کرا. هەر لەو شەڕەدا لاوێکی هەڵکەوتووی دیکە بەناوی محەممەد سەدیق بە برینداری گیرا، کە دوایی لە شاری سنە تیرەباران کراو بە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی شەهید کرا. هەر لەو پێوەندییەدا مستەفا عەزیززادە و محەممەد ڕەمەزانی، ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی شاری بانە گیران و دوای چەند مانگ لە سنە تیرەباران کران. جگە لەوە هێندێك ئەندامی زۆر چالاك و بەکەڵکی حیزبی مەجبوور بوون وڵات بەجێ بڵێن و ئاوارە بن.

بە کورتی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی ئۆرگانیك ڕێکخراو بوو و ئامادەیی ئەوەی هەبوو کە لە ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی گرینگ دا، وەك شۆڕشەکەی ساڵی ١٣٥٧، نەخشی شیاوی خۆی ببینێ و لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران نەخشی بەڕێوەبەری جووڵانەوەیەکی بەرینتر وەئەستۆ بگرێ کە دیارە لە قۆناخی تازەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران دا گەورەترین نەخشی وەئەستۆ گرت.

پاشماوەی لاپەڕی ١

# جێژنی دوو جێژنی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزب لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دا

دواتر کاك عەلی بداغی سەرنووسەری "دنیای منداڵان" پەیامی بەڕێوەبەریی "دنیای منداڵان"ی خوێندەوە. هەر لەو بەشەی بەرنامەکەدا پەیامی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزب لەلایەن ئاکام قادری خوێندرایەوە. بڕگە هونەری و شادەکانی ئەم ڕێورەسمە بریتی بوون لە گۆرانییەکانی "منداڵ" و "گوڵ"، دوو پێشبڕکێی خواردن لە نێوان منداڵان لە دوو قۆناغی تەمەنی جیاوازدا، شانۆی "منداڵانی سەرشەقام"، شێعر خوێندنەوە لەلایەن چەند منداڵی کەم تەمەنەوە. پاشان نەمام خوسرەوی چیرۆکی "سۆلان و بووکەڵەکانی" لە نووسینی هانا وریای خوێندەوە. لە درێژەی ئەو بەشە لە بەرنامەکەش دا، دیاریی "دنیای منداڵان" پێشکێش بە "سۆلان" کرا کە لە بەرەبەری نەورۆزدا ماڵەکەیان سوتێندرا. لە ڕێورەسمی جێژنی منداڵان دا دوو تیپی هەڵپەڕکێی منداڵانی کەمپەکانی حیزب، تیپەکانی هەنارو موکریان کۆمەڵێك هەڵپەڕکێی جوانی کوردییان پێشکێش کرد. لە بڕگەیەکی ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان دا، بەڕێوەبەریی بڵاو کراوەی "دنیای منداڵان" خەڵاتی خۆی پێشکێش بە ژمارەیەك لە هاوکارە هەمیشەیی و چالاکەکانی "دنیای منداڵان" کرد.

هەر لەم بەرنامەیەدا، گلارا ئوستاد ڕەحمانی چووە سەر شانۆ و چەندین نوکتەی خۆشی بۆ منداڵانی بەشدار گێڕایەوە. پاشان کیژۆڵەی وەرزشدۆست هاوژین عەبباسی چەندین حەرەکەتی ژیمناستیکی ئەنجام دا. دوابڕگەی بەرنامەکانی جێژن، سروودی "خوایە وەتەن ئاوا کەی" بوو کە دەیان منداڵ لە کۆرسێکی ڕەنگاوڕەنگ و جوان دا پێشکێشیان کرد.

بە دوای کۆتایی هاتنی ئەم مەراسیمە کە نزیك بە ٢ سەعاتی خایاند، بەشداران پێکەوە چوونە سەردانی پێشانگەی نەقاشییەکانی منداڵان کە لە ساڵۆنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کرابۆوە.

پێویستە بگوترێ بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ڕێورەسمی تایبەت بە ١ی ژوئەن کیژۆڵەی خاوەن بەهرە چریکا مەعزووری بوو.

جێژنی ئەمساڵی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزب، لە نێو شادی و خۆشیی منداڵان لە ئاکامی دیتنی کۆمەڵێك بەرنامەی هونەریی شاد دا کە بەرهەمی بەهرە و توانا و هەوڵدانی خۆیان بوو، کۆتایی پێهات.

# نەوەی نوێ و واقعی هەنووکەیی فەزای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان

زاهید حەنبەڵی

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو رێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو وبۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

واقع واتای هەڤرکییەکی بەردەوامی دوو هێز، دوو لایەن یان دوو جۆر عەقڵانیەتی گەلێ جار ناتەبا و دژ بەیەك یان نالۆژیکی دەگەیەنێت.

واقع دەسکردی بیر و هزر و هێزی تاکێك، کۆمەڵێك یان کۆمەڵگایەکە کە بۆ تاك، کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکی تر ئەمرێکی داسەپاوە. یەکەمیان لە هەوڵی راگرتن و پاراستن و پتەو کردنی لە رێگای هێز و ئیرادەی باڵا دەست بوونیەوە، دووهەمیان لە هەوڵی گومان خستنە سەر و تێکدان و شێوان دایە. سروشتی یەکەمیان گشتخواز و دوگم بوو و موحافیزەکارە، دووهەمیان رادیکاڵ و حەقخواز و ئۆقرە نەگرتووە. گوتاری یەکەمیان حاشاکردن و گەلێ جار سڕینەوە و هێرشبەرانەیە، دووهەمیان مانەوە و بەرگری کردنە.

وێنای ئەم هەڤرکییە لە هەموو کۆمەڵگایەك و لە ئاستە جۆراوجۆرەکان و بە تایبەتمەندیی خۆیەوە دەردەکەوێت و وەکوو رەوتێك بەردەوامیی هەیە. هێزی دووەمی ئەم هەڤرکییەش کە لە هەوڵی تێکدان و شێواندنی ئەم واقعە داسەپاوە دایە، مەبەستی بینا کردن و سەپاندنی واقعێکی دیکەیە لە سەر ئەساسی بیر و هزر و هێزی خۆی،......

لە کۆمەڵگای کوردەواریش دا وێنای ئەم هەڤرەکییانەمان لە ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان و هتد...دا زۆرن. کۆنتاکتی نەوەکان لە کۆمەڵگای کوردی دا بەشێکی زۆر لە پانتایی ئەم هەڤرەکییە پێك دێنێت.

وێنا کردنێکی گشتی بۆ واقعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە لایەك، پێوەندیی نەوەی نوێ لە گەڵ ئەم واقعانە لە لایەکی تر ئەو ئەنجامە دەداتە دەست کە مکانیزمگەلی ئەم ململانە و هەڤرەکییە لەگەڵ ئاڵۆزی و شێواوییەکی بێ وێنەدا بەرەوڕوویە.

لە لایەك کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ئاسۆیی‌یە و ئامادە نابێت دەست لەو نەریت و ئاکارە سەلەفییانەی بەردا و بەردەوام بانگەشەی بەها و نۆرمە نەریتییەکانی وەك واجیبێکی کولتووری و شۆناسی تاکەکان دەکات و هەرمان بوونی خۆی لە دەست بەر نەدان لە کۆی هێڵەکانی ئەم عەقڵە سەلەفییە دەبینێت. لە لایەکی دیکەشەوە توێژێکی وەك گەنج یان نەوەی نوێ ، تێکەڵ بە ژیانی مەدەنیی شار و خوێندەوار و هاوکات ژیان لەگەڵ دزەیی شۆرشی ئینفۆڕماتیك بۆ نێو کۆمەڵگای کوردی، خوێندنەوەیەکی تەواو جیاوازی لە ویستی ئەویدی بۆ کێشە و شۆناسی خۆی و تەنانەت بەها و نۆرمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگا هەیە. ئەم هێزە نوێیە بەشێك لە دەقە کۆنەکانی کۆمەڵگا کە وڵامدەری پێویستییەکانی ئەمڕۆ نین بە مێژوو دەسپێرێ و بە رۆحێکی بوێر و رادیکاڵانە و بە پشتبەستن بە مێتۆدگەلی ئەورۆیی دەروانێتە ئاسۆی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای خۆی. ململانێی ئەم دوو هێزە زۆر جاران تۆران و بەجێهێشتنی لە دوایە و گەلێ جاریش لە ئاست هێندێ کێشە (نێوخۆیی و دەرەکی) یەکریزی و تەبایی، کە لەم حاڵەتەی دواییش دا جۆرێکی تایبەت لە ململانێی ورد و پێویست و تا رادەیەك موحافیزەکارانە لە ئاڕادا دەبێت. دیارە ئامانجی هەر کامیان ئیرادەیەکی هاوبەشە بۆ رەوتی پێشڤەچوونی کۆمەڵگا (بەڵام بەپێی خواست و خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ کۆی واقعەکان).


گەورەترین کێشەی هاوبەش کە زۆر جاران تەواوی ململانێی و یا خۆد نەهامەتییەکانی کۆمەڵگاشی پێ پاساودەدرێ کێشەی نەتەوەیی یان شۆناسی کورد بوونی کۆمەڵگایە کە هەر دەم بەربینیبە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردی بە هەموو نەوەکانیەوە گرتوە. نەوەکانی کۆمەڵگای ئێمەش هەر کام بە پێی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتوویی خۆی هەڵوێستی وەرگرتوە.بەتایبەت لە گەڵ دزەی مۆدێڕنیتە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی و کز بوونی ئەو ستایلە باوانەی خەباتی عەشیرەتی و پچر پچر بوونی شۆڕشەکان توانی کۆدەنگییەك و رێگایەکی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئەم واقعە لە رێی گونجاندنی هێز و پتانسیەلی خۆی لە چوارچێوەی گرووپ و رێکخراو و حیزبی مۆدێرن دا هەموار بکات.

لە ماوە زەمەنییەکی دژوار دا و لە نێو ئاڵۆزیی ئایدیۆلۆژیا و رێوشوێنە سیاسی و نیزامییە نیونەتەوەییەکان دا کوردیش خەباتی ئازادیخوازانەی خۆی لە چوارچێوەی حیزبەکان دا سازمان داو بە جۆرێك لە نێو جەمسەرە ئاڵۆزەکانی دوای شەری دووهەمی جیهانی درێژەی بە خەباتی خۆی دا و گەلێك حیکایەت و حەماسەتی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد بەو حاڵە، ئێستاش نەیتوانی خەونەکانی خۆی بێنێتە دی بەڵام هەر دەڵێن ئاسۆی سەرکەوتن نزیکە.

راستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە کاراکتەری سەرەکیی ناو گۆڕەپانی سیاسیی کورد بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان (کە مەبەستی ئەم وتارەیە و لەوەودوا باسەکەمان بەو تەرخانە) بەتایبەتی حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکانن کە هەر کام بە نۆرەی خۆی زۆر یا کەم بەشی بە سەر رەوتی روو لە پێشی ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیەوە هەبووە. بەڵام مخابن حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەو هەموو بەرخودان و موبارەزەیە هێشتا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم پارچەیەن و لە ئۆپۆزیسیۆن دان.

هەر لەم دۆخە دایە کە حیزب و رێکخراوی دی لە دایك دەبن و یان حیزبە خاوەن رابردووەکان بە هۆی کێشە و ململانێی نێوخۆییان (بەشێکی زۆری ئەو کێشانە لە سەر ئەساسێکی نامەعریفیە) تووشی لەت بوون یان جیابوونەوە دەبن کە دیارە زۆرتر نەك بە قازانجی ئەم بزووتنەوە حەقخوازانەیە بەڵکوو بە زیانی دەشکێتەوە.

رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەرهەمی رەنج و تێکۆشان و رژانی خوێنی چەندین نەوەی کۆمەڵگای کوردی ئەم پارچەیەن لە دۆخێك دا پێشوازی لە نەوەی نوێ بۆ هاتنە نێو شۆڕش لە



قەوارەی خۆیان دا دەکەن کە وەك بە جەستە وەریدەگرێت ئامادە نیە ئەم نەوەیە بە بیر و هزری خۆی واریدی ململانێکە بێ.

دیارە ململانێی نەوەکان دیاردەیەکی سروشتی و گەلێ جار ئەرێنییە بەڵام لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا ململانێیەك نیە لە سەر ئەساسی گوتارێکی عەقڵانی بێ بەڵکوو خوێندنەوەیەکی تەواو جیاواز لەو دووانەی تێدا بەدی دەکرێ.

ئەم لاوانە کە هەنووکە سنوورە دەستکردەکەی رۆژهەڵات تا باشووری کوردستان بە نیازی هاتنە نێو ئەم حیزبانە دەبەزێنن هەڵقوڵاوی ئەو توێژە لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستانن کە وەك باسکرا نەوەیەکی ئۆقرەنەگرتوو و نەریت شکێن، خاوەن رۆحێکی بوێر و رادیکاڵە کە بە هۆی ژیانی شارۆمەندی و خوێندەواری و بەئاگا بوون بە نیسبەت کێشەی نەتەوایەتی و بەگشتی هەڵکەوتن لە نێو فەزای گوتارێکی ناسیۆنالیستیی پشت بەستوو بە مێتۆد و عەقڵیەتێکی جیاواز لە نەوەکانی پێش خۆیان ئامادەی تۆمار کردنی حەماسەت و چیرۆکی نوێ بۆ نەتەوەکەیانن. نەوەیەك کە بە رابردووی نەوەکانی پێش خۆی فەخر دەکا و خۆی بە درێژەدەری سەمبولەکانی دەزانێ و بەڵام نە بە نرخی سەردانەواندن بۆ عەقڵیەتی پێکهێنەری ئەم حەماسەت و چیرۆك و سەمبولانەی کە دەخوازێت مێتۆدێکی تەقلیدیی رووت لەو بگرێتە بەر. ئەگەر ئەم دەیەیەی رابردوو کە تییێدا کەسایەتی و شۆناسی ئەم نەوەیە شکڵ دەگرێ و لەودا ئەم نەوەیە بۆ بە دەستەوە گرتنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دێتە مەیدان، بێنین‌و بەراوردێکی رێکخراوە سیاسییەکان لە لایەك و کۆمەڵگای رۆژهەڵات لە لایەکی تر بکەین دەردەکەوێ کە رێکخراوە سیاسییەکان شەری چەکداری بە جێ دێڵن یان ناتوانن لێی بەردەوام بن و بە شێوەی کەمپ نشینی هێزی خۆیان لە باشووری کوردستان رادەگرن (ئەو هێزە ئۆقرە نەگرتوو و شاخ گەڕە) بە کردەوە دەچنە ناو قۆناغێکی جیاواز لە پێشوو کە ئەم جارەیان هێزێکی زۆر و هیوای زۆری خەڵك بەڵام بێ توانای شەری چەکداری و دوورکەوتنەوەی لە خەڵك و بەو حاڵەش نەگۆرینی شیواز و مێتۆدی سیاسی و فیکری بۆ بەرەنگار بوونەوەی واقع و جۆرێك لە دوالیزمی فیکری لەم بەینەدا، راشکاوانە بۆشاییەك لە نێوان ئەمان و کۆمەڵگا ساز دەبێ.

لەم ماوەیەدا کەسایەتیی نەوەیەك شکڵ دەگرێ کە نە وونی خەباتگێڕان و پێشمەرگەی ئاگاهانە هەست پێنەکردوە بەڵکوو زیاتر چیرۆك و رامان و کەسایەتییەکانی وەك سەمبولێکی پیرۆز لە کۆمەڵگا وەرگرتوە. ئەم نەوەیە لەگەڵ واقعێك رووبەروو دەبێ کە حوکمی داسەپاوی بۆ ئەو هەیە، واقعێك کە لە سەر بیر و عەقڵی نەوەی کۆن یان پێش خۆی دانراوە و ئامادەش نیە رێ بۆ روانین و هزر نوێ بکاتەوە، لێرە دایە کە جۆرێك کۆنتاکتی نالۆژیکی دەست پێ دەکات.

لە لایەکی تریشەوە ئالترناتیڤێکی دی غەیری تێکۆشان لە نێو حیزبەکانی رۆژهەڵات بە هۆی نفووز و متمانەی خەڵك و رابردووی خوێناوی و پڕ قوربانی و بە جۆرێك پرشنگدار لە ئاڕادا نیە، کەوابوو نەوەی نوێ پێش ئەوەی بە ئۆمێدی نۆژەنکردنەوەی حیزب و سازمانە سیاسییەکان و هاوتەریب کردنی لە گەڵ فەزای نێوخۆیی کۆمەڵگا و بە کردەوە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەیی کە هەنووکە کورد زیانی لێ دەبینێت وەخۆدەکەوێ.

لە وەها دۆخێك دایە کە چوونە سەری ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی کۆمەڵگا بە هۆی زیاد بوونی رادەی خوێندەواری‌و ژیانی شارۆمەندی و دزەی ماس میدیاکان بۆ نێو ماڵی کورد پێویستی‌یەکی لە رادەبەدەری خزمەتکردنی فیکریی حیزبەکان نیشان دەدا.

بەرچاوترین وێنەی ئەم ئامادەبوونەی لاوان و جیابیرانمان لە هەناوی رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو بە ئەزموونترین و خاوەن متمانەترین حیزبی ئەم بەشەی کوردستان واتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (پێش لەتبوونی) بەدی دەکرێ.

جگە لەو فاکتەرانەی کە پێشتر وەك هۆکاری بۆشایی نێوان کۆمەڵگا و حیزبەکان باس کرا، هەمووان ئاگادارین کە ئەم حیزبە لە قۆناغی دوای شەڕی چەکداری و گیرسانەوەی هەموو هێزەکانی لە باشووری کوردستان تووشی ململانێیەکی نێوخۆیی دەبێت کە رۆژ بە رۆژ زیاتر بەرەو کێشەیەکی رەهانەکراوی رێکخراوەی دەبا. ململانێیەك لە سەر ئەساسێکی نامەعریفی و نالۆژیکی، هەرچەند لە یەك، دوو ساڵی پێش لەتبوونی کێشەکان ئاراستەیەکی مەعریفی و فیکری لە پلەی دووهەم دا بە خۆوە دەگرێت.

هەر بۆیە ساڵانە بەردەوام رێژەیەکی زۆری گەنج بۆ چڕکردنەوەی هێز و توانای حیزب و درێژەدان بە رێبازی ئەم حیزبە روویان لە بنکە و بارەگاکانی حیزب دەکەن بەڵام لەگەڵ ئەم واقعە رووبەڕوو دەبوون کە یان تووشی دڵساردی و تۆران‌و بەجێهیشتنی دەبوون یان ئاوێتەی کێشەکان و تەسلیمی ئەو واقعە و هەست و سۆزی تارادەیەك کرچوکاڵیان دەبووە خۆراکی ئەم عەقڵە نەخۆشە. کەم بوون ئەو کەسانەی کە دەمانەوە و بەربەرەکانییان لەگەڵ ئەم واقعە دەکرد کە لە ژێر ئۆتۆریتەی ئەم فەزا مەسموومەدا دەنگیان بە هیچ کوێ رانەدەگەیی.

بە دوایی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیموکرات لە پووشپەری ١٣٨٣ی هەتاوی‌دا و قووڵتربوونی کێشەکان، کۆمەڵێك لە کادر و پێشمەرگەی لاو و خوێندەواری ئەم حیزبە هەست بە پێویستیی رەوتێکی فیکری‌و سیاسی بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم واقعە دەکەن‌و لە ئاست کەشی ناوخۆیی رۆژهەڵاتیش بە دوور لە دەمارگرژیی حیزبی هەڵوێست دەگرن‌و بە کردەوە دەرك بەو رۆڵە مەزنەی سەرشانیان لە پڕ کردنەوەی ئەم بۆشایی‌یەی نێوان حیزب‌و ناوخۆی کۆمەڵگا دەکەن.

رەوتی رێفۆرمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ چاکسازیی پێکهاتەیی و بواری هزری و سیاسیی ئەو حیزبە دادەمەزرێ، بەڵام بەشێکی زۆری وزەی خۆی تەرخان دەکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی ناوخۆیی حیزب کە بەردەوام وەك کارتێکی خێرایی بەخش جگە لەوەی کە بەشێکی بەرچاوی هێز و توانای ئەم حیزبە بۆ ئەم ململانێیە سەرف دەکا، بوارێکی زیاتر بۆ گەشەی ئەم کەلێن و بۆشاییە خۆش دەکات کە هەنووکە لەم فەزای گۆرانکارییە خێرایە جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی‌یەش دا بە زیانی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد دەبێت.

ئەم رەوتە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام بە گەڵاڵە و پلاتفۆرمی رێفۆرمی خۆی لە ئاست کیشەکان هەڵوێستی دەگرت بەڵام دیتمان کە بەردەوام بوون و قووڵبوونەوەی کێشەکان ئەو ئاکامە نەخوازراوەی لێ کەوتەوە کەهیچ کات نە بە دڵی ئەم رەووتە بوو نە سەرجەم دڵسۆزانی ئەم حیزبە.

ئاکامێك کە دووباڵی (زۆرینە و کەمینەی کومیتەی ناوەندی) ئەو کات دەیان توانی بەری بگرن بە تایبەتی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی کە لەگەڵ هاتنە سەرکاری بە مونۆپۆل کردنی هەموو ئۆرگان و ناوەندەکانی بریاردان و دارشتنی سیاسەتی حیزب، ئەساسی ململانێیەکی نا بەرامبەرتر و نالۆژیکی‌تری دارشت. زۆرینەیەك کە هەر هەنگاوێکی رەخنەیی باڵی بەرانبەر یا خود تەنانەت رەووتی رێفۆرمیشی بە دەسیسە و بۆسەی سیاسی لە سەر خۆی دەزانی.

بە دوایی دوو کەرت بوونی ئەم حیزبە رەووتی رێفۆر لە راگەیاندراوێکدا ئەم واقعە مەحکووم دەکات، بەڵام بە هەست بەو بەرپرسایەتییەی لە سەر شانی ئەم توێژەیە دیسانەوە لە گەڵ هەر دووك باڵ(حیزب)دا بە جیا کۆدەبێتەوە و بەرنامە و مێتۆدی رێفۆرمیستیی خۆی ئاراستە کردن کە هەر وەك رای گشتی لێی ئاگادارە بە هۆی دەفرایەتی (ظرفیت) لایەنی کەمینەی کومیتەی ناوەندی پێشوو بۆ رێفۆرم لە هەناوی خۆی دا و ئەو بەرنامە رێفۆرمی‌یەی کە لە بڵاوکراوەیەك دا بە ناوی "هێڵە گشتی‌یەکانی رێبازی ئێمە" خستیە بەر چاوی رای گشتی و جۆری پێشوازیی لایەنەکان لە گەڵاڵە و پلاتفۆرمی رەوت سەرەنجام بە کردەوە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ درێژەدان بە خەبات هەڵبژارد.

کورتەی باسەکە ئەوەیە کە سەرەڕای دۆخی نالەباری ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکیکی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی ئەم نەوە نوێیەی کۆمەڵگا بە ئامادەبوون بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی رەخنەیی لە ئاست رێکخراوەکان و چالاك بوونی ئەو توێژەی کە روو دەکەنە حیزبەکان بە شکاندنی ئەو تلیسمەی کە گەنج بوون بە جەستە وێنا دەکەن و بیر و هزری گەنجیش بە تەسلیم بوون بە واقعەکان، و هەرچەشنە روانین و بیرێکی نوێش لە لایەن ئەم توێژەوە بە دەسیسە و بۆسەی سیاسی و دەستکرد دەزانن.

# وڵاتی مالیزیم چۆن دیت!

هادی سۆفی‌زادە



بۆ هەر وڵاتێك سەفەر بکەم، جگە لە گەڕان‌و سەیران، ناسینی کولتووری نەتەوەیی‌و ئابووری‌و مێژووی ئەو جێگایە، لە لام گرنگیی هەیەو حەز دەکەم لێیان تێبگەم. ساڵی پار لە سەفەر بۆ وڵاتی قەزاقستان‌و ئۆزبەکستان دا تا رادەیەك بە مێژووو شارستانییەتی ئەو وڵاتانە ئاشنا بووم. دیارە بێ گومانم بۆ ئێمەی کورد کە کێشەی نەتەوایەتیمان هەیە ناسینی کۆمەڵگای دیکە گرنگیی خۆی هەیە. ئەمجارە لە مانگی ئاپریل دا، بۆ شارەزا بوون چوومە وڵاتی مالزی کە دوای ژاپۆن، رازاوەترین وڵاتی ئاسیای شەرقییەو بە گوڵی ئاسیا بە ناوبانگە. وڵاتێکی ئەمنە بۆ هەموان، جگە لە ئورووپاییەکان، عەرەبەکانیش بۆ سەرمایە گوزاری رژاونەتە ئەوێ.

مالزی وڵاتێکی دەوڵەمەندە کە جگە لە سەنعەتی توریسم، هەناردەکەی نەوت، خواردەمەنی، جلوبەرگ، شتومەکی ناوماڵ‌و زۆر شتی دیکەیە لە بەشەکانی دیکەش وەك بینا سازی، ماشێن سازی وڵاتێکی سەرکەوتووەو ئەندامی پەیمانی ئاسێ ئانە.

وڵاتێکە کە شوێنی سەرنجڕاکێشی زۆرە، بورجی دووانە کە ٨٨ قاتەو ٤٥٢ میتر بەرزاییەتی، منارە، کە لە نێوەراستی شاری کوالالامپوور هەڵکەوتوەو بە هەر هەمووی شاردا دەڕوانێ، مۆزەخانەی میللی، بازاڕە گرنگەکانی شاری کوالالامپوور وەك بی‌بی‌پلازا، بازاری چینیەکان، بازاری هێندییەکان، مەعبەدی هێندییەکان، پارکی تاقگە، گێنتینگ هایلاند کە جێگایەکی دلڕفێن‌و لە ناو دڵی کێو دایەو، زۆر جێگای دیکە لە شوێنە خۆشەکانی ئەو وڵاتەن. رێستورانە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە جوانی‌یەکی تایبەتیان داوە بەو وڵاتە.

سێ نەتەوەی مالایی، چینی‌و هێندی پێکهێنەری سەرەکیی ئەو وڵاتەن. جگە لە زمانی مالایی هەمووی خەڵك بە زمانی ئینگلزی قسە دەکەن. خەڵکی ئەو وڵاتە خەڵکێکن کە باش کار دەکەن‌و باش دەژین. گرنگترین شت کە مێشکی منی بە خۆیەوە مژوڵ کرد پێکەوە ژیانی سێ نەتەوە بە سێ مەزهەبی جیاوازەوە، لە ناو یەکتردا بوو کە کۆمەڵگایەکی یەکسان‌و بێ جیاوازییان پێك هێناوە. هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا بۆ من پێکهاتەی نەتەوەیی‌و قەوارەی کۆمەڵگا گرنگیی خۆی هەیە، لەم بەشە لە ئاسیا دوو شتی جیاواز هەیە. یەکەم لە وڵاتی ئەندونزی، مەسەلەی سەربەخۆیی تیموری رۆژهەڵات، دووهەم تەندراویی نەتەوەکانی مالزی کە دەکرێ بڵێم پێکەوەژیانێکی بێ وێنەیان هەیە کە لە ئورووپاش دا وێنەی نیە. مەسەلەی تیموری رۆژهەڵات لە ئاستی کێشە جیهانییەکان دایەو نەتەوە یەکگرتووەکان‌و وڵاتانی ئورووپایی دەخالەتی تێدا دەکەن بەڵام بە نیسبەت تێکەڵیی نەتەوەکانی مالزی تا ئێستا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، هەر بۆیە دەکرێ وەك ئولگوویەك سەیری بکرێ‌و دەکرێ بڵێین کە تەنیا دەوڵەتێکی مافپەروەری وەك مالزی دەتوانێ کۆمەڵگایەکی ئاوا یەکسان دروست بکات.

لە سەفەرەکەم دا لە هەموو جێگایەك لە نێو تاکسی، بازاڕو هەر جێگایەك لە خەڵکم دەپرسی سەبارەت بە جیاوازیی نەتەوەیی، یا پێشێلکاری، بەڵام بۆ یەك جاریش لە کەسم نەبیست کە ناڕەزایەتی دەرببڕێ. چ شتێك لەوە گرنگتر کە ئەو هەموو نەتەوانە پێکەوەو بە شێوەیەکی یەکسان بژین. مالاییەکان ٪ چینییەکان ٣٠٪، کە ١٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونەتە وڵاتی مالزی‌و هێندییەکان ٢٥٪ کە ئەوانیش کەمێك دوای چینییەکان چوونەتە ئەو وڵاتە. هێندییەکان هەیبەتی نەتەوەیی خۆیان، نەك بە مانای فاسڵە گرتن لە کۆمەڵگە پاراستووە.

دیارە نەتەوەی دیکەش وەك بەنگلادیشی‌و تایلەندی لە وێ دەژین لەم وڵاتەدا هیچ نیشانەیەك لە جیاوازی لە نێو نەتەوەکان دا نیەو ئەو فرە نەتەوەییە بووە بە هێزێکی کاریگەر بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا بۆ نموونە مزگەوتی هێندییەکان بەیەکێك لە شوێنە گرنگ‌و دیارەکانی ئەو وڵاتە دەژمێردرێ کە لە نێوەڕاستی شاری کوالالامپوور هەڵکەوتوە. ئەم دیمەنە ئەوەی بیر خستمەوە کە زیاتر لە یەك میلیۆن سوننی لە تارانی پێتەختی ئێران مافی هەبوونی مزگەوتێکیان پێ نادرێ. لەم سەفەرەدا کەوتمە بەراوردی دوو مەسەلەی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێران. وتم میللەتەکانی نێو ئێران کە مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیەو کۆچەریش نین‌و وڵاتەکە هی خۆیانە، ئەو هەموو جیاوازیی‌و ناعەداڵەتی‌یە بە دژیان پەیڕەو دەکرێ، باشە ئەگەر وەك چینی‌و هێندی‌یەکانی مالزی کۆچەر بوونایە، دەبوو حاڵیان چۆن بوایە؟!!! هەروەها بیرم لە دروشمە نەزان خەڵەتێنەکانی خاتەمی وەك کۆمەڵگای مەدەنی، وتووێژی شارستانی‌یەکانی دەکردەوە کە چۆن بە ئاسانی خەڵکیان فریو دەدا، بەڵام لەم وڵاتە بەبێ هەڵگرتنی دروشم‌و تەنیا لە کردەوەدا کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و ئینسانییان دروست کردوە. یا بیرم لە ژمارەیەك بەناو چەپەکانی ئێران دەکردەوە کە دەڵێن عەرەبەکانی ئێران لەسەر کێشەی عەشیرەیی ١٢٠ ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونەتە ئێران‌و بۆیان نیە باس لە مافی نەتەوەیی بکەن!!

بابەتێکی دیکە کە لام گرنگیی تایبەتی هەبوو ئەمنیەت بوو. ئەمنیەتێك کە تەواوی لایەنەکانی ژیان بگرێتەوەو ئەو راستییە لە روخساری هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگادا بەدی دەکرا.




ئەم راستییە بەو قەناعەتەی گەیاندم کە دەبێ نیزامێکی بە هێزی سیاسی کۆمەڵایەتی حاکم بێ کە بتوانێ کۆمەڵگایەکی ئاوا دروست بکا. لایەنە گرنگەکانی ئەو وڵاتە لای من، بەشداریی یەکسانی ژنان لە پانتایی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا، نەزمی کۆمەڵگە، پاك‌و خاوێنی، رێزی لە رادە بەدەری کارمەندانی دەوڵەتی‌و نا دەوڵەتی، سیستمی دابەشکردنی گونجاو تۆری راگەیاندن‌و بڵاو کردنەوەی زانیاری ورد بوو.

یەك لە سیاسەتە دروستەکانی ئەو وڵاتە راکێشانی سەرنجی وڵاتانی عەرەبییە بۆ لای خۆی. واتە بەو رادەیەی کە وڵاتانی ئورووپایی پێشگیری لە هاتنی عەرەبەکان دەکەن، مالزی ئاسانکارییان بۆ دەکا و تەنانەت تابلۆی نێو شارەکان بە عەرەبیش نووسراون. بەرهەمی ئەم کارە ئەوەیە کە سەرمایەیەکی زۆر رووی کردۆتە ئەو وڵاتە.

لایەنێکی دیکەی بەرچاو ئاسانکاری لە هاتوچۆی نێوان دانیشتووانی وڵاتانی دراوسێی ئەو وڵاتەیە کە بە ئاسانی هاتوچۆی وڵاتی یەکتر دەکەن، شتێك کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا تا ئێستا جێ نەکەوتوە.

بە کورتی بۆ کەسانێك کە بیانەوێ لە شێوازی پێکەوە ژیانی بەیەکسانی تێبگەن پێویستە ئەم وڵاتە ببینن. بۆ ئێمە نەتەوەکانی نێو ئێران ئەگەر نیوەی ئەو مافانەی کە نەتەوەکانی ئەوێ هەیانە، هەمانبوایە، بێگومان بە پێکەوە ژیان دڵگەرم دەبووین. بەڵام مەزنیخوازیی نەتەوەی باڵادەست لە ئێران‌و بیرتەسکیی حاکمانی وڵاتی ئێمە رێگای پێکەوە ژیانیان نەهێشتۆتەوە.

# له قامووسی فیمینیزم دا

(٣٢)

ب. هانا

## چاوەدێریکردنی منداڵ

childcare

خزمەتەکانی پێوەندیدار بە یارمەتیکردنی منداڵ لە بریتانیا بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا، لە سەر گرنگیی مانەوەی منداڵ لە ماڵەوەو لای دایك پێیان داگرت. ئەم هەڵوێستە دژە دامەزراوییە، لە ژێر کاریگەریی کتێبی جان بالبی، "چاوەدێریکردنی منداڵ‌و بوژاندنەوەی خۆشەویستی" (١٩٥٣) لە بارەی بێبەشیی منداڵەوە لە دایك بوو. تیۆردارێژانی فیمینیست هێرشیان بردەسەر ئایدۆلۆژیای فەرمی. چونکە ئەم بۆچوونەی بە هێز دەکرد کە تەنیا دایك دەبێ بەرپرسی چاوەدێری لە منداڵ بێ. بەرپرسانی دەوڵەتی لە ئەمریکاش، روانگەیەکی هاوشێوەی ئەم بۆچوونەیان هەیە کە دەڵێ چاوەدێریکردنی منداڵ لە پلەی یەکەم دا لە ئەستۆی بنەماڵەیە. بزووتنەوەی رزگاریی ژنان بە بەردەوامی دەری‌خستوە کە بەرپرسایەتیی چاوەدێریکردنی منداڵ یەکێك لە هۆیەکانی بندەستیی ژنانە ( Riley & Leonard, 1986).

زۆر بۆچوونی جۆراوجۆری فیمینیستی لە بارەی چاوەدێریکردنی منداڵ دێنە گۆڕێ. بەڵام ئەم هاوڕایی‌یە هەیە کە لە پلەی یەکەم دا دەبێ لەو بیرکردنەوەیە دوور بکەوینەوە کە تەنیا ژنان بە بەرپرسی چاوەدێریکردنی منداڵان دەزانێ. فیمینیستە مارکسیستەکان، یەك لەوان میشێل بارت دەڵێن هەتا ئەو کاتەی چاوەدێریی منداڵان نەکەوتۆتە ئەستۆی کۆمەڵ، هەرگیز یەکسانیی راستەقینەی ژنان وەدەست نایە. بۆ وێنە، حەزکردنی ژنان لە کاری نیوە وەخت ئاکامی راستەوخۆی بەرپرسایەتی‌یەکانی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ چاوەدێریکردنی منداڵان دایە (Barrett, 1980).

شولایت فایرستون دەڵێ بە هۆی لابردنی بەرپرسایەتیی جەستەیی‌و رۆحیی ژنان لە کاری بەرهەمهێنانەوەو بە کۆمەڵایەتی کردنی چاوەدێریی منداڵان دەکرێ بەسەر دژواری‌یە جەستەیی‌یەکانی سەرچاوەگرتوو لەم کارەدا سەر بکەوین ( Fireston, 1970).



جولیت میچێل لە [کتێبی] "پێگەی چینایەتیی ژن" (١٩٧١)دا، لەسەر گرنگیی ئەم مەسەلەیە پێ‌دادەگرێ کە دەبێ گومان لەسەر ئایدولۆژیاکانی بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان‌و بە پیرۆزکردنی دایکایەتی بسڕێتەوە. ناوبراو دەڵێ بەرهەمهێنانی منداڵ‌و گەورەکردنیان دەبێ وەك بەدیلێك بۆ کار لە پێناوی هەقدەست دا بڕوانین.

شێری ئۆرتنێر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەوە پێوەندیی جیهانداگری ژنان لەگەڵ منداڵەبەری‌و ئەرکی بنەماڵەیی‌یەکە یارمەتی بە پێوەندیی ئەوان لەگەڵ سروشت دەکاو دەبێتە هۆی سڕینەوەی بەهاکان لەوان (Ortner, 1974).

ساندرا بێم بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە پرسی توانای بەرهەمهێنانی منداڵ (بە دنیا هێنانی ساوا) کە تایبەتە بە ژنان، ئەو کاتە لە بازنەی ژنان دێتە دەر کە مرۆڤەکان لە باری رۆحی‌و جەستەیی‌یەوە ببن بە دوو جینسی (ئاندرۆژێنی)، چونکە لەم حاڵەتەدا پێوەندیی ژن لەگەڵ پرسی منداڵەبەری شێوەیەکی هەڵبژاردنی ئازادو بە دڵخواز وەر دەگرێ ( Bem,1976).

"دۆرۆتی دێنێرستاین" دەڵێ سپاردنی بەرپرسایەتیی چاوەدێریکردنی منداڵ تەنیا بە ژنان، یەکێك لە هۆیە گەورەکانی گیروگرفتەکانی مرۆڤە. چاوەدێریی ژنان بە سەر پیاوان لە سەردەمی منداڵییان دا، پیاوان بەرەو سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ژنان لە تەمەنێك دا کە گەورە دەبن، پاڵ پێوە دەنێ. تەنیا ئەو کاتە پیاوان پشکێکی وەك یەك لەگەڵ ژنانیان لە پەروەردەکردنی منداڵان دا دەکەوێتە سەر شان، ژنان دەتوانن بچنە نێو مێژوو (Dinnerstein, 1976).

بە بۆچوونی نانسی چودۆرا پێکهاتەکانی کەسایەتیی ژنان‌و پیاوان بە هۆی ئەم دژکردەوانەوە دروست دەبێ کە ئەوان بەرامبەر بە دایك وەك چاوەدێری سەرەکی نیشانی دەدەن. کوڕان لەم رێگایەوە فێری سەربەخۆیی دەبن کە دایك - پەروەردەکا ر نەبێ. چودۆرا، دابڕانێکی ئاگایانە لە سیکلی "دایکایەتی"داو دابەشینی دووبارەی ئەرکی چاوەدێریکردنی منداڵان بە پێویست دەزانێ (Chodorow,1978).

سەرەڕای روانگە جیاوازەکان لە بیردۆزی فیمینیستی‌و، جیاوازییەکانی ئەزموونەکانی خودی ژنان لە بواری چاوەدێریکردنی منداڵ دا، ئەم بابەتە خاڵی سەرەکیی پێوەندیی نێوان بیردۆزی فیمینیستی‌و سیاسەتی فیمینیستی‌یە.

**سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"، نووسینی مەگی هام‌و سارا گەمبل**

**وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی‌و فرخ قرەداغی، لاپەڕەکانی ٧٤، ٧٥، ٧٦**

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 463   2 June  2007

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ۰۰۹۶۴۷۷۰۱۹۰۱۶۵۸

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


## چیاکانی کوردستان

## دالامپەڕ Dalampar



دالامپەڕ یەك لە بەناوبانگترین ترۆپکەکانی کوردستانە کە کەوتۆتە نێوان خاڵی تێکەڵبوونەوەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس‌و بەرزایی‌یەکانی [ناودێر کراو بە] ئازەربایجان. ئەم چیایە کەوتۆتە ٥٠ کیلۆمیتریی باشووری رۆژئاوای ورمێ (ناوچەی مەرگەوەڕ)، لە ١١ کیلۆمیتریی رۆژئاوای ئاوایی "کەچەڵە"و لە ٥ کیلۆمیتریی گوندەکانی "کۆلەبی"و "سووره دووکەڵ"، لە ٣٥ کیلۆمیتریی شارستانی شنۆو لە ناوچەی خاکوورك، سنووری نێوان کوردستانی تورکیە، ئێران‌و عێراق هەڵکەوتوە.

کەم چیاو ناوچەیەکی کوردستان هەیە ئەوەندەی دالامپەڕ پڕ هەورازو نشێو، پڕ داوێن‌و بناری رەنگین‌و پڕئاوو نوقمی کانیاوو تاڤگەو قەڵوەزەو خاوەنی لەوەڕگەی زۆرو گوڵ‌و گوڵاوی پڕ لە بەفراوی سروشتی‌و ترۆپکی سەر بە بەفری چەند هەزار ساڵە بێ.

هەڵکەوتی کێوەکە لە باشووری رۆژهەڵاتەوە بۆ باکووری رۆژئاوایەو، تایبەتمەندییە جوغرافیایی‌یەکەی (ترۆپکەکە)ی بریتی‌یە لە ٤٧/ ٤٤ پلە درێژایی‌و، بەرزایی ٣٧/١٥ دەرەجە. دالامپەڕ هەر لە ترۆپکێك پێك نەهاتوە، بەڵکوو کۆمەڵێك ترۆپکی گەردەنکەشی سروشتێکی بە تەواوی وەحشی‌و دەست پێ‌رانەگەیشتوو دەگرێتەوە. لە بەرزایی‌یەکانی نزیك بەم چیایە دەتوانین "چل مەڕ شەهیدان"و بۆزی سینا ناو ببەین.

دالامپەڕ لە باری نیزامی‌و ستراتیژیکەوە گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ترۆپکی ئەم چیایەوە چیای "تورووس"ی کوردستانی تورکیەو چیای "کیلەشین"ی شنۆ دیارن. گوندەکانی "کۆلەبی"و "سووره دووکەڵ" لە باشووری رۆژئاوای ئەم چیایەو، چیای "بۆزی سینا" بە ٣٤٨٠ میتر بەرزایی‌یەوە، لە باشووری دالامپەڕ هەڵکەوتوون.

یەکێك لە تایبەتمەندی‌یە بێ‌وێنەکانی دالامپەڕ، هەبوونی گۆل یا دەریاچە سروشتی‌یەکانن. "مامەشێخ"، گەل زێڕین، بنچۆڵ، دێمك‌و هتد لەم گۆلانەن.

دالامپەڕ، خاوەنی یەخچاڵی سروشتی‌و هەمیشەیی‌و گۆلاوی جۆراوجۆرو یەکجار زۆرە. چۆمەکانی "باراندوزچای"و "گادەر" لەم چیایە سەرچاوەدەگرن. یەکێك لە دیمەنە بە دیمەن‌و کەم وێنەکانی ئەم چیایە، ئاوهەڵدێری "سووره دووکەڵ"ە کە ناوکەی‌و تاریفی جوانی‌یەکەی وێردی سەرزاری وردو درشتە.

رێگاکانی سەرکەوتن لە دالامپەڕ، یەکیان رێگای ئاوایی "کەچەڵە"یە کە دەچێتە گۆلی "مامەشێخ"و لەوێشەوە بۆ ترۆپکی چیاکە سەردەکەوێ. رێگایەکی دیکەش هەیە کە لە گوندەکانی "کۆلەبی"و "سووره دووکەڵ"و بە تەنیشت چەم دا رادەبرێ‌و بەرەو باکووری رۆژئاوا بەرەو ترۆپکی چیا هەڵدەکشێ.

گورگ، رێوی، کەروێشك، ورچی قاوەیی، مار، هەڵۆ، کەو، قاژووو هتد لە گرنگترین گیانلەبەرەکانی ئەم چیایەن. گوێنی، بەڵالووك، بادامی کێوی کە رووبەری گیایی تایبەت بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسن، لە دالامپەر زۆرو زەوەندن.

سەرکەوتن لە چیای دالامپەڕ ٨ کاتژمێر دەخایەنێت.

سەرچاوە:

"جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"

نووسین‌و ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## ژیانێکی شایان‌و شیاو بۆ منداڵان بە بێ هیچ هەڵاواردنێك

بەر لەماڵاوایی

### ( پەیامی بەڕێوەبەریی "دنیای منداڵان" بۆ ڕێورەسمی رۆژی جیهانیی منداڵان )

عەلی بداغی

بەرێزان! میوانانی خۆشەویست!

منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان!

منداڵە دڵ پڕلە هیواکانی بەشدار لەم رێوڕەسمەدا!

زۆر بەخێر بێن بۆ رێوڕەسمی یادی ٥ساڵەی "دنیای منداڵان"و ١ی ژوئەن، رۆژی جیهانیی منداڵان، زۆر بەخێر بێن!

منداڵان زۆر باشتر لە گەورەکان دەتوانن تەعبیر لە دنیای پاك‌و بێگەردو دڵی پڕ لە هیواو خۆزیایان بکەن، کاتێك بە کایەو قوماران‌و تریقەی پێکەنینیان جوانیی سروشت سەد ئەوەندە دڵگیرتر دەکەن، بەڵام گەورەکان شەڕیان بۆ بە دیاری دێنن، کاتێك وەبەر کاریان دەنێن‌و ئەوانی شلك‌و ساوا بە پروکانەوەیان پێمان دەڵێن کە ناتوانین نا... کاتێك دەزانین پاشەرۆژی کۆمەڵگان‌و لە خوێندنیان دەگێرنەوە لەوان کە تەنیا فرمێسك‌و نیگای ماتەمینی پڕ تەمایانی دەبینین، کاتێك دەڵێن ئێمە پێکەوە جوانین لێکمان مەکەن، بەڵام لێکیان دەکەین، بۆ خۆشیان لێمان وەدەنگ دێن‌و دەڵێن کە توندوتیژی بەسە، جیاوازیدانان بەسە، هەڵاواردن بەسە، لێدان بەسە، پشت گوی خستن‌و بە هێند نەگرتن بەسە، سووکایەتی بەسە، تاکەنگێ دەبێ بچین بنێشت‌و دەسماڵ کاغەزی بفرۆشین، تا کەنگێ دەبێ شەقام بە تەنیا شوێنی ژیان‌و مانەوە بزانین؟ هەژاری‌و نەداری کەی دەبڕێتەوە؟ ترس‌و دڵە راوکێ کەنگێ کۆتایی دێ‌و... بەسە ئەو هەموو تەقینەوەیەو رۆژ نیە لاق‌و دەستمان نەپەڕێ‌و گەورەکانیش هەر دروشم‌و ژیان هەر دروشم‌و بۆ ئێمەش دنیای منداڵی هەر خەون‌و خەیاڵ!

منداڵان شیاوی ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی‌و بەختەوەرین، ئاسایش‌و ئەمنیەت‌و باشتر بوونی دۆخی ژیان‌و گوزەرانیان مافی هەموو منداڵانی جیهانە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێمە لە کاتێك دا رۆژی جیهانی منداڵان جێژن دەگرین کە دۆخی منداڵان نالەبارو ترسناکتر لە ساڵەکانی رابردووشە.

بە سەدان منداڵ کرێکاری کارخانە بچووك‌و گەورەکانن ئەویش لە نالەبارترین دۆخی کارو ئەمنیەت دا. رێژەی منداڵانی سەر شەقام هەر وا لە زیاد بوون دایە، نەداری‌و برسیتی، نەخۆشی‌و ئازاردانی جەستەیی برستی لێ بڕیون‌و ئیعتیادو قاچاغ‌و ساتوسەودای بازرگانی بە منداڵان وەك مۆتەکەریەك، سێبەری بەسەر منداڵان دا بڵاو کردۆتەوە.

وەزعی منداڵانی کورد لە کوردستان بەدەر لە منداڵانی جیهان نیەو بگرە نالەبارترو پتر جێی داخ‌و کەسەرە. ئێستاش منداڵانی کورد جگە لە باشووری کوردستان لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن. وێرای گەورەکانیان دەچەوسێنەوەو مافەکانیان ژێر پێ دەنرێ. هەر ئەوەی کە منداڵانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن لە خۆشی‌و شادمانیی جێژنەکانی تایبەت بە خۆیان بەهرەمەند بن، بەڵگەی ئەوەن کە چەندە منداڵانی کورد لە مافەکانیان بێگانەو دوور لە هەر چەشنە ژیانێکی شیاوو گونجای خۆیانن.

"دنیای منداڵان" بێدەنگیی لە بەرانبەر ژیانی پڕلە کەسەرو نالەباری منداڵان بەتایبەت منداڵانی کورد بە تاوان دەزانێ‌و هەر چەشنە بێ‌مافی‌و توندوتیژی‌یەك دەرهەق بە منداڵان بە پەڵەی شوورەیی بە تەوێڵی مرۆڤایەتی‌یەوەی دەبینێ. "دنیای منداڵان" خوازیاری ژیانێکی شایان‌و شیاو بۆ منداڵان بەبێ هیچ جیاوازی‌و هەڵاواردنێکە.

خۆشەویستان!

ئەمڕۆ لە جێژنی رۆژی جیهانی منداڵان دا، جێژنی ٥ساڵەی دنیای منداڵانیش دەگرین. ٥ساڵ لەوەپێش‌و راست بەم بۆنەیەوە بووینە میوانی منداڵانی کوردستان‌و بەڵێنمان پێ‌دان بەپێی ئیمکان‌و توانا لە خزمەتیان دابین.

ئێستاش بە خۆمان دەنازین کە لەو ماوەیەدا توانیومانە بەدەر کردنی ٦٠ ژمارەی "دنیای منداڵان"و بەرێوەبردنی سێ فیستیڤاڵی هەمە رەنگی ساڵانە، فیستیڤاڵەکانی وەرزشی‌و نیوەی ساڵ، کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆرو کۆڕە شێعرو بەپێی ئیمکان ئاوڕێکمان دابێتەوەو بزەیەکمان خستبێتە سەر لێوانیان.

هەر لەم جێژنی دوو جێژنەش دا لەگەڵ منداڵانی کوردستان بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە هەروا جێی متمانەو هاوڕێی هاوسۆزیان بین.

منداڵانی خۆشەویست!

**لێتان پیرۆز بێ رۆژی خۆتان.**

**بە هیوای شادی‌و بەختەوەری‌و تابلۆی هەرمانی پێکەنین‌و قاقاتان.**

## پێناسەی "جیهانی سێهەم"!



پۆل دوا کاتەکانی سەعاتی خوێندنی تێپەڕ دەکرد کە خوێندکارێکی نوروێژیی دەورەی دوکتورا، پرسیارێکی هێنایە گۆڕێ: مامۆستا! ئێوە کە لە جیهانی سێهەمەوە هاتوون پێم نالێی جیهانی سێهەم کوێیە؟ بەتەنیا چەند چرتکەی بۆ تەواو بوونی کاتی وانە خوێندن مابوو. من لە وڵام دا دەمودەست شتێکم گوت کە تا دێ رۆژ بەرۆژ زیاتر بڕوای پێ‌دێنم. بەو خوێندکارەم گوت: جیهانی سێهەم ئەو جێگایەیە کە هەر کەس بیهەوێ وڵاتەکەی ئاوەدان بکاتەوە، ماڵی خۆی خراپ دەبێ‌و، هەر کەس بیهەوێ ماڵی خۆی ئاوەدان بێ، دەبێ بۆ وێرانیی مەملەکەتەکەی هەوڵ بدا.

**پرۆفیسور مەحموود حیسابی**

## فستیڤاڵێکی تایبەت بە منداڵان لە هەولێر



گرووپی هەڵپەڕکێی "هەنار"

سەر لە بەیانیی رۆژی ٦/١/ ٢٠٠٧ لە ئەنتیکەخانەی هەولێر، رێورەسمی کرانەوەی یەکەمین فستیڤاڵی جیهانیی منداڵان لە کوردستان، بە بەشداریی ١٥٠ منداڵی بەهرەمەندی کوردو غەیری کورد بەرێوە چوو.

یەکەمین بڕگەی فستیڤاڵەکە بە مارشێك لەلایەن گرووپی زەیتوونەوە دەستی پێ‌کرد. بڕگەی دووهەم، نمایشی وەرزشی تەکواندۆ بوو کە لەلایەن گرووپی زەیتوونەوە بەرێوەچوو. بڕگەی سێهەم نمایشی هەڵپەرکێیەکی هێمایی‌و فۆلکلۆریی کۆریا بوو کە لەلایەن گرووپی زەیتوونەوە بەڕێوەچوو.

شایانی باسە ئەم فستیڤاڵە یەکەمین فستیڤاڵی جیهانیی منداڵانە کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێ.

ئەو چالاکییانەی کە منداڵان لە سەرتاسەری کوردستان‌و عێراق‌و چەند وڵاتی بیانی دیکەشەوە بەشدارییان تێداکردوە، بریتین لە پێشانگای شێوەکاری، فۆتۆگراف‌و کۆلارە، ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی، نمایشی فیلم، ئۆپەرێت‌و شانۆگەری. دوایین بڕگەی چالاکییەکانی ئەم فستیڤاڵە دابەشکردنی خەلات بەسەر سەرکەوتووانی فستیڤاڵەکەیە. گرووپی هەڵپەرکێی "هەنار" کە لە منداڵانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هاتوەو لە سەر بانگهێشتی بەڕێوەبەری فستیڤاڵەکە، لەم فستیڤاڵە جیهانی‌یەدا بەشدارە.

ماڵپەڕی: خۆرهەڵات نیوز

## لیستەی سەروەری ( ٥ )

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێری‌و دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەرێزانە هەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەرێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە روونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسین‌و تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێ‌دەکەین.

٢ـ ئەوانەی پووڵی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ هـ.م نەوەد هەزار ( ٩٠/٠٠٠) تمەن

٢ـ د. ب. و چل‌و پێنج هەزار (٤٥/٠٠٠) تمەن

٣ـ  س. هـ. ئا دووسەدو هەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠) تمەن

٤ـ م.م.ق سەدو هەشتا هەزار (١٨٠/٠٠٠) تمەن

٥ـ ش.م.س سەدوسێ هەزار (١٠٣/٠٠٠) تمەن

٦ـ ئا. ژ.خ چوار میلیۆن‌و پێنسەد هەزار (٤/٥٠٠٠٠٠) تمەن

٧ـ ر.خ.ع نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن

٨ـ ع.خ.ع سێ‌سەدو شەست هەزار (٣٦٠/٠٠٠) تمەن

٩ـ ك.ئا.ح نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن

١٠ـ ش.ك.ی میلیۆنێك‌و هەشتسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن

١١ـ ك.خ.غ چوارسەدو پەنجا هەزار  (٤٥٠/٠٠٠) تمەن

١٢ـ د.ئـ.ع پێنسەدو چل هەزار (٥٤٠/٠٠٠) تمەن

١٣ـ ن.ئـ. ك شەشسەدو سی هەزار (٦٣٠/٠٠٠) تمەن

١٤ـ م.ك .د یەك میلیۆن‌و هەشت سەد هەزار (١٨٠٠/٠٠٠)

١٥ـ ی. س. ك نەوەد هەزار (٩٠/٠٠٠) تمەن

## مرواریی دەریای وشە

ئەگەر دەتەوێ پێش بینیی داهاتوو بکەی، بچوو رابردوو بخوێنەوە. (کۆنفۆسیوس)

[لەم دنیایەدا] تاقە شتێکی باش هەیە، ئەویش زانستە. تەنیا یەك شتی خراپیش هەیە، ئەویش نەزانی‌یە. (سوقرات)

تەنیا پاڵپشتی زانست، هەر حەقیقەت نیە، بەڵکوو هەڵەکانیش پاڵپشتی زانستن. (گۆتە)

هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست، یەکەمین‌و تاقانە کۆڵەکەی بەرزی‌یە. (ئەسپینوزا)

مایەی مەزنی، بەبێ ئیرادەی مەزنبوون پێك نایە. (باڵزاك)